# ئایا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا ڕێگەچارە هەیە؟



کازم حەبیب
تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی

بەم دواییە راگەیەندرا کە شاندێکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەردانی بەغدا دەکات بۆ چاوپێکەوتن لەگەڵ شاندێکی حکومەتی فیدڕاڵی عێراقی بە سەرۆکایەتی حەیدەر عیبادی بۆ گفتوگۆکردن لەسەر کۆمەڵێك لە کێشە هەڵپەسێردراوەکانی چەند ساڵەی نێوانیان کە چارەسەرنەکردنیان بە شێوەیەکی واقعی و تەندروست بۆ هۆی ئاڵۆزبوونی ئەم پەیوەندییانە و تێکەڵبوونیان و کاریگەری سلبی بەسەر تەواوی بارودۆخیی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی عێراقدا هەبوو، بەڵام بەشێوەیەکی تایبەت بەسەر بارودۆخی کۆمەڵگەی عێراقی و بەشێوەیەکی تایبەتتر بەسەر بارودۆخی بژێوی گەلی هەرێم، کەواتە ئەم گرفتە هەڵپەسێردراوانە چین و ئایا چارەسەر دەکرێن؟

لە جیهاندا و لە چەند دەیەی رابردوودا چەندین بیردۆزی پەیدابوون و پەیمانگەی توێژینەوەی زانستی پسپۆڕ دامەزران لە دیراسەتکردنی کێشە هەڵپسێردراوەکان لەسەر یەك وڵات، یان دوو دەوڵەت، یان لەسەر ئاستی هەرێمەکان، یان لەسەر ئاستی جیهانی، بە سوودوەرگرتن لە ئەزموونی گەلان.

بە تێپەڕبوونی سەدە و دەیەکانی رابردوو، چارەسەرە کۆنەکان شێوازی خوێنڕشتن و جەنگی وێرانکاری بەخۆیەوە بینیوە، چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان دەوڵەتانیش تەنیا ئاڵۆزبوون و زەحمەتتر بوونی کێشەکان و مردن و کاولکاری بەرفراوانتری لێکەوتەوە، بەڵام شێوازی دیکەشی هەبوو کە خۆی لە حیکمەت و عەقڵانییەت و گەیشتن بە چارەسەر لە ڕێگەی دانوستاندن دەدات، بۆ گەیشتن بە چارەسەری کرداری

بۆ کێشەکان و لە بەرژەوەندی لایەنە ناکۆکەکان تەنانەت ئەوانەی لە ململانێشدا بوون، سوودیان دانوستان وەرگرتووە. ئەزموونی ساڵانی نیوەی دووەمی سەدەی بیست تاکو ئێستا بوونی ئەم دوو شێوازە دووپات دەکەنەوە لە چارەسەرکردنی ئەو گرفتانەی بوونیان هەیە لە یەك دەوڵەت، یان لە نێوان دوو دەوڵەتی دراوسێ، یان زیاتر، ئەزموونەکانی رابردوو ئەوەشیان سەلماند کە تەنیا گەلان باجی شەڕەکان دەدەن لە مردن و ماڵوێرانی و ئاڵۆزبوونی زیاتری گرفتەکان، بە پێچەوانەوە گەلان سوود لە چارەسەری ئاشتییانە و دیموکراتی دەبینن، بەتایبەتیش ئەزموونەکانی عێراق ئەمەمان بە باشی بۆ دەسەلمێنن.

دیراسەتەکانی زانستی بیردۆزی و پراکتیکی لە چارەسەرکردنی گرفتەکان ئەوە دەسەلمێنن کە هیچ گرفتێك لە جیهانی هاوچەرخماندا نییە کە بە رێگەی گفتوگۆ و پشتبەستن بە شێوازی ئاشتییانە و دیموکراسی و ئامادەبوون بۆ سازش بە رەزامەندی هەردوو لا، یان لایەنەکانی ململانێ چارەسەر نەکرێ، هەروەها شێوازی توندوتیژی و جەنگ گرفتەکان چارەسەر ناکەن، بەڵکو ئاڵۆزتر و تێکهەڵکێشتر و زەحمەتتری دەکەن.

واقیعی عێراق لە رۆژی دامەزراندنیی عێراقی مەلەکییەوە تا ئێستا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە زۆر لە ناکۆکی و جیاوازی و ململانێ و راپەڕین و شۆڕش و کودەتاکان، سەرەڕای جەنگە ناوخۆیی و دەرەکییەکان کە روویانداوە، بەهۆی پشتبەستنی حکومەتە یەك لە دوایەکەکانی عێراق بووە بە شێوازەکانی هێز و توندوتیژی بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتانەی رووبەڕووی بوونەتەوە، هەمیشە لە هەمووشیاندا سەرکەوتوو نەبوون.

ئەم وتارەم تایبەت دەکەم بە پەیوەندیی نێوان گەلی کورد و حزبە سیاسییەکانی و سەرکردایەتییەکەی و لە نێوان سیستمە سیاسییەکان و حکومەتە یەك لە دوایەکەکانی عێراق و تیشك دەخەمە ئەم سەردەمەی ئێستا.

هیچ کاتێك گەلی کورد هۆکاری وروژاندنی ئەو گرفتانە نەبووە کە لەگەڵ حکومەتە یەك لە دوایەکەکانی عێراق سەریانهەڵدا و گەورە بوون، بەڵکو حکومەتە یەك لە دوا یەکەکان هۆکار بوون لە سەرهەڵدانی ئەم گرفتانە، دواتریش ئەو دەرەنجامانە نەرێنییانەی لێکەوتەوە. هۆکارەکەشی بۆ دوو مەسەلەی سەرەکی دەگەڕێتەوە کە پێویستە بە جددی چارەسەر بکرێن لە ئێستادا، چونکە هەمیشە و ئێستاش هۆکاری نەبوونی متمانە و درووستبوونی ناکۆکی و ململانێ لە نێوان گەلی کورد و سەرکردایەتییەکەی لەلایەك و حکومەتە یەك لە دوایەکەکانی عێراقیش لەلایەکی دیکەوە، پرسەکانی: سیاسی- کۆمەڵایەتی و مەسەلەی ئابووری- ئیداری بوون.

### ● پرسە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان

پرسی سیاسی – کۆمەڵایەتی گرفتی سەرەکییە لە پەیوەندیی نێوان حکومەتە یەك لە دوا یەکەکانی عێراق و گەلی کورد و سەرکردایەتییەکەی لە ماوەی رابردوودا کە پشتگوێخستنی کرداریی لە رووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی لێکەوتەوە بە دەرهاوێشتە دەروونییەکانەوە کە کچ و کوڕانی گەلی کورد بەرگەی ناگرن، ئەم کارەش جیاوازی و چەوسانەوەی گەلی کوردی لێکەوتەوە لە بواری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیدا، جا ئەمە لە پرۆسەی گەشەپێدان و بەرهەمهێنان بێت، یان لە بواری خوێندن و ژیانی رۆشنبیری و دامەزراندنی کۆلێژ و زانکۆکان بێت لە هەرێم، یان لە دامەزراندن لە سلکی دبلۆماسی و وەزارەتە جیاجیاکان، یان لە هێزە چەکدارەکان و وەرگرتن لە کۆلێژە سەربازییەکان و نێردەکان و .. هتد، بە هەمان شێوە لە دواکەوتنی کۆمەڵایەتی کە گەلی کورد بۆ چەندین دەیە بە هۆی سیاسەتەکانی ئەم حکومەتانە بە دەستییەوە ناڵاندوویەتی.

ئێمە شایەدین لەسەر ئەم راستییە: هەرکە گەلی کورد و سەرکردایەتییە سیاسییەکەی داوای مافی رەوا و دادپەروەرانەی خۆیان کردووە کە لە پرەنسیپەکانی شەرعیەت و لە جاڕدانی جیهانی مافەکانی مرۆڤ و پرەنسیپە گشتییەکانی مافەکانی گەلاندا هاتووە، لەوانەش مافی ئازادی و دیموکراسیەت لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆی، سیستمە سیاسییەکان و حکومەتەکانیان لە جیاتی ئەوەی بەپیر داخوازییەکانیانە بچن، هەڵمەتێکی دڕندانەیان دەکردە سەریان بە ئامانجی لەکەدارکردنی ناوبانگ و ئامانجەکانی ئەو خەباتەی کە گەلی کورد ئەنجامی دەدا، دواتر هێرشی سەربازیی و جەنگیان لە دژیان بەرپا دەکرد، هەر توێژەرێکی زانستی دەتوانێ چاودێری پەرەسەندنی شێوازی دوژمنکارانە لە سیاسەتی حکومەتە یەك لە دوا یەکەکانی عێراق بکات، لە سییەکانی سەدەی رابردوو بە کارەساتی ١٩٧٥ و تاوانەکانی کۆمەڵکوژی لە پرۆسەکانی ئەنفال و لە راپەرینی ١٩٩١، تاکو رووخانی رژێمی دیکتاتۆری لە ٢٠٠٣ ئینجا سیاسەتەکانی هەرسێ حکومەتی یەك لە دوا یەکی جەعفەری و مالیکی دەبینین لە نێوان ٢٠٠٥-٢٠١٤ دا.

حکومەتەکانی عێراق لەو ساڵانەدا شێوازێکی شۆڤینیی هەڵە و مەترسیدار و دژی نەتەوەکانی دیکەی عێراق و دژی ئازادی و شوناسی فەرهەنگییان پیادە کرد،

**حکومەتی فیدراڵ نەگەیشتۆتە ئاستی بەرپرسیارێتیی ئابووری و دارایی کە یارمەتی بدات و بتوانێت ئەو کێشە داراییانە بە گیانێکی ئیجابی و ژیرانە و دوور لە ململانێ و بە پێی دەستوور چارەسەربکات**

**حکومەتی نوێی عێراق پێویستی بە پیادەکردنی سیاسەتێکی نوێیە بە عەقڵییەتێکی نوێ بۆ ئەوەی بتوانێت ئەوەی تا ئێستا وێرانکراوە، راستی بکاتەوە نەک تەنیا لەگەڵ هەرێم، بەڵکو لەگەڵ چەند پارێزگایەکی تریش کە کەوتنی موسڵ و بەشێکی گەورەی ئەنباری لێکەوتەوە بە دەست چەتەکانی داعش و نزیکبوونەوەیان لە بەغدای پایتەخت**

**چارەسەرکردنی کێشە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و دیمۆگرافی و ئیدارییە هەڵپەسێردراوەکان، پێویستی بە حیکمەت و دیدگایەکی واقیعی و دوور لە دیدگای شۆڤێنی هەیە**

**یەکسانی لە مامەڵەکردن لەسەر بنەمای هاووڵاتی بوون لەنێوان هەردوو گەلی کورد و عەرەب و نەتەوەکانی دیکە، تاکە رێگەیە بۆ بونیادنانی عێراقێکی مەدەنی**

**ئەگەر حکومەتی نوێی عێراق پەیوەندییەکی باش و پێشکەوتووی پەرەسەندووی دەوێ لە بەرژەوەندیی عێراق و نەتەوە جیاجیاکانی، پێویستە بە هەموو شێوەیەك واز لە سیاسەتی پەراوێزخستن و تۆمەتبار کردن و بەکارهێنانی هێز وتوندوتیژی بهێنێت بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کە لەگەڵ حکومەتی هەرێمدا هەیەتی**

**هەمیشە و ئێستاش هۆکاری نەبوونی متمانە و درووستبوونی ناکۆکی و ململانێ لە نێوان گەلی کورد و سەرکردایەتییەکەی لەلایەک و حکومەتە یەک لە دوایەکەکانی عێراقیش لەلایەکی دیکەوە، پرسەکانی: سیاسی- کۆمەڵایەتی و مەسەلەی ئابووری- ئیداری بوون**

ئەمەش خۆی لە سیاسەتەکانی تەعریب و تواندنەوەی نەتەوەیی کوردی و لەناوبردنی نەژاد و ئەشکەنجەی جەستەیی و گۆڕینی دیمۆگرافیادا خۆی دەبینییەوە کە دژی کورد بەکارهات، بەتایبەتی لە ماوەی دەسەڵاتداریێتی نەتەوەپەرست و بەعسییەکانی عێراقدا لە شەستەکانی سەدەی رابردوو، دواتریش زیاتر پەرەی سەند، کە پێویستە رەت بکرێتەوە و رووبەڕووی ببینەوە و بۆ هەتا هەتایە لێی دوور کەوینەوە.

ئەگەر حکومەتی نوێی عێراق پەیوەندییەکی باش و پێشکەوتووی پەرەسەندووی دەوێ لە بەرژەوەندیی عێراق و نەتەوە جیاجیاکانی، پێویستە بە هەموو شێوەیەك واز لە سیاسەتی پەراوێزخستن و تۆمەتبار کردن و بەکارهێنانی هێز وتوندوتیژی بهێنێت بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کە لەگەڵ حکومەتی هەرێمدا هەیەتی.

یەکسانی لە مامەڵەکردن لەسەر بنەمای هاووڵاتی بوون لەنێوان هەردوو گەلی کورد و عەرەب و نەتەوەکانی دیکە، تاکە رێگەیە بۆ بونیادنانی عێراقێکی مەدەنی و دیموکراتی ئیتیحادی و بونیادنانی پەیوەندییەك لەسەر بنەمای رێزگرتن لە یەکتری و یەکێتی نیشتمانی، ئەمەش خۆی لە خۆیدا پێویستی بە داننانە بەوەی کە گەلی کورد چارەنووسی خۆی دیاری بکات، چونکە سەلمێندراوە رەتکردنەوەی سەرنەکەوتنە، هەروەها پێویستە چیتر بە چاوی بەرزتر سەیری گەلی کورد نەکرێت، وەك ئەوەی سەرکردەکانی پێشوو ئەمەیان کرد کە خزمەت بە هیچ کەسێك ناگەیەنێت، بەڵکو رەنگدانەوەی تێڕوانینی شۆڤینیەتی ئەو کەسانەیە کە پیادەی دەکەن.

## ● پرسی ئابووری و ئیداری

پرسی ئابووری و ئیداری گرفتی دووەمە کە پێویستە دیدی سیاسی وشیار و بەرپرس بەرامبەر بە گەلی کورد بیگۆڕێ، چونکە بەبێ چارەسەری سیاسی ئەم گرفتە چارەسەر ناکرێ و هەردووکیان رووی یەك دراون، حکومەتە یەك لە دوا یەکەکانی عێراق بۆ چەندین دەیە بەدیهێنانی گەشەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کەلتوورییان لە عێراق بەگشتی پەراوێز خست، بە شێوەیەکی تایبەت لە چەند ناوچەیەکی دیاریکراوی عێراق لەوانەش هەرێمی کوردستان و زۆر لە قەزا و پارێزگاکانی دیکە لە سەردەمی پادشاییی دواتریش لەسەردەمی کۆماری، چونکە سەرەڕای بەرهەمی نەوتی کەرکووك و بوونی نەوت لە ناوچەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان، بەڵام گەلی کورد بێبەش کرا لە سەروەتی نەوتی خۆی و ئاراستەکردنی بەشێکی گرنگ لەم سەروەتە نەوتییە بۆ مەبەستی پەرەپێدانی نیشتمانی لە هەرێم، بێگومان هەندێك پارێزگای دیکەش بەدەست ئەم پەراوێزخستن و پتشگوێخستنە ئابوورییەوە دەیاننالاند.

ئەوەی بە وردی چاودێری واقعی ئابووریی کوردستانی کردبێت لە ماوەی رابردوودا، واتە لە ساڵی ١٩٣٣ تاکو پێکهێنانی حکومەتی فیدراڵی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢، هەست بە بوونی وێرانەیەکی راستەقینە و هەژاری و بێکارییەکی بەرفراوان دەکات، لە لایەکی دیکەوە رژێمە چەوسێنەرەکان گۆڕانکاریی گەورەیان لە دابەشکردنی ئیداریی پارێزگاکان ئەنجامدا و ئەوەی بە ناوی لیوا بوو لە سەردەمی پادشایەتی و سەردەمی یەکەمی کۆماری تا ساڵی ١٩٦٢ گۆڕییان، ئەم گۆڕانکارییە پشتی بە ئایدیۆلۆژیای رەگەزپەرستی و گۆڕینی دیمۆگرافی دژی هەرێمی کوردستانی عێراق بەست، کە بەراوردکردنی لەگەڵ ئەو کتێبەی دەربارەی دابەشکردنە ئیدارییەکان دەرچوو لە ١٤ی تەمموزی ساڵی ١٩٦٢ و لە سەردەمی کۆماری و ئەو گۆڕانکارییانەی لەو دابەشکردنانەدا هاتنەئاراوە لە سەردەمی دەسەڵاتی نەتەوەپەرستەکان و بەعسییەکان لە نێوان ساڵانی ١٩٦٣-٢٠٠٣. گرفتی ئابوورییش پەیوەستە بە گرفتەکانی گۆڕینی ئیداری و جوگرافی و دیمۆگرافی و لە دوای رووخانی رژێم کە بە (ناوچە کێشە لەسەرەکان) دەناسرێنەوە، کە لە راستیدا پێویستی بەوە نەدەکرد، زۆربەیان کێشەیان لەسەر بێت بەر لە ئەنجامدانی ئەو گۆڕانکارییانە.

ئەوەی لە دە ساڵی رابردوودا روویدا دژی حیکمەت و عەقڵانییەت و دیدی واقیعبینانە بوو بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کە هەن و فەراهەمکردنی متمانەی بەرامبەر، بەپێچەوانەوە بەتایبەتی لە سەردەمی دەسەڵاتی چەوسێنەری نوری مالیکی و راوێژکارەکانی، بۆیە دووپاتی دەکەینەوە کە حکومەتی نوێی عێراق پێویستی بە پیادەکردنی سیاسەتێکی نوێیە بە عەقڵییەتێکی نوێ بۆ ئەوەی بتوانێت ئەوەی تا ئێستا وێرانکراوە، راستی بکاتەوە نەك تەنیا لەگەڵ هەرێم، بەڵکو لەگەڵ چەند پارێزگایەکی تریش کە کەوتنی موسڵ و بەشێکی گەورەی ئەنباری لێکەوتەوە بە دەست چەتەکانی داعش و نزیکبوونەوەیان لە بەغدای پایتەخت، بۆیە چارەسەرکردنی کێشە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و دیمۆگرافی و ئیدارییە هەڵپەسێردراوەکان، پێویستی بە حیکمەت و دیدگایەکی واقیعی و دوور لە دیدگای شۆڤێنی هەیە.

ئەمڕۆ ئەم کێشانە لەبەردەم هەردوو حکومەتی فیدراڵی و هەرێمدا هەن کە پێویستە چارەسەر بکرێن:

● کێشـــەی یاساکان کە پێویستە پەیوەندیی دروست لە نێوان حکومەتی ناوەند و حکومەتی هەرێم بێنێتە کایەوە لەبەر رۆشـــنایی دەستووری عێراق و لەگۆڕنانی دیدو بۆچوونی جیاخوازیی دژی کورد، یان نەتەوەکانی دیکە، بەڵام دەبینین سێ حکومەتی یەك لەدوای یەك هەوڵی ئەم خاڵەیان دا، بەڵام دوور لە دەســـتوور رەفتاریان کرد، کە ئەمەش کەلێن و بۆشایی لە پیادەکردنی دەستووردا هێنایە ئاراوە.

● کێشـــەی کەرکووك و ناوچە ناکۆکی لەســـەرەکان و چارەســـەرکردنی بە پێی ماددەی ١٤٠ی دەســـتووری عێراق کە چەندین ســـاڵە دواخراوە، کە دەبوایە نۆ ساڵ لەمەوبەر چارەسەر بکرایە، بەڵام هەمان ئەو حکومەتانە پشـــتگوێیان خســـت، کە ئەمەش بووە هـــۆی زیاتر سەرهەڵدانی کێشـــە لە کەرکووك و ناوچەکانی دیکە. هەروەها بووە هۆی تێکچوونـــی پەیوەندییەکانی نێوان هـــەردوو حکومەت، بۆیە ئێســـتا وادەخوازێت کاتێکی دیاریکراو دابنرێت بۆ چارەســـەرکردنی ئەو کێشەیە کە لە ساڵێك زیاتر نەبێت، ئەویش دوای نەمانی مەترسیی چەتەکانی داعش بۆ چارەســـەرکردنی بە پێی ماددەی ١٤٠ی دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ی عێراق.

● کێشـــەی نەوت و گرێبەســـت و بەرهەمهێنان و بە بازاڕکردن، دەســـتوور جەختی لەوە کردۆتەوە کە نەوتی عێراق موڵکی هەموو عێراقییەکانە، ئەمە زۆر راستە، بـــەڵام چۆن مامەڵـــە لەگەڵ ئەم دەقـــە دەکرێت، لە ســـەردەمی مالیکی هەردوو حکومەت رێککەوتن کە یاســـای نەوتی عێراقی دەربچێت، بـــەڵام حکومەتی فیدراڵ بە بیانووی هەبوونـــی جیاوازیی بیروبۆچوون دوای خســـت و نەیدایـــە پەرلەمـــان، ئەمەش وای لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد یەکلایەنە گرێبەستی گەڕان بەدوای نـــەوت و دەرهێنانی مۆر بکات، بۆیە دەبینین وەزیری پێشووی نەوت هەڵمەتێکی تێکدەرانەی لـــە میدیاکان بەرپاکرد کە بووە هۆی زیاتر ئاڵۆزبوونی کێشـــەو پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو حکومەت. من پێموایە ئەو کێشـــەیە چارەسەردەبێت، بەوەی کە هەرێم سەرچاوە بەراییەکانی خۆی بخاتەگەڕ، لەوانەش نەوت و یەکســـەر داهاتەکە بخرێتە گەنجینەی دەوڵەتەوە کە بەپێی دەســـتوور و رێککەوتنی نێوان هەردوو حکومەت دابەش بکرێت، بەمەرجێ حکومەتی فیدراڵ پابەندبێت بە پێدانی پشـــکی هەرێم لە بودجەی گشتیی عێراق بێ هیچ تەگەرەو ئاســـتەنگێك، بەڵام هەر لەسەرەتاوە حکومەتی عێراق خەریکی کێشـــە دروســـتکردن بوو، هۆکاری ســـەرەکیش نوری مالیکیی سەرۆك وەزیرانی پێشوو بوو.

* کێشەی بودجەی گشتی و پشکی هەرێم و رێژەکەی لەو بودجەیە، هەروەها ئەوەی کە پەیوەســـتە بە گرفتی مووچەی هێزەکانی پێشـــمەرگە بەوەی کە بەشێکن لە هێـــزی چەکداریی عێراق، هەروەهـــا راگرتنی ناردنی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم وەك ســـزایەکی ناڕەوا لەلایەن مالیکی و راوێژکارو دەســـت و پێوەندەکانییەوە، من وای بۆ دەچم کە حکومەتی فیدراڵ نەگەیشتۆتە ئاستی بەرپرسیارێتیی ئابووری و دارایی کە یارمەتی بـــدات و بتوانێت ئەو کێشـــە داراییانە بـــە گیانێکی ئیجابی و ژیرانە و دوور لە ململانێ و بە پێی دەستوور چارەسەربکات، پێویستە بودجە بەر لە چەند مانگێکی ساڵی تازەی دارایی بخرێتە بەردەم پەرلەمانی عێراقەوە کـــە بۆ چەند ســـاڵێك دەچێت ئەمە لـــە عێراق رووی نەداوە، ئەو حکومەتە لە پێدانی مووچەی پێشـــمەرگە خۆی دەدزییەوە بە پاســـاوی ئەوەی کە گوایە لە ژێر دەســـەڵاتی وەزارەتی بەرگریدا نییە، دیارە پاساویش بۆ ئـــەوە مێژووە، کە گەلی کـــورد ناتوانێت بە بڕوایەکی بەرزەوە مامەڵە لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ و ســـوپای عێراقدا بکات، ئەوەیە کە ئەو سوپایە دژی گەلی کورد وەستاونەتەوە و کارەساتیان بەسەر کوردان هێناوە، نوری مالیکی راســـتیی ئەمەی ســـەلماند کە کورد ترسی ئـــەوەی لە حکومەتی فیـــدراڵ هەیە کاتێ بۆ جاری دەیـــەم هەوڵی دا ســـوپاکەی دژی کورد بەکار بێنێت. بۆیە پێویستە مووچەی پێشمەرگە بدرێت، بەڵام لە هێڵە گشتییەکەیدا لە ژێر سەرکردایەتی حکومەتی هەرێمی کوردســـتاندا بمێنێتەوە، ئێمە بینیمان کە بەهۆی پرسی نەوت مالیکی فەرمانی دا کە مووچەی فەرمانبەر و خانەنشـــینانی هەرێم نەدرێت، وەك سزایەکی بەکۆمەڵ کـــە ئەمە لە نەریتی نێودەوڵەتیـــدا قەدەغەیە، چونکە دژی سەرجەم خەڵکی کوردستانە.

ئەمەیە دیارترین کێشـــەکانی نێوان حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێمی کوردســـتان، ئەم کێشانەش تەنیا بە گەڕانـــەوەی متمانەی نێوانیان چارەســـەردەکرێت، دیارە ئەمەش پێویســـتی بە دانوســـتاندن و گفتوگۆ و دوورکەوتنەوە لە هەوڵی پەراوێزخستنی سەرۆکایەتیی حکومەتی هەرێمی کوردســـتان لە کاروباری عێراقدا هەیە، هەروەها پێویســـتی بە رێکخســـتنەوەی ژیانی سیاســـی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و رۆشـــنبیری و پابەندبوون بە پرەنسیبی هاووڵاتیبوونی ئازاد و یەکسان و ئەنجامدانی وتووێژی ئاشتییانە و دیموکراسییانە بە نەرمونیانیی بـــەرزەوە هەیە کە لە بەرژەوەندیی هەموو خەڵکـــدا بێت لە عێراقێکی مەدەنی و دیموکراســـی و فیدراڵیدا.

■ **هیچ کاتێک گەلی کورد هۆکاری وروژاندنی ئەو گرفتانە نەبووە کە لەگەڵ حکومەتە یەک لە دوایەکەکانی عێراق سەریانهەڵدا و گەورە بوون**

■ **دیراسەتەکانی زانستی بیردۆزی و پراکتیکی لە چارەسەرکردنی گرفتەکان ئەوە دەسەلمێنن کە هیچ گرفتێک لە جیهانی هاوچەرخماندا نییە کە بە رێگەی گفتوگۆ و پشتبەستن بە شێوازی ئاشتییانە و دیموکراسی و ئامادەبوون بۆ سازش بە رەزامەندی هەردوو لا، یان لایەنەکانی ململانێ چارەسەر نەکرێ**

■ **بە تێپەڕبوونی سەدە و دەیەکانی رابردوو، چارەسەرە کۆنەکان شێوازی خوێنڕشتن و جەنگی وێرانکاری بەخۆیەوە بینیوە، چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان دەوڵەتانیش تەنیا ئاڵۆزبوون و زەحمەتتر بوونی کێشەکان و مردن و کاولکاری بەرفراوانتری لێکەوتەوە، بەڵام شێوازی دیکەشی هەبوو کە خۆی لە حیکمەت و عەقڵانییەت و گەیشتن بە چارەسەر لە رێگەی دانوستاندن دەدات**



# سەنگەری پێشمەرگە

## ستراتیژیەتی هاوپەیمانی دژی داعش دیاری دەکات

### عێراقی یەکپارچە
### لە ستراتیژیەتی سەربازی کاری لەسەر ناکرێت



«لە ئێستادا ئومێدێکی زۆر کەم هەیە بتوانرێت یەکپارچەیی عێراق بگێڕێتەوە. عێراق لەبەریەک هەڵوەشاوە بۆ سێ بەشی سرووشتی و مێژوویی، شیعەکان کە زۆرینەی ڕەهان لە باشوورەوە هەڵکشاون بۆ بەغدا، سوننەکان لە ناوەڕاست کە بۆ ماوەی سەدان ساڵ حوکمڕانی ئەو وڵاتەیان کردووە، ئێستا لەگەڵ دەوڵەتی توندڕۆیی ئیسلامی داعش تێکەڵ بوون، کوردەکانیش لە باکوورن، خاکی ئەم گەلە دێرینەش بەردەوام داگیرکراو بووە. هەر یەک لەم پێکهاتانە و هەریەکەیان بەپێی میتۆد و ڕێگەی تایبەت بە خۆیان لە پێناوی مانەوەدا شەڕ دەکەن. ژمارەی ئەو دەوڵەت و کەسانەش زۆر کەمن کە لەسەر بنەمای بیرکردنەوەیەکی دروست (بە واشنتۆنیشەوە) بیر لەوە دەکەنەوە کە عێراق بە یەکگرتوویی بمێنێتەوە، یان هەموو تواناکان یەکبخرێن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستانی داعش.. هەربۆیە کورد و شیعە و سوننە بەهیچ شێوەیەک هەستێکی هاوبەشیان نییە سەبارەت بەو دەوڵەتەی پێی دەگوترێت: عێراقی یەکگرتوو.

لە ساڵی ٢٠٠٣ وتارێکم لە نیویۆرک تایمز بە ناونیشانی (چارەسەری سێ دەوڵەت بۆ کورد و سوننە و شیعە) بڵاوکردەوە، کە مەبەستم لەو تارەدا ئەوە نەبوو عێراق بە کردەیی دابەش بکرێت، بەڵکو مەبەستم سیستمێکی فیدراڵی بوو کە دەسەڵاتی حکومەتی فیدراڵی سنووردار بێت، دووساڵ لەوەدوا لەگەڵ سیناتۆر جۆزیف بایدن پێکەوە دوو سەروتارمان بۆ نیویۆرک تایمز نووسی، کە تیایدا جەخت لە سەر چارەسەری مودێلێکی فیدراڵی بۆ عێراق کرابۆوە، ئێستاش بارودۆخەکە لەبارە، لەبەر ئەوەی هەر سێ پێکهاتەکە تا ڕادەیەکی زۆر سەربەخۆیی خۆیان هەیە. ئەو ئەگەرەی لە ئێستا سەر هەڵدەدات، ئەوەیە کە ئەمریکا نەتوانێت ئەم چارەسەرە لە عێراقدا جێبەجێ بکات، بەڵام ئەمریکا دەتوانێت ئەم چارەسەرە بکاتە مەرجی پێشوەختە بەسەر لەلایەنەکانەوە و گرێی بداتەوە بە هاوکاریی سەربازی و ئابووری ئایندەوە بۆ ئەوەی بتوانن ئەم شێوازە جێبەجێ بکەن. ئەمە کارێکی زۆر قورسە، بەڵام بەردەوام پێویستی بە چاودێری هەیە، بێجگە لەم ڕێگەیە عێراق هەر لەبەریەک هەڵوەشاوە دەبێت و ناشتوانێت ببێتە فاکتەرێک بۆ سەقامگیری ئیقلیمی و تەنها دەبێتە سەرچاوەی کێشە و گرفت»



**لیسیلی گلب**
سەرۆکی فەخریی ئامۆژگای ئەنجوومەنی پەیوەندییەکانی دەرەوە
٢٠١٤/١٠/١٧

**● ئەو عێراقەی مالیکی تێکیدا بەهەموو جیهان راست ناکرێتەوە**

٢٦ مانگ پێش ئەوەی تیرۆریستانی داعش موسڵ داگیر بکەن، بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە ناو کۆشکی سپی بە باراك ئۆبامای سەرۆك و جۆزیف بایدنی جێگری سەرۆك و گەورەبەرپرسانی کۆشکی سپی راگەیاند، نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانی عێراق بە ئاراستەیەك حوکمرانی عێراق بەڕێوەدەبات کە وڵاتەکە بەرەو لێکهەڵوەشانەوە دەبات، لەم چوارچێوەیەدا سەرۆکی کوردستان بە سەرۆکی ئەمریکای راگەیاند، ئێمە وەك گەلی کوردستان نابینە بەشێك لەو سیاسەتە هەڵەیە و ئەگەر بەردەوام بێت، ئەوا ناچارم بۆ بڕیاری گەلی کوردستان بگەڕێمەوە.

هەر لە ساڵی ٢٠١٢ نید پارکەر بەڕێوەبەری نووسینگەی ئەو کاتی رۆژنامەی لۆس ئەنجلوس تایمز و بەرپرسی ئێستای نووسینگەی رۆیتەرز لە بەغدا، لیکۆڵینەوەیەکی لە گۆڤاری فۆرین ئەفێرز بە ناونیشانی (ئەو عێراقەی دوای خۆمان بەجێمانهێشت. جیهان پێشوازی لە دەوڵەتێکی فاشیل دەکات) بڵاو کردەوە، نید پارکەر لەم لیکۆلینەوەیەدا تەواوی ئەو زانیارییە وردانەی بڵاوکردۆتەوە کە لە ئاکامی لێکۆڵینەوە رۆژنامەوانییەکانی لە بەغدا و موسڵ دەستی کەوتوون، لەسەر بنەمای ئەم زانیارییە وردانە چاوپێکەوتنی لەگەڵ باڵیۆز و ستافی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە بەغدا کردووە، ئەو لەو کاتە ئاگاداری کردوونەتەوە کە نەك هەر عێراق بەرەو حوکمڕانیی دیکتاتۆری و تاکڕەوی دەڕوات، بەڵکو رۆژ لە دوای رۆژ هەموو دامەزراوەکانی دەوڵەتی عێراق لە بەریەك هەڵدەوەشێتەوە و دەبێتە دەوڵەتێك کە هیچ دامەرزاوەیەکی تیا نامێنێت تا بتوانێت کاروبارەکانی دەوڵەت هەڵبسوورێنێت.

لە حوزەیرانی ٢٠١٣ لەو کاتەی ئیدارەی ئۆباما چاوی لە هەڵەکانی مالیکی دەپۆشی و بەردەوام چەکی بۆ دەنارد بۆ ئەوەی بە زەبری هێز داخوازی سوننەکان دابمرکێنێتەوە و هێزی پێشمەرگەی کوردستان چاوترسێن بکات، ئەو لەو کاتەدا کەناڵی CNN ئەو پرسیارەی رووبەڕووی وەزیری دەرەوەی عێراق کردەوە کە: (ئایا عێراق بۆتە ئەو دەوڵەتەی دامەزراوەکانی لەبەریەك هەڵوەشابن؟) بەڕێز هۆشیار زێباری وەزیری دەرەوەی ئەو کاتی عێراق، بە شێوەیەکی دبلۆماتی وەڵامی CNی دایەوە و رایگەیاند: راستە ناسەقامگیری و ئاژاوە هەیە، بەڵام هێشتا عێراق نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی پێی بگوترێت ئەو دەوڵەتەی هەموو دامەزراوەکانی لەبەر یەك هەڵوەشاوە. بەڵام هەر ٢٤ کاتژمێر دوای ئەو پرسیارە، پرۆفیسۆر مایکل نایت بەڕێوەبەری دیراساتەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان لە ئامۆژگای واشنتۆن بۆ سیاسەتی رۆژهەڵاتی نزیك، زۆر راشکاوانە وەڵامی پرسیارەکەی CNNی دایەوە و لە وتارێکدا بە ناونیشانی: (بەڵێ عێراق ئەو دەوڵەتەیە کە دامەزراوەکانی لەبەریەك هەڵوەشاوە) ئەوەی ئاشکرا کرد، چیدیکە دامەزراوەکانی عێراق ناتوانن وەك دامەزراوەی دەوڵەت کاروبارەکان هەڵبسوورێنن.

لەسەرەتای مانگی کانوونی دووەمی ٢٠١٤ ئەمجارەیان گۆڤاری فۆرن ئەفێرز مێزگردێکی کراوەی ئۆن لاینی بە ناونیشانی (میدیا کاڵ) بۆ نید پارکەر و پرۆفیسۆر ماکس بوت بەڕێوەبەری دیراساتی ئاسایش و سەربازی لە ئامۆژگای ئەنجوومەنی پەیوەندییەکانی دەرەوە سازکرد، ئامانج لەم مێزگردە کراوەیە ئەبوو، هەم سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر عێراق هەڵبسەنگێنن، هەمیش ئاراستەی سیاسەتی حوکمڕانیی نوری مالیکی هەڵبەسەنگێنن، کە بەو سیاسەتەی عێراق بەرەو کوێ دەبات. لەم چوارچێوەیەدا پرۆفیسۆر ماکس بوت راشکاوانە پەنجەی خستە سەر برینەکە و گوتی: (ئەو دەسکەوتانەی لە ئاکامی زیادکردنی هێزی بە پەلە -SURGE — جۆرج دەبلیو بوش لە ٢٠٠٨ بەدەستی هێنا، سەرۆك ئۆباما دوای ساڵی ٢٠١١ و بە کشانەوەی هێزەکانی لە عێراق دۆڕاندی)، ئەمەش مانای ئەوەیە نەك هەر ئیدارەی سەرۆك ئۆباما ئاگاداری هەڵەکانی مالیکی بووە، بەڵکو چاوپۆشی گەورەشی لێ کردووە. نید پارکەر لەو مێزگردە ئاشکرای کرد، کە زۆر جار لەگەڵ باڵیۆز و ستافی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لەبەغدا دیداری کردووە، باڵیۆز و ستافی باڵیۆزخانەکە ئاگاداری هەموو وردەکاری ئەو هەڵانە بوون کە مالیکی لە حوکمڕانیدا ئەنجامی داون، لەمەش زیاتر پارکەر دەڵێت: لەلای من زۆر بە توندی سەرکۆنەی کارەکانی مالیکی یان دەکرد، بۆیە ئەو دەڵێت: پێموتن ئەی باشە بۆ بە فەرمی رەخنە ناگرن و گوشار ناخانە سەر حکومەتی مالیکی؟ لە وەڵامدا بیدەنگ دەبوون و ئاماژەیان بۆ ئەوە دەکرد، ئەوە سیاسەتی ئیدارەی ئەمریکایە.

**کورد و شیعە و سوننە بەهیچ شێوەیەک هەستێکی هاوبەشیان نییە سەبارەت بەو دەوڵەتەی پێی دەگوترێت: عێراقی یەکگرتوو**

**تەنها رێگە ئەوەیە کە بوار بە کوردستان بدرێت وەک سەنگەری پێشەوە دژی تیرۆریستان و چەمکی توندڕەوی لە ناوچەکەدا لەسەر پێی خۆی رابوەستێت، ئەم ئامانجە ئەگەر هەتا ئێستاش وەک خەونی هەر تاکێکی کورد سەیر کرابێت، ئەوا لە ئێستا بە دواوە دەبێتە ئامانجێکی ستراتیژی هەموو هاوپەیمانانی دژە تیرۆریستان بۆ ئەوەی سەنگەری ئازادی و پێگەی لێبوردەی و پێکەوە ژیان وەک چرایەک هەموو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست رووناک بکاتەوە**



ئەوەی جیهان دەیویست وەک ئامانج لە شەڕی دژی تیرۆریستان بە جیهانی رابگەیەنێت، لە دەنگی تفەنگی پێشمەرگەی کوردستانەوە گوێبیستی بوون

هەرێمی کوردستان تەنها ناوچەیە لە تەواوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لەبری ئەوەی کەوتبێتە ژێر کاریگەری چەمکی پێکدادانی شارستانییەتەکان، لە هەوڵی ئەوەدایە نەک بە دروشم، بەڵکو بە کردەوە دیالۆگ لە نێوان گەلان و ئایینە جیاوازەکان دروست بکات

هێزی پێشمەرگەی کوردستان سەلماندی تاکە هێزە لە ناوچەکە کە توانای رووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستانی داعشی هەیە، هەروەها ئەو هێزەیە کە دۆستی هەموو ئازادیخوازانی جیهانە و جیهان دەتوانێت لە شەڕی دژە تیرۆردا پشتی پێببەستێت

لەمەش زیاتر بۆ رێگەخۆشکردن بۆ ئەوەی مالیکی ببێتە دیکتاتۆر و بە زەبری هێز سەقامگیری لە عێراقدا دروست بکات، چاودێران ئاماژە بەوە دەکەن، ئەمریکا گلۆپیِ سەوزی بۆ مالیکی داگیرساند، بۆ ئەوەی چەك لە رووسیا بکرێت، هۆکاری سەرەکیش ئەوەبوو کە چەکی ئەمریکی پێدان و فرۆشتنی مەرجدارە و حکومەت ناتوانێت ئەو چەکانە بۆ کێشە ناوخۆییەکان و دژی پێکهاتەکانی ئەو دەوڵەتە بەکاربهێنێت، بەڵام چەکی رووسی ئەو مەرجەی لەسەر نییە و لە هەرکاتێکدا بێت حکومەت دەتوانێت بۆ مەبەستی تایبەتی خۆی بەکاری بهێنێت، هەروەك چۆن رژێمەکانی پێشووی عێراق هەموو چەکە رووسیەکانیان دژی شۆڕشی کوردستان بەکار دەهێنا.

کەواتە ئەم باکگراوەندە خێرایە ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکات، هەتا رۆژی ١٠ی حوزەیرانی ٢٠١٤ ئیدارەی ئەمریکی دیکتاتۆرێکی داپلۆسینەری وەك نوری مالیکی پێویست بووە بۆ ئەوەی هەرچۆنێك بێت عێراق بە یەکپارچەیی بهێڵێتەوە، لەمەش زیاتر ئەگەر کارەساتی موسڵ روونەدایە، ئەوا ئەمجارەش بە بیانووی ئەوەی نوری مالیکی یەکەمین دەنگی لە هەڵبژاردنەکانی ٣٠ نیساندا بەدەست هێناوە، ئەمریکا پشتگیری نوری مالیکی دەکردەوە بۆ ئەوەی بۆ خولی سێهەم خۆی کاندید بکاتەوە. بەڵام ئەوەی کارەساتی موسڵ بۆ جیهانی ئاشکرا کردو ئەمریکای تووشی حەپەسان کرد، ئەوە بوو:

١. سوپا و هێزەکانی ئاسایش و پۆلیسی عێراق



**لەگەڵ ئەوەی بەشێک لە عەرەبی سوننە بوونە دەلیل و هاریکاری داعش بۆ ئەو کارە نامەردانەیەی بەرامبەر ژن و کچانی ئێزدی کردیان، بەڵام هێشتا هیندەی ژمارەی دانیشتووانی کوردستان عەرەبی سوننە لە کوردستانن و پێشمەرگە دەیانپارێزێت، ئەمەش مانای ئەوەیە هێزی پێشمەرگەی کوردستان پارێزەری فرەیی و پێکەوەژیانی نێوان تەواوی نەتەوە و ئایینەکانە لە کوردستان و عێراقدا**

**هێزی پێشمەرگەی کوردستان خاوەنی مێژوویەکی پڕشانازییە بە درێژایی قۆناخەکانی شۆڕشی کوردستان دژی کاری ترسنۆکانە و تیرۆریستانە بووە و تەنانەت لەبەرامبەر ڕەفتاری تیرۆری دەوڵەتی حکومەتە یەک لەدوا یەکەکانی عێراقیش پەنای بۆ کاری تیرۆریستی نەبردووە**

کە ئەمریکا بە نوێترین چەك و بە باشترین ڕاوێژکار مەشــق و ڕاهێنانی پێکردبــوون، دەرکەوت ئەوانە دامەزراوەیەکــی بەرگریی ســەربازی نین، بۆیە بەبێ ئەوەی یەك فیشەك بتەقێنن، شەش فیرقەی سەربازییان تەســلیمی تیرۆریستانی داعش بوون و داعشــیان لە ڕێکخراوێکی تیرۆریستییەوە گەیاندە دەوڵەتێکی تیرۆریستی.

٢. دەزگای هەواڵگری عێراق کە دیسان ئەمریکا زۆر خۆی لەگــەڵ ماندوو کردبوو و پارەی زۆری تیــا خەرج کردبوو، ئەویــش دەرکەوت کە نەك هەر دەزگایەکی پڕۆفیشــناڵ نییە، بەڵکو ئەو سیفەتە پڕۆفیشــناڵیەی ئەمریکا بۆ دەزگای هەواڵگری عێراق دروســتی کردبــوو، لە دوای کشــانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێــراق، نوری مالیکی ئەم دەزگا گرنگەی گــۆڕی بۆ دەزگای هەواڵگریی حزبی دەعوا و پاراســتنی کورســییەکەی خۆی و داپڵۆسینی نەیارە سیاسییەکانی.

ئەم دوو شکســتە گەورەیە لــەم دوو دامەزراوە گــەورە و گرنگــەدا، ســیفەتی دەوڵەتبوونی لە عێراق کردەوە، ئــەم لێکردنەوەیەش بە جۆرێك بوو، لە بری ئەوەی حکومەتی عێراق باری نائاســایی ڕابگەیەنێت، مەرجەعییەتی نەجەف لەســەر زاری ئایەتوڵڵا عەلی سیســتانی هاتــەوەڵام و فەتوای دەرکرد، بەوەی شــیعەکان چەك هەڵبگرن، ئەوانەی شارەزای هەڵوێســتەکانی مەرجەعییەتی شیعەن، دەزانن مەرجەعییەت لەکاتێکدا دێتە ســەرخەت کە سیاســەت گەیشتبێتە بنبەســت، یان حکومەت و دامەزراوەکان بوونیان نەمابێت.

لەدوای ئەم حاڵەتە ئەمریکا مەرجی پێدانی چەك و هاوكاری سەربازی بۆ عێراق گرێدایەوە بە دووبارە خۆكاندید نەكردنەوەی مالیكییەوە، بەڵام هێشتاش لەبەر ئەوەی مالیكی ئومێدێكی هاوشێوەی ئەسەدی مابوو، بەو حسابەی دەتوانێت بەغدا بپارێزێت، نەدەهاتە ژێر ئەو بارەی دەست لە كورسی دەسەڵات بەر بدات، كە ئێستاش دەستی لێ بەرنەداوە و لەگەڵ ئەوەی جێگری سەرۆك كۆمارە، بەڵام هەر وەك سەرۆك وەزیرانی سێبەر مامەڵە دەكات و شارەكان بەسەر دەكاتەوە. بۆیە عێراق رۆژ لە دوای رۆژ بەرەو خراپتر دەچێت و ئێستا ناوەندەكانی توێژینەوە لە ئەمریكا ئەو پرسە دەوروژێنن، ئایا ئەگەر حەیدەر عیبادی سەركەوتوو نەبوو، عێراق بەرەو كوێ دەڕوات؟ شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش دەگاتە كوێ؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارانە توێژەران وای دەبینین:

- ئەگەر حەیدەر عیبادی سەركەوتوو نەبوو، ئەوا ستراتیژیەتی سەربازی هاوپەیمانانی دژی داعش دەكەوێتە سەر بنەمای پرۆسەیەكی سیاسیی لەبەر یەك هەڵوەشاو .
- لەم حاڵەتەدا ئەگەر پرۆسەی سیاسی عێراق بەرەو شكست رۆیشت، ئەو پرسیارە دێتەئاراوە: ئایا ئامانجی هاوپەیمانی سەربازی بۆ دژی داعش چییە؟ لەبەر ئەوەی چەند پرۆسە سیاسییەكەی عێراق بەرەو شكست بڕوات، هیندەی دیكە ئامانجی سەربازی هاوپەیمانان بەرەو شكست دەڕوات.
- ئەگەر پرۆسەكە شكست بهێنێت، ناتوانرێت دووبارە سوپای عێراق بونیاد بنرێتەوە، تەنانەت ناشتوانرێت گاردی نیشتمانی بۆ پێكهاتەكان دروست بكرێت، بۆیە ئاژاوەو فەوزایەكی ئەتۆ دروست دەبێت كە هەموو ناوچەكە دەگرێتەوە.
- پرسیاری هەرە گرنگ لێرەدا ئەوەیە: ئایا ئەو ئومێدە هەیە كە حەیدەر عیبادی لەم حكومەتە سەركەوتوو بێت؟ سەبارەت بە وەڵامی ئەم پرسیارە هەموو جیهان جەخت لەسەر ئەوە دەكەنەوە، حەیدەر عیبادی سەركەوتوو دەبێت ئەگەر هەڵەكانی مالیكی دووبارە نەكاتەوە، بەڵام ئەوەی كە تائێستا زۆر كەم پرسیاری لەبارەوە كراوە، ئەوەیە كە ئایا مالیكی لە حكومەت دووركەتۆتەوە یان نە، هەتا عیبادی هەڵەكانی دووبارە نەكاتەوە، یان مالیكی ئێستاش لە پشتەوە هەر خۆی سەرۆك وەزیرانە و هەڵەكانیش هەر بەردەوام دەبن؟ هەربۆیە ئەگەر مالیكی ئێستاش لە پشتەوە خۆی ئاراستەی حكومەت بكات، ئەوا مانای ئەوەیە ئەو ئومێدە كەمەی وەك لیسلی گلب باسی دەكات، ئەو ئومێدەش نامێنێت و یەكپارچەیی عێراق چۆن لە ستراتیژیەتی سەربازی ناتوانرێت پشتی پێبەسترێت، ئەوا لەسەر نەخشەی سیاسیش ئەو یەكپارچەییە بوونی نامێنیت.

**لە بەغدا میلیشیاكانی شیعە ژمارەیان زۆر لە چەكدارانی داعش زیاترە، تەنانەت ئەگەر سوننەی عەرەبیش لەناو بەغدا پشتگیری تیرۆریستانی داعش بكەن، ئەوا لەوانەیە و نزیكە شەڕێكی خوێناوی و گەورە لە بەغدا روو بدات، بەڵام سەرەنجام شەڕەكە لە بەرژەوەندی شیعە تەواو دەبێت و سوننەی بەغدا ناچار دەكرێن كە شارەكە بەجێبهێڵن، بەمەش شاری بەغدا وەک شارێكی تێكەڵ لە كورد و سوننە و شیعە، لەلایەن شیعەوە پاكتاو دەكرێت و سیمای شارەكە دەگۆڕن بۆ شارێكی شیعەنشین نەک تێكەڵاو**

### شەڕەكانی پارێزگای ئەنبار دەریخست سوننە شەڕی داعش ناكات

ژەنڕاڵ مارتن دیمبسی سەرۆكی ئەركانی سوپای ئەمریكا لە هەفتەی رابردوو رایگەیاند دوای ئەوەی هێزەكانی داعش دەستیان بەسەر یەكەیەكی سەربازی عێراق لە نزیك شاری روومادی گرت، تەنها ٢٠-٢٥ كیلۆمەتریان مابوو بگەنە فڕۆكەخانەی بەغدا و ئەگەر فڕۆكە ئەپاچییەكانی ئەمریكا نەبوایە، ئەوا تیرۆریستانی داعش دەستیان بەسەر فڕۆكەخانەی بەغدادا گرتبوو، هەر سەبارەت بە شەڕی روومادی فەرەید زەكەریا بیرمەند و رۆژنامەنووس لە دیمانەیەكی لەگەڵ تەلەفزیۆنی سی ئێن ئێن راشكاوانە ئاماژەی بەوە كرد، ئێستا شتێك لە عێراقدا نییە پێی بگوترێت سوپای عێراق، هەروەها دەركەوت ئەو عەرەبە سوننانەی لەناو سوپای عێراقدان، رێكخراوی تیرۆریستی داعش وەك سوننە سەیر دەكەن و ئامادە نین شەڕی سوننە بكەن. ژەنڕاڵی خانەنشینكراوی چوار ئەستێرەش جۆن ئەلن لە دیمانەیەكی لەگەڵ ئاژانسی فرانس پرێس ئاماژەی بەوە كردووە، ئێستا سوپای عێراق گەورەترین دەسكەوتە بۆ تیرۆریستانی داعش، ئەمەش واتە سەرچاوەیەكی سەرەكییە بۆ دابینكردنی چەك و تەقەمەنی بۆ ئەو تیرۆریستانە، هەر ئەمەشە وایكردووە كە پرۆسەی پێكهێنانی گاردی نیشتمانی بۆ عەرەبی سوننە كاتێكی زۆری بوێت و نەتوانرێت لەماوەیەكی كورتدا ئەو هێزە لەسەر زەوی دروستبكرێت كە تەنها هێز دەبێت لەسەر زەوی بۆ ئەوەی رووبەڕووی تیرۆریستانی داعش ببنەوە.

كەواتە ئەو واقیعەی لەسەر ئەرز و لەناو ستراتیژیەتی سەربازیی عێراق و هاوپەیمان بوونی هەیە، ئەوەیە كە سوپای عێراق بوونی نییە، ئەوەی هەیە میلیشیایەكی مەزهەبی شیعەیە و هەربۆیە مەترسی زۆر گەورە ئەوەیە كە رۆژ لە دوای رۆژ شەڕی تیرۆریستان بگۆڕێت بۆ شەڕی نێوان شیعە و سوننە، وەك هەفتەی رابردوو رێكخراوی چاودێری نێودەوڵەتی مافەكانی مرۆڤ (ئەمنستی

ئەنتەرناشناڵ ) لە راپۆرتێکدا بڵاوی کردۆتەوە، ئێستا بەکردەیی تۆڵەسەندنەوەی مەزهەبی لە عێراق پیادە دەکرێت و میلیشیاکانی شیعە بە دەیان هاووڵاتی مەدەنی سوننەیان لە پارێزگاکانی بەغدا و تکریت و کەرکوك رفاندووە و پاشان گوللەبارانیان کردوون.

سەبارەت بەو مەترسییانەی لەسەر بەغدا هەن، چاودێران پێیانوایە ئەگەرێکی دوورە بەغدا بکەوێتە دەستی تیرۆریستان، لەبەر ئەوەی لە بەغدا میلیشیاکانی شیعە ژمارەیان زۆر لە چەکدارانی داعش زیاترە، تەنانەت ئەگەر سوننەی عەرەبیش لەناو بەغدا پشتگیری تیرۆریستانی داعش بکەن، ئەوا لەوانەیە و نزیکە شەڕێکی خوێناوی و گەورە لە بەغدا روو بدات، بەڵام سەرەنجام شەڕەکە لە بەرژەوەندی شیعە تەواو دەبێت و سوننەی بەغدا ناچار دەکرێن کە شارەکە بەجێبهێڵن، بەمەش شاری بەغدا وەك شارێکی تێکەڵ لە کورد و سوننە و شیعە، لەلایەن شیعەوە پاکتاو دەکرێت و سیمای شارەکە دەگۆڕن بۆ شارێکی شیعەنشین نەك تێکەڵاو.

## ● پێشمەرگە هێزە کاریگەرەکەی سەنگەری پێشەوەی شەڕی دژی تیرۆریستان

(رۆژ لە دوای رۆژ بایەخی هەرێمی کوردستان وەك ناوەندێکی سەرەکی بۆ هەڵمەتی سەربازی دژی تیرۆریستانی داعش زیاتر دەبێت، سوپای ئەمریکا و دەزگای ناوەندی هەواڵگری نووسینگەکانیان لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر فراوان دەکەن و دەستیان بە ئامادەسازی کردووە بۆ ئەوەی بەم نزیکانە فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان و فڕۆکە جەنگییەکانی تایبەت بە گەڕان و رزگارکردن هەر لە فڕۆکەخانەی هەولێرەوە بفڕن، هەروەها هێزەکانی هاوپەیمانیش وەك بەریتانیا و کەنەدا و ئۆستراڵیا و فەرەنساش هەمان شێواز پیادە دەکەن، لەبەرامبەردا کورد گوشار دەکات لە پێناوی ئەوەی پشتگیرییەکی زیاتری نێودەوڵەتی بۆ پەرەپێدان و بەهێزکردنی پێشمەرگەی دەست بکەوێت).. ئەم پەرەگرافەی ناو دووکەوانە پێشەکیی وتارێکی پرۆفیسۆر مایکل نایتە کە رۆژی ٩ی ئۆکتۆبەر لە ئامۆژگای واشنتۆن بڵاوی کردۆتەوە.

ئەم پەرەگرافە ئەوەمان پێدەڵێت هەولێر و فڕۆکەخانەی هەولێر لە ئێستادا بوونەتە وێستگەی یەکەمی هەڵمەتەکانی هاوپەیمانان و هەماهەنگیی نێوان هاوپەیمانان و هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە رووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستانی داعشدا، هۆکاری سەرەکیش بۆ ئەم بایەخ پێدانەی جیهان بە هەرێمی کوردستان و هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ:

**١.** هێزی پێشمەرگەی کوردستان خاوەنی مێژوویەکی پڕشانازییە بە درێژایی قۆناخەکانی شۆڕشی کوردستان دژی کاری ترسنۆکانە و تیرۆریستانە بووە و تەنانەت لەبەرامبەر رەفتاری تیرۆری دەوڵەتی حکومەتە یەك لەدوا یەکەکانی عێراقیش پەنای بۆ کاری تیرۆریستی نەبردووە.

**٢.** ئەگەر سەیری هێرشەکانی ئەم دواییەی تیرۆریستانی داعش بۆ کوردستان بکەین، بەتایبەتی دوای داگیرکردنی شنگال و ئەو کارە نامرۆڤانە و ترسنۆکانەیەی بەرامبەر خەڵکی ئەو دەڤەرە کردیان و لەگەڵ ئەوەی بەشێك لە عەرەبی سوننە بوونە دەلیل و هاریکاری داعش بۆ ئەو کارە نامەردانەیەی بەرامبەر ژن و کچانی ئێزدی کردیان، بەڵام هێشتا هیندەی ژمارەی دانیشتووانی کوردستان عەرەبی سوننە لە کوردستانن و پێشمەرگە دەیانپارێزێت، ئەمەش مانای ئەوەیە هێزی پێشمەرگەی کوردستان پارێزەری فرەیی و پێکەوەژیانی نێوان تەواوی نەتەوە و ئایینەکانە لە کوردستان و عێراقدا.

**٣.** هێزی پێشمەرگەی کوردستان سەلماندی تاکە هێزە لە ناوچەکە کە توانای رووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستانی داعشی هەیە، هەروەها ئەو هێزەیە کە دۆستی هەموو ئازادیخوازانی جیهانە و جیهان دەتوانێت لە شەڕی دژە تیرۆردا پشتی پێببەستێت.

لەبەر ئەم هۆکارانە و چەندی دیکەش، جیهان لە رووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستاندا تەنها هێزێك بتوانێت پشتی پێببەستێت و لەسەر ئەرز بوونی هەبێت، هێزی پێشمەرگەی کوردستانە، هەروەها هەرێمی کوردستان تەنها ناوچەیە لە تەواوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لەبری ئەوەی کەوتبێتە ژێر کاریگەری چەمکی پێکدادانی شارستانییەتەکان، لە هەوڵی ئەوەدایە نەك بە دروشم، بەڵکو بە کردەوە دیالۆگ لە نێوان گەلان و ئایینە جیاوازەکان دروست بکات.

لێرەوە ئەگەر سەرنج لە ئامانجی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بدەین کە بۆ رووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستانی داعش دوای هێرشەکانیان بۆ سەر کوردستان دروست بوو، بە راشکاوی هەست دەکەین، ئەوەی جیهان دەیویست وەك ئامانج لە شەڕی دژی تیرۆریستان بە جیهانی رابگەیەنێت، لە دەنگی

**هەموو جیهان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، حەیدەر عیبادی سەرکەوتوو دەبێت ئەگەر هەڵەکانی مالیکی دووبارە نەکاتەوە، بەڵام ئەوەی کە تائێستا زۆر کەم پرسیاری لەبارەوە کراوە، ئەوەیە کە ئایا مالیکی لە حکومەت دوورکەتۆتەوە یان نە، هەتا عیبادی هەڵەکانی دووبارە نەکاتەوە، یان مالیکی ئێستاش لە پشتەوە هەر خۆی سەرۆك وەزیرانە و هەڵەکانیش هەر بەردەوام دەبن؟**

تفەنگی پێشمەرگەی کوردستانەوە گوێبیستی بوون، هەموو جیهان گەیشتنە ئەو قەناعەتەی نابێت چیدیکە ئەم هێزە گرنگە پشتگوێ بخرێت و بە بیانووی جۆراوجۆر لاواز بکرێت، ئەم بارودۆخە تازەیە واقیعێکی تازەی فەرز کردووە، بەوەی دەبێت هەمووان لەم شەڕە سەرکەوتوو و براوە بن، ئەم سەرکەوتنەش بەستراوە بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە، چونکە شەڕەکە لەسەر ئەرز حەسم دەکرێت و پێشمەرگەش تەنها هێزە لەسەر زەوی تەلیسمی ترسی تیرۆریستانی داعشی پووچەڵ کردۆتەوە.

**● بەبێ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان سەقامگیری لە ناوچەکە دروست نابێت**

پرۆفیسۆر لیسلی گلب کە سەرۆکی فەخریی ئامۆژگای ئەنجوومەنی پەیوەندییەکانی دەرەوەیە، لە خۆڕا نییە کە لەم بارودۆخەدا جارێکی دیکە هۆشداری دەداتەوە وڵاتەکەی خۆی، بەوەی ئەگەر هیوایەکی زۆر کەم مابێت بۆ گێڕانەوەی یەکپارچەیی عێراق، هەوڵدانە بۆ پیادەکردنی شێوازیکی فیدراڵی کە پرۆسەی دابەشکردنی دەسەڵات لەم دەوڵەتە فیدراڵییە بەو شێوەیە بێت کە دەسەڵاتی حکومەتی فیدراڵی بەغدا زۆر زۆر کەم و سنووردار بێت و دەسەڵاتی هەرێمەکان زۆر فراوان بێت، پرۆفیسۆر گلب لەو وتارەی کە لەچەند رۆژی رابردوو بڵاوی کردۆتەوە، ئەوەی دیاری کردووە کە پێویستە حکومەتی فیدراڵی ناوەند دەسەلاتەکانی بریتی بێت لە: (سیاسەتی دەرەوە، سیاسەتی بەرگری، سیاسەتی سیولەی نەختی، دابەشکردنی داهاتی نەوت)، بەڵام ئەوەی نەشاردۆتەوە کە پیادەکردنی ئەم مۆدیلە لە عێراقدا کارێکی ئاسان نییە و واشنتۆنیش ناتوانێت راستەوخۆ جێبەجێی بکات، بۆیە پێشنیاری کردووە، واشنتۆن ئەم مودێلەی فیدراڵی بکاتە مەرج بۆ هاوکارییە سەربازی و ئابوورییەکانی عێراقییەکان لە ئایندەدا، واتە گوشارێك دروست بکات بۆ ئەوەی عەرەبی شیعە و سوننە رازی بن ئەو شێوازی فیدراڵییەتە جێبەجێ بکەن.

بەڵام ئەوەی لەم خستنەڕووەی پرۆفیسۆر گلب پرسیار دروست دەکات، ئەوەیە کە: ئایا فیدراڵیزم لە عێراق جێبەجێ دەکرێت؟ ئایا دەتوانرێت شەڕی مەزهەبی نێوان شیعە و سوننە بگۆڕێت بۆ پێکەوەژیان؟ ئایا وەك پرۆفیسۆر گلب ئاماژەی پێکردووە، بەوەی شیعەی عێراق جیاوازە لە شیعەی ئێران، راستە شیعەی عێراق دەیانەوێت لەگەڵ شیعەی ئێران هاوپەیمان بن، بەڵام شیعەی عێراق خۆیان بە عەرەب دەزانن و نایەوێت ببنە پاشکۆی شیعەی ئێران کە ئەوان فارسن؟ لەلایەکی دیکەوە ئەگەر شیعەی عێراق خۆیان بە عەرەب بزانن، ئایا نەزعەی عروبەی شیعە لە نەزعەی عروبەی سوننە بەرامبەر بە کورد کەمتر دەبێت، یان زیاتر دەبێت؟ ئایا بوونی مەترسییەکی گەورەی وەك تیرۆریستانی داعش توانیویەتی کارێك بکات شیعە و سوننە لە سەنگەرێکدا کۆبکاتەوە؟ ئایا هەتا ئەگەر شیعە و سوننە دژی داعشیش بن، بە چاوێکی دۆستانە سەیری ئەمریکا دەکەن؟

ئەم پرسیارانە بەشێکی زۆریان وەك تۆێژەر و ئەکادیمیستەکانی ئەمریکا ئاماژەی پێدەکەن، بۆ ئیدارەی ئەمریکاش بێ وەڵامن، لەوەش خراپتر ئەوەیە ئەمریکا و رۆژئاوا دەخاتە ناو دوو بەرداشەوە، واتە ئەگەر عەرەب دژی داعشیش بێت، نابێتە دۆستی رۆژئاوا و ئەمریکا، هەر بۆ نموونە لە سووریا، رژێمی ئەسەد و حزبوڵا ئەمریکا وەك شەیتانی گەورە ناو دەبەن و داعیش بە هەمان شێوە، بۆیە بەپێی ئەو راپرسییەش کە ئامۆژگای واشنتۆن ئەنجامی داوە و پرۆفیسۆر دیڤید پۆلۆك خوێندنەوەی بۆ کردووە، راستە لە سعودیە و ئەردەن و میسر و لوبنان، بەشی زۆری خەڵك خۆیان وەك دژی داعش دەرخستووە، بەڵام بە رێژەیەکی هەندێك کەمتر دژایەتی خۆشیان بۆ ئەمریکا و رۆژئاوا پیشانداوە. ئەم داتایانەی کە بە راشکاوی لە واقیعەکەدا دەخوێنرێتەوە، ئەوەیە کە زۆر زەحمەتە بتوانرێت یەکپارچەیی عێراق و سووریا بە شێوازە تەقلیدییەکەی دووبارە بگێڕێتەوە، بۆیە تەنها رێگە ئەوەیە کە بوار بە کوردستان بدرێت وەك سەنگەری پێشەوە دژی تیرۆریستان و چەمکی توندڕەوی لە ناوچەکەدا لەسەر پێی خۆی رابوەستێت، ئەم ئامانجە ئەگەر هەتا ئێستاش وەك خەونی هەر تاکێکی کورد سەیر کرابێت، ئەوا لە ئێستا بە دواوە دەبێتە ئامانجێکی ستراتیژی هەموو هاوپەیمانانی دژە تیرۆریستان بۆ ئەوەی سەنگەری ئازادی و پێگەی لێبوردەی و پێکەوە ژیان وەك چرایەك هەموو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست رووناك بکاتەوە.

**سوپا و هێزەکانی ئاسایش و پۆلیسی عێراق کە ئەمریکا بە نوێترین چەک و بە باشترین راوێژکار مەشق و راهێنانی پێکردبوون، دەرکەوت ئەوانە دامەزراوەیەکی بەرگریی سەربازی نین، بۆیە بەبێ ئەوەی یەک فیشەک بتەقێنن، شەش فیرقەی سەربازییان تەسلیمی تیرۆریستانی داعش بوون و داعشیان لە رێکخراوێکی تیرۆریستییەوە گەیاندە دەوڵەتێکی تیرۆریستی**

**ئەمریکا گلۆپێ سەوزی بۆ مالیکی داگیرساند، بۆ ئەوەی چەک لە رووسیا بکرێت، هۆکاری سەرەکیش ئەوەبوو کە چەکی ئەمریکی پێدان و فرۆشتنی مەرجدارە و حکومەت ناتوانێت ئەو چەکانە بۆ کێشە ناوخۆییەکان و دژی پێکهاتەکانی ئەو دەوڵەتە بەکاربهێنێت**



مەترسی زۆر گەورە ئەوەیە کە رۆژ لە دوای رۆژ شەڕی تیرۆریستان بگۆڕێت بۆ شەڕی نێوان شیعە و سوننە، وەک هەفتەی رابردوو رێکخراوی چاودێری نێودەوڵەتی مافەکانی مرۆڤ (ئەمنستی ئەنتەرناشناڵ) لە راپۆرتێکدا بڵاوی کردۆتەوە، ئێستا بەکردەیی تۆڵەسەندنەوەی مەزهەبی لە عێراق پیادە دەکرێت و میلیشیاکانی شیعە بە دەیان هاووڵاتی مەدەنی سوننەیان لە پارێزگاکانی بەغدا و تکریت و کەرکوک رفاندووە و پاشان گوللەبارانیان کردوون

هەتا رۆژی ١٠ی حوزەیرانی ٢٠١٤ ئیدارەی ئەمریکی دیکتاتۆرێکی داپڵۆسینەری وەک نوری مالیکی پێویست بووە بۆ ئەوەی هەرچۆنێک بێت عێراق بە یەکپارچەیی بهێڵێتەوە



### ئەنوەری حاجی عوسمان بریکاری وەزیری پێشمەرگە بۆ گوڵان:

# لای پێشمەرگە کەرکووک هێڵی سوورە

## داعش، یان هەر لایەکی دیکە پەنجەی بۆ درێژ بکات، پەنجەی دەشکێنین

ئەنوەری حاجی عوسمان راستە بریکاری وەزیری پێشمەرگەی کوردستانە، بەڵام لە حوزەیرانی رابردووەوە کە تیرۆریستانی داعش موسڵیان داگیرکردووە، وەک پێشمەرگە لە میحوەری کەرکووک و لەگەڵ برا پێشمەرگەکانی لەسەنگەری پێشەوەی بەرگریدان بۆ پاراستنی کوردستان لە دەستی تیرۆریستانی داعش، ئەم پێشمەرگە دێرینەی کوردستان سەبارەت بە ئامادەبوونی بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی کوردستان لە بەرەکانی شەڕی دژی تیرۆریستاندا، راشکاوانە بە گوڵانی راگەیاند، ئەمادەبوونی سەرۆک بارزانی وەک پێشمەرگە لە بەرەکانی پێشەوەی شەڕدا شتێکی ئاساییە، لەبەر ئەوەی بارزانی بەردەوام پێشمەرگە بووەو لە رۆژە سەختەکاندا داستانی قارەمانانەی لەگەڵ برا پێشمەرگەکانی تۆمار کردووە. جەختیش لەوە دەکاتەوە کە سەرکردایەتی بارزانی لەو شەڕانەدا هەموو کات ئاراستەی سیاسەتی شۆڕشی کوردستانی وەرچەرخاندووە، هەروەک چۆن داستانی خواکورک و داستانی کۆڕێ وەرچەرخانی گەورەیان دروستکرد، لەم شەڕەشدا کە بارزانی خۆی راستەوخۆ سەرپەرشتی دەکات، وەرچەرخانێکی گەورە بۆ نەتەوەی کورد و کوردستان پشت بەخوا دروست دەبێت، سەبارەت بە بارودۆخی بەرەکانی شەڕ و هاوکاریی هاوپەیمانانیش وەڵامی پرسیارەکانی گوڵان دەداتەوە.

*** بێجگە لەوەی بریکاری وەزیری پێشمەرگەی کوردستانیت، لە هەمانکاتدا فەرماندەیەکی مەیدانیت و لەوەتەی داعش موسڵی داگیرکردووە بەردەوام لە میحوەری کەرکوك بوویت، لە ئێستادا بارودۆخی بەرەکانی شەڕ و ورەی پێشمەرگە چۆن دەبینی؟**

- پێش هەموو شت سوپاسی گۆڤاری گوڵان دەکەم کە هاتوونەتە بەرەکانی پێشەوەی شەڕ و لێرە ئەم دیدارە ئەنجام دەدەین، سەبارەت بە پرسیارەکەشتان دیارە ورە و مقاوەمەتی پێشمەرگە نەك ئێستا، بەڵکو لە کۆنەوە بەرز بووە و لەو کاتەوە داگیرکەران خاکیان داگیرکردووین، پێشمەرگە هەموو کات ئامادەبووە گیانی خۆی فیدای خاکی کوردستان بکات، ئەمجارەش کە تیرۆریستانی داعش هاتن و موسڵیان داگیرکرد، ئەوانیش وەك هەموو داگیرکەرانی دیکە ئامانجیان ئەوە بووە کە کوردستان داگیر بکەن، بۆیە لە یەکەم رۆژەوە دوای داگیرکردنی موسڵ، پێشمەرگە هەستی بەو مەترسییە کردو سەنگەرەکانی خۆی قایم کرد بۆ ئەوەی رووبەڕووی ئەو تیرۆریستانە ببێتەوە، لەبەر ئەوەی لای پێشمەرگە روونە کە داگیرکەرانی کوردستان دژی هەموو شتێکی کورد و کوردستانن، ئامادەن دەست بۆ هەموو پیرۆزییەکی کورد بەرن، بە بێ ئەوەی بسڵەمێنەوە، هەروەك چۆن لە هێرشەکانی ئەمجارەی تیرۆریستانی داعش بۆ سەر شنگال بینیمان کە چۆن بێغیرەتانە هێرشیان کردە سەر شەرەف و ناموسمان و بەسەدان کچ و ژنی ئێزیدییان بردو کردیانن بە کۆیلە و فرۆشتیانن، بۆیە بە دیدی ئێمە ئەوەی داعش دەیکات پێشتر داگیرکەرانی دیکەی کوردستان دەرهەق بە کورد و کوردستانیان کردووە و بە سەدان لەیلا قاسمیان لەسێدارە داوین و بە هەزاران ژن و کچیان ئەنفال کردووین، ئەمەی ئەمڕۆش داعش بەرامبەر بە کورد دەیکات، درێژبوونەوەی هەمان رق و کینەیە بەرامبەر کورد و کوردستان بەڵام لە بەرگێکی دیکەدا، لەمەش زیاتر لەدوای رووخانی رژێمی پێشووی بەعس و بەناو دامەزراندنەوەی دەوڵەتی تازەی عێراق، ئەم دەوڵەتە تازەیەش یەکەم فیشەك کە تەقاندی بەرامبەر میللەتی کورد تەقاندی کە ئەویش بڕینی مووچەی خەڵکی کوردستان و نەدانی مووچەی پێشمەرگە و رێگرتن بووە لەوەی کە پێشمەرگە ببیتە خاوەنی چەك و تەقەمەنی پێویست، بۆیە راشکاوانە دەڵێم: پێشمەرگە ئەمە یەکەمجاری نییە شەڕی داعش دەکات، بەڵکو ئەوە زیاتر لە ١٠٠ ساڵە بەردەوامە لە شەڕی دژ بە داگیرکەرانی کوردستان کە هەموویان وەك داعش سەیری کورد و کوردستانیان کردووە، هەموشیان بڕیاریان داوە کە کورد و کوردستان نەمێنێت، بەڵام هەموو جار پێشمەرگە مقاوەمەی کردووە و خەونی داگیرکەرانی لە گۆڕ ناوە. سەبارەت بەم شەڕەی ئێستاش کە لە ١٠ی حوزەیرانی رابردوو دەستی پێکرد، دیارە لەگەڵ ئەوەی مەزندە دەکرا داعش هێرش بکاتە سەر چەند ناوچەیەکی موسڵ، بەڵام مەزندەی ئەوە نەدەکرا سوپای عێراق خۆی بدا بەدەستەوە و ئەو هەموو ناوچەیە بکەوێتە ژێر دەستی داعشەوە، بەڵام هێزی پێشمەرگە لە سەرتاسەری کوردستان بەگشتی و لەناوچەی کەرکوك بەتایبەتی توانییان هەموو ئەو ناوچە کوردستانییانەی دەرەوەی هەرێم کە پێشتر سوپای عێراقی لێ بوو، پاشان کەوتبووە دەستی داعش هەمووی وەربگرینەوە و بیپارێزین، لەم ناوچەیەش ئەگەر سەیری سەنگەرەکانی پێشمەرگە بکەیت، دەبینیت پشتێنەیەکی زۆر باشمان بۆ کەرکوك دروستکردووە بۆ ئەوەی کەرکوکی دڵی کوردستان بپارێزین، دەتوانم بڵێم چەکدارانی داعش ٢١ جار هێرشیان کردووەتە سەر کەرکوك، بەڵام بە هیممەتی پێشمەرگەکانی لیواکانی یەك،دوو، شەش، نۆ، دە و یانزە نەك هەر هێرشەکانمان تێکشکاندوون، بەڵکو بە دەیان کیلۆمەترمان پێ بەجیهێشتوون و بە سەدان چەکداری داعش کوژراون و توانیومانە هەموو ئەو ئامانجانە بەدەست بهێنین کە لە قۆناخی یەکەمدا بۆمان دیاری کرابوو.

*** هەندێك پڕوپاگەندە لەسەر میحوەری کەرکوك هەیە، بەوەی داعش هێزی زیاتریان بۆ کۆکردووەتەوە، ئەم پڕوپاگەندانە تا چەند بنەمایان هەیە و ئەگەر راستن تاچەند مەترسی بۆ سەر ئەم میحوەرە دروست دەکات؟**

- بەڵی راستە ئەو پڕوپاگەندانە هەن کە گوایە تیرۆریستانی داعش هێز و چەکیان هێناوە، بەڵام پێشمەرگەی کوردستان زۆر گوێ بە هێز و چەکی تیرۆریستانی داعش نادەن، ورەیان هێندە بەرزە کە دەتوانن داعش هەر هێرشێك بکات، تێکی بشکێنن، هەروەها لەمەش گرنگتر خەڵکی کەرکوکی خۆشەویستیش متمانەیان بە کوڕ و براکانی خۆیان هەیە، بەوەی دەتوانن کەرکووك بپارێزین، بۆیە ورەی پێشمەرگە و متمانەی خەڵك بە پێشمەرگە قەڵایەکی پۆڵایینە و تیرۆریستان لەبەردەم ئەو قەڵایە لووتیان دەشکێت. لەمەش زیاتر لێرەوە دەمەوێت بە هەموو خەڵکی کوردستان بڵێم بەوەی کەرکوك هێڵی سوورە نەك هەر بۆ داعش، بەڵکو بۆ هەر هێزێك کە بیەوێت پەنجە بۆ کەرکوك درێژ بکات، پەنجەی دەشکێنین.

*** ئێوە لەم میحوەرە بەرگری دەکەن، هەروەها**

**لەدوای ئەنفال و کۆتایی هاتنی شەڕی هەشت ساڵەی عێراق و ئێران، لەو کاتەی رژێمی سەدام حوسێن هەوڵیدەدا ماسوولکەی هێزی خۆی بەرامبەر پێشمەرگە نمایش بکات، بەڕێز مسعود بارزانی بەشەخسی سەرپەرشتی شەڕی خواکورکی کردو گەورەترین داستانی لەگەڵ هێزی پێشمەرگەی کوردستان تۆمار کرد**

**ئامادەبوونی بەڕێز مسعود بارزانی لە بەرەکانی شەڕدا ئیلهام و ورەیە بۆ هێزی پێشمەرگە**

**ئامـــاژەت بەوە کرد کە دەتوانن پێشـــڕەوی بکەن، ئایا ئەگەر پێشڕەوی بکەن و سەنگەرەکانی بەرگری بەرنە پێشـــەوەتر بۆ ئاسایش و ســـەلامەتی کەرکووك باشتر نییە؟**

- ئەم میحوەرە نزیکـــەی ٧٠ کیلۆمەترە بە ڕووی تیرۆریســـتانی داعش، لە زۆر شـــوێن بە دووری ٤٠ کم تیروریســـتانی داعش لە کەکورك دوور خراونەتەوە، هەموو ئەو شـــوێنە هەســـتیارانەی پێویست بوون بۆ پاراســـتنی کەرکووك لەلایەن پێشـــمەرگەوە کۆنترۆڵ کراوە و لەژێردەستی پێشمەرگەدان، هەروەها گوندەکانی دەوروبـــەری کەرکـــووك هەمـــووی لە ژێر دەســـتی پێشـــمەرگەدایە، بۆیە لەم قۆناغەدا پلانی ســـەربازی بۆ هێزی پێشـــمەرگە بـــەو جۆرە دیـــاری کراوە کە پێشمەرگە لەم سنوورە بێت، بەڵام هەرکات قۆناغێکی نوێ هاتەپێشـــەوە و ســـەرکردایەتی پلانێکی دیکەی دارشـــت، ئەوا هێزی پێشـــمەرگە ئامادەیە بۆ ئەوەی پلانی ســـەرکردایەتی جێبەجی بکات، بەڵام ئەوەی تا ئێســـتا جێگەی شـــانازییە ئەوەیە هێزی پێشمەرگەی کوردستان توانیویەتی تەحەددای تیرۆریستانی داعش و قاعیدەش بکات، پێشمەرگە سەلماندی تیرۆریستانی داعـــش و قاعیدەش ئەو هێزە نیـــن کە بتوانن لەبەردەم هێرشـــی پێشمەرگەدا خۆیان ڕابگرن، ئەمە لە کاتێکدا چەکدارانی ئەم ڕێکخراوە تیرۆریستییە توانیویانە دەوڵەتی زۆر گەورە لە ئەفغانستانەوە تا عێراق ماندوو بکەن، لە سەرووی هەمووشیانەوە سوپای عێراقیمان بینی چۆن لـــە بەردەم ئەم ڕێکخراوە تیرۆریســـتییە توایەوە، بەڵام هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئەوە ماوەی چوار مانگە وەك تاکە هێز لە جیهاندا توانی بە تەنها شەڕی هەموو تیرۆریســـتان بکات و ئەو تەلیســـمە پووچەڵ بکاتەوە کە دەیانگوت ناتوانرێت تیرۆریســـتان تێکبشکێنرێت. ئەمە لە کاتێکدا هەتا ئێســـتاش تیرۆریستانی داعش شوێن و بنکەی ســـوپای عێراق داگیردەکەن. ئەمەش مانای ئەوەیە مەســـەلەی قەناعەتی پێشـــمەرگە بە کوردســـتان، یان نەمان و بڕوای بـــە پیرۆزیی خاکی کوردســـتان مەســـەلەیەکە هەرگیز هیچ داگیرکەر و تیرۆریستێك ناتوانێت بیشکێنێت. دیسان دەمەوێت بڵێم، تیرۆریستانی داعش سوپای دوو دەوڵەتیان تێکشکاندووە و چـــەك و تەقەمەنی تازەی دوو ســـوپای نیزامییان لەبەردەستە، بۆیە ئەگەر لەکاتی هێرشکردنیان بۆ سەر هەر ناوچەیەکی کوردستان توانییان هەندێك پێشڕەوی بکەن، ئەمە نابێت بکرێتە مەســـەلەیەك بەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان شـــکاوە، نەخێر ئەمە شەڕە و پێشڕەوی پاشەکشەشـــی تێدا دەبێت، لەمەش گرنگتر شـــێوازی شـــەڕی تیرۆریســـتانی داعش بۆ هێزی پێشمەرگە تازە بوو، بۆیە هەتا پێشمەرگە لەگەڵ ئەم شـــەڕە تازەیە بەتەواوەتی ڕادێت، لەوانەیە لە یەك دوو ناوچە بتوانن هەندێك پێشڕەویی کەم بکەن، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە خۆڕاگری و مقاوەمەتی جوامێرانەی پێشمەرگە توانی هاوپەیمانییەکی نێودەوڵەتی بۆ شەڕی دژە تیرۆر دروست بکات، کە دەشڵێم پێشمەرگە توانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دروست بکات، مەبەستم ئەوەیە ئەگەر ئەم هێزە قارەمانەی پێشمەرگە لەناو جەرگەی شەڕی تیرۆریستاندا بوونی نەبوایە، ئەو هاوپەیمانییە دروست نەدەبوو، خۆتان دەزانن ماوەی یەکدوو ساڵە شەڕ لە سووریا و ناوەڕاست و باشووری عێراق بوونی هەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی هێزێکی هاوشـــێوەی پێشمەرگەی کوردســـتان بوونی نەبوو، جیهـــان نەیدەتوانی بێتە ناو شـــەڕەکە، ئەمە هەموو جیهان خۆی دانی پێدا دەنێت، لەمەش زیاتر جیهان لەو ڕاستییە تێگەیشت پێشمەرگە خاوەنی ئەو ئیرادە پۆڵایینەیە، بۆیە ئەگەر پێشمەرگە چەکی پێبدرێت و لەگەڵ سروشـــتی ئەم شەڕە تازەیە ڕابهێنرێـــت، ئەوا تەنها هێـــزە بتوانێت تیرۆریســـتان تێکبشـــکێنێت. ئێســـتا کە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بۆ پشتگیری پێشمەرگە دروســـت بوو، ئەوا بارودۆخەکە و هاوسەنگیی هێز بۆ بەرژەوەندیی پێشمەرگە گۆڕاوە و ئێستا موبادەری شـــەڕ بەدەستی پێشمەرگەیە نەك تیرۆریستانی داعش.

*** لە بارودۆخی شـــەڕەدا ڕۆڵی سەرۆکی وڵات زۆر گرنگە، بە تایبەتی ئەگەر ئەو ســـەرۆکە ڕاســـتەوخۆ لەناو هێزەکانی خۆیدا بێت، ئەوەی لە ئێستاشدا تێبینی دەکرێت، ئەوەیە هەر لە یەکەم ڕۆژی ئەم شەڕەوە بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی کوردستان و فەرماندەی هێزی پێشمەرگەی کوردســـتان بەردەوام لە بەرەکانی شەڕدا بووە، ئێســـتاش بە شەخســـی خۆی لە میحوەرەکانی شەڕدایە، ئایا ئامادەبوونی سەرۆك لە بەرەکانی شەڕدا چ کاریگەرییەکی لەســـەر وەرەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان دروستکردووە؟**

- مـــن وەك ئەنوەری حاجی عوســـمان وەڵامی ئەم پرسیارەت دەدەمەوە، بەلای منەوە ئامادەبوونی سەرۆك مســـعود بارزانی لە بەرەکانی شەڕدا شتێکی ئاساییە، لەبەر ئـــەوەی جەنابی بارزانیـــی نەمریش هەر کاتێك کوردســـتان لە مەترســـیدا بوویێت بۆخۆی بەشەخسی لەبەرەکانی پێشـــەوەی شـــەڕ هاوشـــانی پێشمەرگە ئامادەبـــووە، دیـــارە ســـەرۆك مســـعود بارزانی جیا لەوەی قوتابی جەنابـــی بارزانیی نەمرە، هەر بۆخۆی لەسەنگەری شـــەڕدا لە کۆماری کوردستان لە مهاباد

**ئەمجارەش کە دیسان بەڕێز مسعود بارزانی هاوشانی پێشمەرگەیە، ئەوا لەم شەڕەش سەردەکەوین و پشتیوان بەخوا دوایین شەڕ دەبێت، پێش ئەوەی دەوڵەتی کوردستان لەسەر دەستی سەرۆک بارزانی ڕابگەیەنرێت**

**لەو کاتەوە داگیرکەران خاکیان داگیرکردووین، پێشمەرگە هەموو کات ئامادەبووە گیانی خۆی فیدای خاکی کوردستان بکات**

**وەرەی پێشمەرگە و متمانەی خەڵک بە پێشمەرگە قەڵایەکی پۆڵایینە و تیرۆریستان لەبەردەم ئەو قەڵایە لووتیان دەشکێت**

لەدایك بووە، لەمەش زیاتر خۆ ئەمە یەکەمجار نییە جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی لە بەرەکانی شەڕ دەبینرێت، ئەو لەهەموو داستانەکانی پێشمەرگەدا هاوشانی پێشمەرگە لەبەرەکانی پێشەوەی شەڕەکاندا بووە، لێرەدا حەزدەکەم بگەڕێمەوە بۆ رابردوو، لەدوای ئەنفال و کۆتایی هاتنی شەڕی هەشت ساڵەی عێراق و ئێران، لەو کاتەی رژێمی سەدام حوسێن هەوڵیدەدا ماسوولکەی هێزی خۆی بەرامبەر پێشمەرگە نمایش بکات، ئەو لەو کاتەدا بەڕێز مسعود بارزانی بەشەخسی سەرپەرشتی شەڕی خواکورکی کردو گەورەترین داستانی لەگەڵ هێزی پێشمەرگەی کوردستان تۆمار کرد، هەروەها لە کۆڕەوەکەی بەهاری ١٩٩١ بەڕێز مسعود بارزانی هاوشانی پێشمەرگە لە سەنگەرەکانی پێشەوە بوو، توانی نەهامەتی کۆڕەویش بگۆڕێت بۆ سەرکەوتن، بۆیە لەوانەیە بۆ هەندێك خەڵك تازە بێت کە سەرۆك بارزانی لە سەنگەرەکانی پێشەوە هاوشانی پێشمەرگە دەبینین، بەڵام بەڕێز مسعود بارزانی هەر پێشمەرگە بووە و هەموو کات لە بەرەکانی شەڕدا هاوشانی پێشمەرگە بووە. دیارە ئامادەبوونی بەڕێز مسعود بارزانی لە بەرەکانی شەڕدا ئیلهام و ورەیە بۆ هێزی پێشمەرگە، هەر بۆ نموونە سوپای سەدام حوسێن هەشت ساڵ شەڕی ئێرانی کرد، لەوکاتەی شەڕەکە کۆتایی هات، سوپاکەی سەدام حوسێن لەو پەڕی بەهێزیدا بوو، دەیوست وەك تەحدا خواکورك بگرێت، بەڵام لەبەر ئەوەی مسعود بارزانی خۆی وەك پێشمەرگە لەناو شەڕەکەدا بوو، ئەو هێزە گەورەیە تێکشکاو پێشمەرگە سەرکەوتوو بوو، لەساڵی ١٩٩١ سوپای عێراق توانی لەماوەیەکی کورت هەموو باشوور و ناوەڕاست بگرێتەوە، بەڵام کە گەیشتە کۆڕێ و سەرۆك بارزانی بڕیاری دا بەرگری بکرێت، ئەو سوپایە تێکشکا، بۆیە ئەمجارەش کە دیسان بەڕێز مسعود بارزانی هاوشانی پێشمەرگەیە، ئەوا لەم شەڕەش سەردەکەوین و پشتیوان بەخوا دوایین شەڕ دەبێت، پێش ئەوەی دەوڵەتی کوردستان لەسەر دەستی سەرۆك بارزانی رابگەیەنرێت.

*** وەك وەزارەتی پێشمەرگەی کوردستان، ئایا ئەو هاوکارییە سەربازییەی هاوپەیمانان بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە ئاستی پێویستدا دەبینن؟**

- پێش هەموو شت دەمەوێت ئەوە بڵێم هەموو شەڕێك پێویستی بە دوو کۆڵەگەی سەرەکییە، یەکێکیان چەکە، دووەمیان بوونی هێزی مرۆیی بۆ ئەوەی بتوانێت ئەو چەکانە بە باشی بەکاربهێنێت، هەر بۆ نموونە سوپای عێراق هەموو چەکێکی پێشکەوتووی لەبەر دەست بوو، بەڵام نەیتوانی بەکاری بهێنێت و خۆیدا بەدەستەوە، بۆیە ئێمە وەك وەزارەتی پێشمەرگە سوپاسی هاوپەیمانان دەکەین کە هاوکاری پێشمەرگەیان بە چەك کردووە، بەڵام ئەو چەکانە وەك پێویست نین، لەبەر ئەوەی هاوپەیمانان بەگشتی و ئەمریکا بەتایبەتی دەزانن تیرۆریستانی داعش چ جۆرە چەکێکی پێشکەوتوویان کەوتۆتە بەردەست، لەمەش زیاتر دەزانن کە چۆن لەلایەن حکومەتی عێراقەوە پیلان بۆ پشتگوێخستنی پێشمەرگە لە رووی چەك و مەشق و راهێنانەوە دارێژرابوو، بۆیە لەم قۆناخەدا کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە سەنگەری پێشەوەی شەڕی تیرۆریستانی جیهانیدایە، ئەوا ئومێدی ئێمە ئەوەیە هاوکاری هێزی پێشمەرگە بگاتە ئەو ئاستەی کە ئەم هێزە بتوانێت ئەم شەڕە بباتەوە، هەروەها پێشمەرگە وەك سوپایەکی مۆدێرین بۆ رووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستان پێویستە پڕچەك بکرێت و مەشق و راهێنانی پێبکرێت، بۆ ئەوەی بتوانێت بەردەوام لە ئامادەباشیدا بێت، بۆیە لەم رووەوە ئێمە سوپاسیان دەکەین کە چەك و کەلوپەلی سەربازییان بۆ پێشمەرگە ناردووە، بەڵام هێشتا لە ئاستی خواست و ئومێدی ئیمەدا نییە، لەبەر ئەوەی ئومێدی ئێمە ئەوەیە هێزی پێشمەرگەی کوردستان وەك سوپایەکی مۆدێرن رێکبخرێتەوە.

*** تاچەند سوودتان لەو راوێژکارە سەربازییانەی هاوپەیمانان وەرگرتووە کە بۆ هاوکاریتان هاتوون ؟**


- دیارە ئەو راوێژکارە سەربازییانەی دەوڵەتانی هاوپەیمانان زۆر شارەزان لە زانستی سەربازی و وڵاتەکانیان ئەزموونی دوو جەنگی جیهانی، هەروەها شەڕی سارد و شەڕی تیرۆریستانیشان هەیە، بۆیە لە رووی ئەزموون و شارەزایی لە پلانی سەربازی سوودێکی زۆرمان لێوەرگرتوون، لەلایەکی دیکەوە ئەو چەك و تەکنەلۆژیا سەربازییەی ئەمڕۆ لە جیهاندا بەکار دەهێنرێت، دەوڵەتانی هاوپەیمانان خۆیان دروستی دەکەن، بۆیە کاتێك ئەوان فێرمان دەکەن چۆن ئەو چەکانە بەکار بهێنن، بەڕاستی زۆر شارەزان و بە ئاسانی پێشمەرگە فێر دەبێت و بە چاکی بەکاری دەهێنێت، لەمەش زیاتر ئێمە ئێستا چەند تیمێکمان لە دەرەوەی وڵاتن، وەك ئەو تیمەی لەچەند رۆژی رابردوو لە ئەڵمانیا گەڕانەوە بۆ مەشقکردن لەسەر چەکی ئەڵمانی، گروپێك لەو تیمە هاتوونەتە میحوەری کەرکووك، بەڕاستی کە لەگەڵیان دانیشتم و گوێم لێگرتن، هەستمکرد شارەزاییەکی باشیان پەیدا کردووە، بۆیە کاتێك ئەمانە لەناو هێزی پێشمەرگە بە کارامەیی ئەو چەکانە بەکاردەهێنن، حەتمەن سوودێکی هێجگار زۆری دەبێت و ئاراستەی شەڕەکەش گۆڕانکاری بەسەردا دێت.

**ئەوەی داعش دەیکات پێشتر داگیرکەرانی دیکەی کوردستان دەرهەق بە کورد و کوردستانیان کردووە و بە سەدان لەیلا قاسمیان لەسێدارە داوین و بە هەزاران ژن و کچیان ئەنفال کردووین، ئەمەی ئەمڕۆش داعش بەرامبەر بە کورد دەیکات، درێژبوونەوەی هەمان رق و کینەیە بەرامبەر کورد و کوردستان بەڵام لە بەرگێکی دیکەدا**

**چەکدارانی داعش ٢١ جار هێرشیان کردووەتە سەر کەرکووک، بەڵام بە هیممەتی پێشمەرگەکانی لیواکانی یەک،دوو، شەش، نۆ، دە و یانزە نەک هەر هێرشەکانمان تیکشکاندوون، بەڵکو بە دەیان کیلۆمەترمان پێ بەجیهێشتوون و بە سەدان چەکداری داعش کوژراون و توانیومانە هەموو ئەو ئامانجانە بەدەست بهێنین کە لە قۆناخی یەکەمدا بۆمان دیاری کرابوو**

# بەدواداچوونێک بۆ هۆکارەکانی دروستبوونی داعش لە نێو موسڵمانان

ئەو رك و كین و توندڕەوی و دەمارگیرییەی لە نێو گەنجانی جیهانی ئیسلامی سیاسی دروستبووە، دەرئەنجامی ئەو ڕێبازە چەوتەیە، کە گەیشتە ئەو کارە تیرۆریستییەی لە نیویۆرك و واشنتۆن ئەنجامیاندا و هەموو جیهانیان پێ هەژاند و لە ١ی شوباتی ٢٠٠٤ی جەژندا ئاگریان بۆ ئازیزانی کوردستان کردەوەو هەموو کوردستانیان رەشپۆش کرد. ئەم داعشە دەرهاوێشتەی گەشەکردنی ئەو ڕێبازە چەوتەیە، کە بەداخەوە دەمێکە لەبەر هەر هۆیەك بێت، جێگەی خۆی لەنێو کەلتووری ئیسلامیدا کردۆتەوە، گەرچی بە بەردەوامی و هەمیشە زانایانی پڕ لە زانست و شارەزا لە زانستە ئیسلامییەکان لە جیهانی ئیسلامیدا بەتایبەت لە ئەزهەر و زۆربەی مەلایان و مامۆستا و زانایانی ئیسلامی لە کوردستان لەگەڵ ئەو ڕێبازە نین و تەنانەت بەرهەڵستییان کردووە. دەبێت دەست لە سەر برینەکە دابنێین و بزانین چ هەڵەیەك خزراوەتە نێو کەلتووری ئیسلامی، یان رەوتی گەشەپێدانی تیرۆر دەدات؟ لێرەدا ئاماژە بەچەند گرفتێك دەدەین کە هەموویان بەپێی هەلومەرجی زەمان و شوێن پێوەندییان بە بۆچوونی ئادەمیزادەوە هەیە.



دکتۆر محەمەد شەریف*

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

ئیسلام ئایینی یەکترناسینە (لتعارفوا)، یەکترناسینیش بە هەماهەنگی و کرانەوە دەکرێت، نەك بە گرژی و رك و کینە، لەم روانگەیەوە پێغەمبەر (د.خ) لە مەدینە لەگەڵ هەموو لایەنە جیاوازەکان بڕیاری ژیانی هاوبەشی دا. لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە: (کلا نمد هؤلاء وهؤلاء من عطاء ربك وما کان عطاء ربك محظورا) — سورة الاسراء — واتا (ئادەمیزاد موسڵمان بێت، یاخود نا، بە یەکسانی شایەنی رەحمەت و بەخشینی خودان).

لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە: ئایا ئەم دیاردەیە چییە سەریهەڵداوە کە هەرچی هەیە لە بەرامبەر باش و خراپ بە ناوی ئیسلام رەفز دەکرێت؟ بۆکۆ حەرامە بۆ ؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەبێت ئەم راستییە بزانین کە ئاینی ئیسلام لە سەر دوو بنەما دامەزراوە (الکتاب والحکمة) رێگەی دین و ئیمانمان لە کتابدا هەیە کە دەکاتە نەگۆڕەکان. واتا ثوابت (عقائد، عبادات، اخلاق)، بەڵام بابەتە بگۆڕەکان — متغیرات کە بریتییە لە سیاسەت و مامەڵەکردن کە تەنیا بە عەقڵانیەت و حیکمەت بنەمای کارە لەنێو کۆمەڵانی ئادەمیزاددا. بەیان و روونکردنەوەی کتاب و حیکمەت پەیامی پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) بوو، بەداخەوە عەقڵانییەت لە هزری ئیسلامدا زۆر لەمێژە جێگەی لاواز بووە و وەکو نیشانەی گومان دەژمێردرێت، بەتایبەتی لای رەوتی سەلەفی، هەر بۆیە توندڕۆیی دەنگی بەرزەو لەنێومان جێگەی بۆتەوە.موسڵمانان درەنگ بەئاگاهاتن و بینییان کاروانی شارستانییەت و زانستی لەوان تێپەڕی، عوسمانییەکان لە نیوەکانی چەرخی نۆزدەیەم کۆششێکی زۆریان کرد بۆ ئەوەی لەو کاروانە بەجێنەمێنن، بەڵام سوودێکی زۆری نەبوو، بەداخەوە زۆر لە زانا و مەلاکانی ئەو کات هەموو نوێسازی و شارستانییەتیان قەدەغە کرد، تەنانەت تاپیی قورئان بە پیتی عەرەبی قەدەغە کرا، لە کاتێکدا بنەمای شەرعی دەڵێت: (الاصل في الاشیاء الاباحة) بەپێچەوانەوە فەتوایان دەردەکرد، گرفتی دروستە، یا دروست نییە، گرفتێکی بێ بنەمای دروست کردبوو وەکو (بۆکۆ) حەرامی ئەم زەمانە.

مەلا (فصیح الدین الحیدري) زانایەکی بەناوبانگی کورد بوو، ئەو کات لە چەرخی نۆزدەیەمین موفتی بەغدا بوو، کە ئەم وەزعەی شەرمەزار کرد و نووسی: (ئەو کۆششەی دەکرێت بۆ دوورکەوتنەوەی موسڵمانان لە پێشکەوتنی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی تەنیا دەمارگیری و ئەحمەقایەتییە، دەبێت وەکو دەوڵەتە پێشکەوتووەکان بکەین). هەروەها شێخ محەمەد عەبدەی میسریش بەهەمان شێوە فەرموودەی هەبوو، زۆری دیکە لەم زانایانە لەنێو جیهانی ئیسلامی پەیدا بوون، بەڵام تووشی دوو دیاردەی مەترسیدار بوون و زیاتر بیرۆکەی (حەرامی) چەسپاندو زاڵ بوو لە سەر چەمکی هەماهەنگی و قبوڵکردنی یەکتر.

یەکەم: وەهابیەت کە هێزو توانایەکی نوێی دایە سەلەفیەت و زیندووی کردەوە بەهێزێکی تازەتر و گرفتێکی گەورەی بۆ عەقڵانیەتی ئیسلام دروستکرد.

دووەم : ئیسلامی سیاسی کە لە ٢٠ ـەکانی سەدەی بیستەم سەریهەڵداو بەرژەوەندیی سیاسیی خۆیان لەوەدا بینییەوە کە جارێکی دی جیهان دابەشی دوو جیهان بکرێت (جیهانی ئیسلام و جیهانی کوفر)، لە کاتێکدا قورئانی پیرۆز داوای یەك جیهانی کردووە (والله یدعوا الی دار السلام)، بەڵێ چەمکی عزلەتی گۆشەگیریی موسڵمانانیان لە غەیری موسڵمانان لە کەلتووری خەڵکێکی زۆر لە موسڵمانان چەسپاند، کەچی قورئانی پیرۆز و سیرەت و سوننەتی پێغەمبەر (د.خ) پێچەوانەی ئەم رەوشتە بوو، ئەدی یەکێك لە ژنەکانی جوولەکە نەبوو، یەکێکی دیکەیان قبطي نەبوو؟ بەڵێ جوولەکەیەکیش خزمەتی کردبوو، لەمەدا میثاقی مەدینە گەورەترین بەڵگەیە.

ئەو رك و کین و توندڕەوی و دەمارگیرییەی لە نێو گەنجانی جیهانی ئیسلامی سیاسی دروستبووە، دەرئەنجامی ئەو رێبازە چەوتەیە، کە گەیشتە ئەو کارە تیرۆریستییەی لە نیویۆرك و واشنتۆن ئەنجامیاندا و هەموو جیهانیان پێ هەژاند و لە ١ی شوباتی ٢٠٠٤ی جەژندا ئاگریان بۆ ئازیزانی کوردستان کردەوەو هەموو کوردستانیان رەشپۆش کرد. ئەم داعشە دەرهاوێشتەی گەشەکردنی ئەو رێبازە چەوتەیە، کە بەداخەوە دەمێکە لەبەر هەر هۆیەك بێت، جێگەی خۆی لەنێو کەلتووری ئیسلامیدا کردۆتەوە، گەرچی بە بەردەوامی و هەمیشە زانایانی پڕ لە زانست و شارەزا لە زانستە ئیسلامییەکان لە جیهانی ئیسلامیدا بەتایبەت لە ئەزهەر و زۆربەی مەلایان و مامۆستا و زانایانی ئیسلامی لە کوردستان لەگەڵ ئەو رێبازە نین و تەنانەت بەرهەڵستییان کردووە. دەبێت دەست لە سەر برینەکە دابنێین و بزانین چ هەڵەیەك خزراوەتە نێو کەلتووری ئیسلامی، یان رەوتی گەشەپێدانی تیرۆر دەدات؟ لێرەدا ئاماژە بەچەند گرفتێك دەدەین کە هەموویان بەپێی هەلومەرجی زەمان و شوێن پێوەندییان بە بۆچوونی ئادەمیزادەوە هەیە.

یەکەم: هەموومان دەزانین ئیسلام نەهاتووە کۆمەڵگەی ئەو کاتی عەرەبەکان لەبنڕا هەڵبوەشێنێت، بەڵکو زۆربەی ئەو دابونەریتانەی ئەو کاتی عەرەب کە کاری رۆژانەیانیان پێ دەبرد بەڕێوەو گرفتەکانیان پێ چارەسەر دەکرد، بەتاڵ نەکرا، تەنیا هەندێك نموونە نەبێت کە لەگەڵ ئەخلاق

**ئیسلام ئایینی یەکترناسینە (لتعارفوا)، یەکترناسینیش بە هەماهەنگی و کرانەوە دەکرێت، نەک بە گرژی و رک و کینە**

**بەداخەوە عەقڵانییەت لە هزری ئیسلامدا زۆر لەمێژە جێگەی لاواز بووە و وەکو نیشانەی گومان دەژمێردرێت، بەتایبەتی لای رەوتی سەلەفی، هەر بۆیە توندڕۆیی دەنگی بەرزەو لەنێومان جێگەی بۆتەوە**

**زۆربەی هەرە زۆری فەرموودەکان روایەتی تاکە کەسێکە، گرفتی متمانە پێکردنی هەر ماوەتەوە و بە تەواوەتی چارەسەر نەکراوە**

**جیهاد زەحمەتکێشی و ئامادەباشییە بۆ بەرگری، نەوەک بۆ هەڵکوتانە سەر دینێکی دی (لااکراه فی الدین)، زەحمەتکێشان بۆ پاککردنەوەی دەروون (جهاد النفس) کە لەهەموو جیهادێک پایەبەرزترە، کەچی جیهاد کراوە بە جەنگ و کوشتن و برین**

و دادپەروەریی ئیسلام نەدەگونجا، شکاندنی بتەکان و باوەڕهێنان بەخودای تاك و بێ شەریك و بەها بەنرخەکانی مرۆڤایەتی کە ئێستاشی لەگەڵدا بێت و هەتا هەتایە پێوەری مافەکانی ئادەمیزادن، ئەمە بنەمای سەرەکیی دینی ئیسلام بووە، پێغەمبەر (د.خ) خۆی شانازیی بەوە دەکرد لە زەمانی پێش ئیسلام کە جاهلیەتیان پێ دەگوت لەگەڵ چەند گەنجێك بەشداربووە و ویستوویانە لە دژی زوڵمکاری هەڵوێست وەربگرن و پشتی مەزڵووم بگرن، ئەمە وەکو کۆمەڵەی مافی مرۆڤی ئەو کاتە بووە. ئەمە ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت کە هەر کردەوەیەك، یا شتێك باش بێ، ئیسلام پێشوازی لێکردووە، پێوەر حیکمەت و بەرژەوەندی میللەتە.

دووەم: لە روانگەی خاڵی یەکەم نابینین جیاوازی کرابێت لە نێوان سوننەتی خودا کە قابیلی گۆڕان نییە لەگەڵ دابونەریتی مرۆڤایەتی کە زەمەن دەیگۆڕێت، بەڵام لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە بۆ چارەسەرکردنی بەرقەراری لە کۆمەڵگەی ئەو کات کە پێویستی بەمانەوە بووە. بە وردی ئەم ئایەتە پیرۆزە نەخوێندراوەتەوە (یرید الله لیبین لكم ویهدیكم سنن الذین من قبلكم) — سورة النساء. بە کورتی جیاوازی لە نێوان نەگۆڕەکان و بگۆڕەکان نەکراوە کە ڕێگەی دین و ئیمانمانە. بۆ نموونە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی نزیکەی ١٥٠ ساڵ دەبێت نەفرەت لە کۆیلایەتی عبودییەت دەکات، عوسمانیەکانیش لەساڵی ١٨٦٧دا کۆیلایەتییان حەرام کرد، بگرە لە ئەخلاقی مرۆڤایەتی ئەمرۆشدا جێگەی نەماوە و لەسەرجەم مافەکانی مرۆڤ و دەستووری هەموو دەوڵەتەکانی سەر زەمین حەرام کراوە، لەکاتێکدا قورئانی پیرۆز پێش هەموو شارستانیەتەکان نەخشەڕێگەی بنبڕکردنی کۆیلایەتی چەسپاندووە، مرۆڤی هان داوە بۆ (فك رقبة) واتا ئازادکردنی مرۆڤ. واتا دروشمی گەورەی قورئانی پیرۆز (فك رقبة) نەك (اسر رقبة) یا (ذبح رقبة)، کەچی بابەتی کۆیلایەتی لە کتێبەکانی فقهی هەموو لایەکان تا ئەمرۆ ماوەتەوە، وەکو (سنة الله) حسابی بۆ کراوە و وەکو حوکمی خودا داعشیش بەرجەستەی دەکات و خەڵکێکی نەفامیش (الله اکبر)ی بۆ دەڵێت، بەخەیاڵی ئەوەی شرع الله زیندوو کراوەتەوە (سبحانك هذا بهتان عظیم). هەروەها وەکو لە قورئاندا نموونەی دی زۆرن بە وردی بخوێنەوە (ان الله یحب الذین یقاتلون في سبیله صفا كانهم بنیان مرصوص) دیارە جەنگی شانبەشان لەگەڵ چەکی کۆمەڵکوژی ئەم چەرخە ناگونجێت.

گرفتی ئەم هەموو فەرموودەیەی نسبەت بە پێغەمبەر دراوە

١. پێغەمبەر نەیهێشتووە فەرموودەی ئەو بنووسرێتەوە ( لاتكتبوا عني).

٢. بەمەرج خەلیفەکانی راشدین فەرموودەیان قبوڵ دەکرد، ئەبو هورەیرە دەڵێت: نەمدەوێرا لە زەمەنی حەزرەتی عومەر روایەتی فەرموودە بکەم.

٣. لەپاش ١٢٠ ساڵ و لە دوای بڵاوبونەوەی درۆی زۆر بەناوی فەرموودەی پێغەمبەر دەستیان کرد بە نووسینەوەی فەرموودە بە مەبەستی زانینی راستییەکان، ئەمە کارێکی یەکجار گەورە و مێژوویی بوو، زانستی فەرموودە پەیدا بوو، بەڵام زەمان زۆر شتی گۆڕی کە وەکو خۆی نەهاتەوە، زۆر لەو فەرموودانە درۆ بوون، یاخود جێگەی متمانە نەبوون، بەتایبەتی لەبابەتی (ترغیب و ترهیب) دەردەکەش لەگەڵ بانگخوازەکان و وتاری هەینی سەرچاوەکەی لەو بابەتەیە.

٤. مێژووی فەرموودەکانی پێغەمبەر (د.خ) دیار نییە، بەدەگمەن نەبێت.

٥. تەنیا قورئان وەحیە ؛ پێغەمبەر (د.خ) وەکو بەشەر ئیجتیهادی کردووە، بەڵام هەمیشە روون نەکراوەتەوە کە ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەر (د.خ) رسالییە، یا بەشەرییە، یا تایبەتە بەخۆی، یا بە کاتێك، یا گشتییە.

٦. زانایانی علمی فەرموودەکانی پێغەمبەر (د.خ) زۆر نموونەیان هێناوەتەوە (مختلف الحدیث) کە پێچەوانەی یەکترن و ویستوویانە چارەسەریان بکەن، بەڵام بنبڕ نەکراوە.

٧. هەموو فەرموودەکان (ظنین) واتا متمانەی تەواو لە راستی هەرە زۆری فەرموودەکان نییە، هەندێکیان پێچەوانەی قورئانی پیرۆزن، کە بە تەئکید راستە، وەکو دەڵێن پێغەمبەر فەرموویەتی: من هاتووم سەرتان ببڕم، کەچی قورئانی پیرۆز فەرموویەتی: (وما ارسلناك الا رحمة للعالمین) واتا نامەی تۆ یا محەمەد بۆ گشت عالەم تەنیا رەحمەتە.

زۆربەی هەرە زۆری فەرموودەکان روایەتی تاکە کەسێکە، گرفتی متمانە پێکردنی هەر ماوەتەوە و بە تەواوەتی چارەسەر نەکراوە، هەر بۆیە زانایانی وەکو ئەبو حەنیفە تەنیا بە فەرموودەی بەناوبانگ رازی بووە کە بە زۆر لاوە روایەت کرابێت، ئەوانەش بە دەست دەژمێردرێن، ئیمامی مالیکیش فەرموودەی وەرنەگرتووە لەگەڵ کاری خەڵقی مەدینە نەگونجێت.

سێیەم: چەند چەمکێکی قورئانی زۆر گرنگ هەن، کە لە مەبەست و مانای خۆی دوور کراوەتەوە و تەحریفی چەمکی جیهاد و چەمکی حاکمییەت، ئەو تەحریفەش کراوەتە بنەمای شەرعیەتی (کراهیة الاخر) و رەفزی ژیان لەگەڵیاندا.

١. جیهاد زەحمەتکێشی و ئامادەباشییە بۆ بەرگری،




نەوەك بۆ هەڵكوتانە سەر دینێكی دی (لا اكراه في الدين)، زەحمەتكێشان بۆ پاككردنەوەی دەروون (جهاد النفس) كە لەهەموو جیهادێك پایەبەرزترە، كەچی جیهاد كراوە بە جەنگ و كوشتن و برین. لە قورئانی پیرۆز شەڕ لەگەڵ ئەوانەی دەكرێ شەڕمان لەگەڵ دەكەن (وقاتلوا الذين يقاتلونكم) وەكو شێخ محەمەدی غەزالی دەڵێت: ئەوانە ئایەتەكان پچڕ پچڕ دەكەن و لەسیاقی خۆیان دەریدەهێنن بۆ مەبەستی تایبەتی خۆیان.

٢. بە هەڵە شرۆڤەكردنی ئایەتی (ان الحكم الا لله) موسڵمانانی دواخست لە كاروانی شارستانییەت و پێشكەوتنی دنیا، بە گوێرەی ئەم شرۆڤە هەڵەیە حاكمییەت هەر بۆ خودایە، هەر كەسێ رازی بێت بە یاسای بەشەر كافرە، دەبێ (شرع الله) بەرجەستە بێت، هەروەكو داعش دەیسووڕێنێ و گروپەكانی سەید قوتب و مودودی لە ئیسلامی سیاسی، سەلەفییە توندڕەوەكان بە توندوتیژیی و دەمارگیریی بانگەشەی بۆ دەكەن.

ئێمە لە پرۆژە نوێسازییەكەمان (تجديد الموقف الاسلامي في الفقه والفكر والسياسة) كە كۆڕبەندەكەمان. كۆڕبەندی هزری ئیسلامی – سەرپەرشتی دەكات، بە تێر و تەسەلی ئەم شرۆڤە هەڵەیەمان پووچەڵ كردەوە، بە بەڵگەی ئەوەی نە لەگەڵ سیاقی ئایەتەكان دەگونجێت، نە سیرەی پێغەمبەر و خەلافەت و مەسئولییەتی مرۆڤایەتی لەسەر ئەم زەوییە، بێگومان مەبەست لە وشەی حوكم لێرە قەزا و قەدەرە. پشتبەستن بە شرۆڤەی سەید قوتب پێشتریش خەوارجەكان كارەساتێكی پڕ وەحشییەتی پەیدا كردووە، بە گوێرەی شرۆڤەی ئەوانە ئەم خەڵقە كە (لا اله الا الله) دەڵێن لە جاهلییەتدان – كافرن – مورتەدن، مورتەدیش دەبێ بكوژرێت.

نەخێر نە ئەوانە كافرن و نە مورتەدیش دەكوژرێ. (والله خير حافظا وهو ارحم الراحمين).

*** سەرۆكی كۆڕبەندی هزری ئیسلامی**

**لە ١ی شوباتی ٢٠٠٤ی جەژندا ئاگریان بۆ ئازیزانی كوردستان كردەوەو هەموو كوردستانیان رەشپۆش كرد. ئەم داعشە دەرهاویشتەی گەشەكردنی ئەو رێبازە چەوتەیە، كە بەداخەوە دەمێكە لەبەر هەر هۆیەك بێت، جێگەی خۆی لەنێو كەلتووری ئیسلامیدا كردۆتەوە**

## جێرمی پریسمان

### تایبەتمەند لە سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ گوڵان:

# پێشمەرگە سەلماندی کاریگەرترین هێزە لەسەر زەوی، سوپای عێراقیش سەلماندی ناتوانێت پێشڕەویی داعش رابگرێت



**پرۆفیسۆر جێرمی پریسمان ئوستادی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە لە زانکۆی کونیتکت و پسپۆڕ و تایبەتمەندە لە سیاسەتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کێشەی عەرەب - ئیسرائیل و سیاسەتی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بۆ قسەکردن لەسەر شەڕی هاوپەیمانانی نێودەوڵەتی و تیرۆریستانی داعش و هەوڵەکان بۆ راگرتنی پێشڕەوییەکانی داعش لە سووریا و عێراق، ئەم وتوێژەمان لەگەڵ ئەنجامداو بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو.**

*** لەم شەڕەی تیرۆریستانی داعش دەرکەوت، ئەمە شەڕێکی جیاوازە و هەموو جیهانیش بەم شەڕەوە سەرقاڵە، بەڵام تا چ رادەیەك ئەم شەڕە ئەرکی پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی لە جیهاندا گۆڕیوە؟**

- ئەمە گواستنەوەیە لە شەڕێکی تەقلیدییەوە بۆ شەڕێك لەگەڵ لایەنێکی غەیرە دەوڵەتی وەك داعش کە خاوەنی شەرعییەتی نێودەوڵەتی نییە و ئەمەش رەوتێکە بۆ چەند دەیەیەکە بەردەوامە. یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو لە هەشتاکانی سەدەی رابردوو لە ئەفغانستاندا شەڕی موجاهیدەکانی دەکرد کە شەڕکردن نەبوو لەگەڵ دەوڵەتێکدا، ئەگەرچی لەلایەن هەندێ دەوڵەتەوە پشتیوانی دەکرا. بۆیە ئەم شەڕەی ئێستای تیرۆریستانی داعشیش شەڕێکە کە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی لەگەڵ لایەنێکی غەیرەدەوڵەتی رووبەڕووی بۆتەوە.

*** چەکدارانی داعش پێش راگەیاندنی خەلافەتەکەیان پەنایان بۆ کاری خۆکوژی و بەکارهێنانی ئۆتۆمبێلی بۆمبڕێژکراو دەبرد، بەڵام لە ئێستا ئەوا شارێك بە تەواوەتی بۆمبڕێژ دەکەن، پرسیارەکە ئەوەیە لە کاتێکدا شەڕ لەگەڵ خەلافەتی ئیسلامیدا دەکەن، ئایا هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی تا چ رادەیەك ناچارە ئەو شارانە وێران بکات و ئایا دەکرێت ئەم باجە بدرێت و چۆن ئەو شارانە ئاوەدان دەکرێنەوە؟**

- ئەمریکا و سەرۆك ئۆباما لەبەر ئەم حاڵەتە خوازیاری ئەوە نەبوون راستەوخۆ خۆیان لە شەڕەوە تێوەبگلێنن. هەروەها لە هەوڵی ئەوەدا بوون خۆیان لە شەڕی شارەکان لە عێراقدا لابدەن و هێزی زەمینی ئەمریکای تێوەنەگلێت. خاڵی دووەم ئەوەیە ئەمریکا داوا لە هاوپەیمانانی شەڕی دژ بە داعش دەکات، زیاتر هاوکاری بکەن و ئومێدی واشنتۆن ئەوەیە دەوڵەتانی دیکە و بە تایبەتیش لایەنە بەشدارە عێراقیەکان زیاتر رۆڵیان هەبێت و، هێزەکانی عێراق رۆڵی پێشەنگ ببینین لە دەست بەسەردا گرتنەوەی خاك و ئەو شار و ناوچانەی لەلایەن تیرۆریستانی داعشەوە داگیرکراون، بۆیە هەتا ئێستا ئیدارەی سەرۆك ئۆباما دوودڵە لەوەی هێزی زەمینی ئەمریکا بەشداری ئەم شەڕە بکات، وەك ئەوەی لەسەردەمی جۆرج دەبلیو بوش لە عێراق و ئەفغانستان پیادە کرا. ئەوەی پەیوەندی بە سووریاوە هەبێت، ئەوا سێ ساڵە ئەو مشتومڕە هەیە لە ئەمریکا کە ئایا پشتیوانی موعارەزەی سووری بکرێت و هاوسەنگی هێز بگۆڕێت بۆ رووخانی ئەسەد، بەڵام هێشتا هەنگاوی جددی بۆ هەڵنەگیراوە.

*** شارەزایان و توێژەران بەو دەرئەنجامە گەیشتوون کە داعش مەترسیدارترە لە ئەلقاعیدە، واتە داعش هەڵگری ئایدیۆلۆژیایەکی رادیکاڵی مەترسیدارترە، پرسیارەکە ئەوەیە تا چ رادەیەك ئەمە ئایندەی دیموکراسی لە جیهاندا دەخاتە مەترسییەوە؟**

- پێموا نییە لەسەر ئاستی ئایدیۆلۆجی مەترسی هەبێت و باوەڕم وانییە مەترسی بێت بۆ سەر لیبراڵ دیموکراسی لەسەر ئاستی جیهاندا و ئەگەر ئایدیۆلۆژیای داعش بگوازێتەوە بۆ ئەو بەشانەی جیهان کە لیبراڵ دیموکراسی تێدایە، ئەوا باوەڕم وانییە ململانێ لە نێوان هەردوو ئایدیۆلۆژیاکەدا دروست بێت. بەلای منەوە ئەوەی لە جیاوازیی ئایدیۆلۆژی گرنگترە لە نێوان داعش و ئەلقاعیدە بریتییە لە سەرکەوتنە گەورەکانی داعش لە گۆڕەپانی شەڕدا. توانای سەربازیی ئەلقاعیدە زۆر سنووردارترە و داعش بە بەراورد بە ئەلقاعیدە لە بەزاندنی دوژمنەکانیاندا زیاتر سەرکەوتوو بوون، کەواتە جیاوازییەکە کەمتر پەیوەستە بە ئایدیۆلۆژیاوە، بەڵکو پتر بە پەیوەستە بە سەرکەوتنە سەربازییەکانی داعشەوە لەسەر ئاستی تەکتیکی و ستراتیژی. هەروەها پێموایە جیاوازی گرنگ هەیە لە نێوان داعش و حزبوڵا لە لوبنان و حەمماس لە ناوچە داگیرکراوەکان لە فەلەستین، من ناڵێم هەمان ئایدیۆلۆژییان هەیە، نەخێر، هەمان شت نییە، بەڵام ئەوەی جێی بایەخە ئەوەیە هەرسێکیان گرووپێکی غەیرە دەوڵەتین کە سەرکەوتنی باشتریان بەدەست هێناوە لە گۆڕەپانی شەڕدا و ئەدایەکی باشتریان هەبووە لە تەکتیکی سەربازیدا، داعشیش گرووپێکی غەیرەدەوڵەتییە کە بەهێزتر دەبێت لە گۆڕەپانی شەڕدا، ئەمەش کەمتر پەیوەستە بە نوێکردنەوە و گۆڕانکاری ئایدیۆلۆژییەوە، بەڵکو پتر پەیوەندی بە گۆڕانکاری سەربازی و ستراتیژیی و تەکتیکییەوە هەیە.

*** بەرەوپێشچوونی تەکنەلۆژیا بۆتەهۆی ئەوەی پچڕاندنی سەرچاوەکانی پەیوەندیکردنی ئەندامانی داعش زەحمەتتر بێت، چونکە ئاشکرایە کە داعش سوودێکی زۆری لە تۆڕەکانی سۆشیال میدیا وەرگرتووە کە ئاسان نییە هیچ جۆرە گەمارۆیەك بخرێتەسەر ئابوورییەکەیان، لەبەر ئەوەی ئەوان لە رێی سیستمی گواستنەوەی ئەلەکترۆنییەوە پارە دەگوازنەوە، ئایا دەکرێت لەو بوارەدا رێگرییان لێبکرێت؟**

- پێموایە ئاسانترە بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی سزای دارایی بسەپێنێت بە سەر دەوڵەتێکدا لەوەی بەسەر گرووپی داعشدا بیسەپێنێت، لەبەر ئەوەی داعش

**پێشمەرگە کارێکی کەمی لەدەست دێت بۆ بەغدا ئەگەرچی کاراکتەرێکی سەربازی بەتوانان لەسەر زەوی**

**ئەمریکا و هاوپەیمانێتییەکەش دەزانن تەنها پشتبەستن بە پێشمەرگە وەک هێزی زەمینی بەس نییە بۆ راگرتن و پاشەکشەپێکردنی دەوڵەتی ئیسلامی، بەڵام لە ئەمریکادا پێکناکۆک بوونێک هەیە لە نێوان پشتیوانیکردنی پێشمەرگە و پاڵپشتیکردنی حکومەتی مەرکەزی عێراق**

دەوڵەت نییە و دامەزراوەی دەوڵەتی نییە، بۆیە ئەگەر دەوڵەتێك بانك و دامەزراوەی ئابووری لەبەردەستدا بێت، ئەوا دەکرێت سزای بەسەردا بسەپێنرێت، بۆ نموونە لەسەرەتای شەڕی ناوخۆی سووریادا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی سزای بەسەر رژێمی ئەسەد سەپاند، چونکە ئەمە حکومەت بوو، دەوڵەت بوو، ئەمە زەحمەتە لەگەڵ داعشدا بکرێت. بەڵام ئەگەر بەردەوام بێت لەسەر کۆنترۆڵی ئەو خاکانە ئەوا لە کۆتاییدا بەرپرسیار دەبێت لە ئابووری ئەو ناوچانە و تاوەکو زیاتر لە دەوڵەت بچن، ئەوا لاوازییان لە ئاست ئەم مەسەلەیەدا زیاتر دەبێت.

*** دەبینین هەر زوو داعش توانی خۆی بگونجێنێت لەگەڵ بۆردومانە ئاسمانییەکانی هاوپەیمانەکاندا و ئەو هێرشانە پێشڕەوییەکانی داعشی رانەگرتووە، کە لە پێشدا کاریگەری بەرچاوی هەبوو، بەڵام ئێستا ئەوان لە بەرەوپێشچووندان، بۆ نموونە سەرەڕای هێرشە ئاسمانییەکان لە کۆبانێ ئەوان هەر لە پێشڕەویدان؟ پرسیارەکە ئەوەیە تا چ رادەیەك ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی پەنا ببەنە بەر هێرشی زەمینی؟**

-پرسیاری سەرەتا ئەوەیە ئایا ئەمریکا و هاوپەیمانێتییە نێودەوڵەتییەکە تا چ رادەیەك پابەندن سنووری هێرشەکانیان فراوانتر بکەن، لەبەر ئەوەی هەندێ لە گوزرە ئاسمانییەکان سنووردارن و هەڵمەتێکی ئاسمانی گەورە نەکراوە و زیاتر هەڵمەتێکی رەمزییە ئەگەر بەراوردی بکەیت بە هەڵمەتی ٢٠٠٣ یاخود ساڵی ١٩٩١، کەواتە ئەمە پرسیارێکی رەوایە. ئایا ئەمریکا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئامادەی ئەوەن هێرشە ئاسمانییەکان چڕتر بکەنەوە؟ ئایا ئەمریکا هەوڵی ئەوە دەدات خاڵە لاوازەکانی داعش بدۆزێتەوە و لەوە بکۆڵێتەوە؟ ئایا ئەمریکا تا چ ئاستێك دەڕوات لە بۆردومانکردن و تا چەند مەودای زیانەکان لە هێرشەکانی ئەمریکاوە سنوردار دەکات؟ لەبەر ئەوە لە قۆناغێکدان هەردوولا هەڵسەنگاندن بۆ یەکتر دەکەن و رەنگە ئەو بارودۆخەی ئێستا هەیە، لە بارودۆخی مانگێك، یان شەش مانگ پێش ئێستا نەچێت. من لەگەڵ بنەمای پرسیارەکەی ئێوەدا هاوڕام کە رەنگە هێرشە ئاسمانییەکان بەس نەبن بۆ رێگریکردن لە بەرفراوانبوونی داعش -داگیرکردنی خاکی زیاتر-، یاخود بەردەوام بوون لە کۆنترۆڵکردنی ئەو خاکانەی داگیری کردوون. ئەمریکا هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی هەست بە فشار دەکەن لە پرسی هێرشی زەمینیدا، لە ئەمریکادا مشتومڕێکی گشتی نەکراوە لە بارەی پرسی هێرشی زەمینییەوە، رەنگە سەرۆکی ئەمریکا رایگەیاندبێت کە هێزی زەمینی بڵاوناکەینەوە، ئەگەرچی تا ئێستا راوێژکاری سەربازی ئەوەی بڵاوکردۆتەوە، ئەمریکا لە قۆناغێکدا نییە کە مشتومڕی گشتی و لەسەر ئاستی کۆنگرێس بکرێت لەبارەی ئەوەی ئایا ئامادەن دووبارە هێزی زەمینی بنێرنەوە بۆ عێراق، بە لەبەرچاوگرتنی داگیرکاریی ئەمریکا لە ساڵی ٢٠٠٣دا و مانەوەی بۆ ماوەیەکی زۆر کە دواتر ئۆباما کەمکردنەوەی هێزە زەمینییەکانی لە عێراق بە دەستکەوتی خۆی زانی، لەبەر ئەوە بیرۆکەی دووبارە هێنانەوەی هێزێکی زەمینی گەورە لەسەر ئاستی رای گشتی ئەمریکا و کۆنگرێس مایەی گرفت دەبێت.

*** شەڕی دژی داعش تەنها شەڕی کوردەکان نییە، شەڕی هەموو جیهانە، ئایا چۆن لە رۆڵی هێزە کوردییەکان و هێزەکانی پێشمەرگە لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریستانی داعش دەڕوانن و چ خوێندنەوەیەکت بۆ ئەوە هەیە کە هەندێ وڵات هەوڵی ئەوە دەدەن چەکی قورس و پێشکەوتوو و کۆمەکی مرۆیی بە کوردستان ببەخشن؟**

- پێشمەرگە رۆڵێکی گرنگی بینیوە لە پاشەکشەپێکردنی داعش بە چەشنێك سوپای عێراق و حکومەتی مەرکەزی نەیانتوانیوە، لەبەر ئەوە مایەی تەحەددای زیاتر بووە بۆ حکومەتی عێراق، لە ئێستادا شەڕەکە فراوان بووە و ئەمریکا و هاوپەیمانێتییەکەش دەزانن تەنها پشتبەستن بە پێشمەرگە وەك هێزی زەمینی بەس نییە بۆ راگرتن و پاشەکشەپێکردنی دەوڵەتی ئیسلامی، بەڵام لە ئەمریکادا پێکناکۆك بوونێك هەیە لە نێوان پشتیوانیکردنی پێشمەرگە و پاڵپشتیکردنی حکومەتی مەرکەزی عێراق، لەبەر ئەوەی ترسی ئەوە هەیە چەکی زیاتر بدرێت بە پێشمەرگە، ئەوا بۆی هەیە دەوڵەتی عێراق لاواز بکات، بەڵام جار لە دوا جار ئەوە سەلمێنراوە کە دەوڵەتی عێراق و سوپای عێراق نەیانتوانیوە پێشڕەوی داعش بوەستێنن و پاشەکشەی پێ بکەن، لەبەر ئەوە ئەمریکا لە نێوان دوو بەرداشدایە. پوختەی مەسەلەکە ئەوەیە سەلمێنراوە پێشمەرگە کاراترین هێزن لەسەر زەمین، بەڵام هەندێ بەگومانم لەوەی ژمارەیان وەك پێویست بێت. ئەویش بە لەبەرچاوگرتنی ژمارە و ئەو خاکانەی لە ژێر کۆنترۆڵی داعشدان. دەبێت سوپای عێراقی بەرگری لە بەغدا بکات و دەکرێت پشتیوانی بکرێن، بەڵام پێشمەرگە کارێکی کەمی لەدەست دێت بۆ بەغدا ئەگەرچی کاراکتەرێکی سەربازی بەتوانان لەسەر زەوی.


**ئۆباما کەمکردنەوەی هێزە زەمینییەکانی لە عێراق بە دەستکەوتی خۆی زانی، لەبەر ئەوە بیرۆکەی دووبارە هێنانەوەی هێزێکی زەمینی گەورە لەسەر ئاستی رای گشتی ئەمریکا و کۆنگرێس مایەی گرفت دەبێت**

**ئاسانترە بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی سزای دارایی بسەپێنێت بە سەر دەوڵەتێکدا لەوەی بەسەر گرووپی داعشدا بیسەپێنێت**

**ئومێدی واشنتۆن ئەوەیە دەوڵەتانی دیکە و بە تایبەتیش لایەنە بەشدارە عێراقیەکان زیاتر رۆڵیان هەبێت و، هێزەکانی عێراق رۆڵی پێشەنگ ببینین لە دەست بەسەردا گرتنەوەی خاك و ئەو شار و ناوچانەی لەلایەن تیرۆریستانی داعشەوە داگیرکراون**

### تۆفیق یاسری سیاسەتمەداری عێراقی بۆ گوڵان:

# بۆ بنیادنانەوەی سوپای عێراق دەبێ سوود لە ئەزموونی پێشمەرگە وەربگرین



**عێراق بە بارودۆخێكی قورس و نالەباردا تێدەپەڕێت، خەریكە شەڕی تیرۆریستانی داعش دەگۆڕێت بۆ شەڕی نێوان سوننە و شیعە، بۆ قسەكردن لەسەر ئەم رەوشەی ئێستای عێراق ئەم وتووێژەمان لەگەڵ سیاسەتمەداری ناسراوی عێراقی توفیق یاسری ئەنجامداو بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەكانی گوڵانی دایەوە.**

***خوێندنەوەتان دەربارەی بارودۆخی ئێستای ئەمنیی عێراق چییە، بەتایبەتی كە لە ئێستادا زۆر ناوچەی سوننەنشین كەوتوونەتە ژێر دەسەڵاتی داعش و هەندێ قسەو باسیش هەن كە گوایە خەریكە لە بەغدای پایتەخت نزیك دەبنەوە؟**

- ئەمە قسەوباس نییە، بەڵكو واقیعە و پێمان دەڵێت كە داعش بەتەنیا رێكخراوێكی تیرۆریست نییە، بەڵكو دەكرێ بگوترێت هێزێكی نیمچە رێكخراوە و هێزی سەربازی و دارایی و كەلوپەل و جبەخانە و گواستنەوەو هاتوچۆی هەیە، بۆیە ناكرێ وا سەیربكرێت كە هێزێكەو دەتوانرێت لە كاتێكی دیاریكراودا لەناو ببرێت، داعش تەكتیك و ستراتیژییەتی خۆی هەیە لە هێرش و داگیركردندا، كاتێ روو لە شارو شارۆچكەكان دەكات دەزانێت چۆن جووڵە دەكات، هەروەها داعشییەكان كاتێ گوشاری لە بەرەیەكی دیاریكراویان لەسەر بێت، یەكسەر بیر لەوە دەكەنەوە كە شەڕەكە بۆ بەرەیەكی دیكە بگوازنەوە، تەنانەت ئەم تەكتیكیشە لە هەمبەر خۆرزگاركردن لە گورزی ئاسمانیی فڕۆكەكانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی و هێزی ئاسمانیی عێراقدا بەكار دەهێنن.

*** چۆن دەكرێت لەگەڵ لاوازیی سوپای عێراق بە تەواوی رووبەڕووی ئەو هێزەی داعش ببینەوە، واتا پێگەی ئەو سوپایە لەو هاوكێشەیەدا چۆن دەبینن؟**

- من پێموایە ئەگەر ئەو سوپایەی عێراق بە شێوەیەك رێكبخرێتەوە و هەماهەنگییەكی تۆكمە لە نێوان ئەو سوپایە و هێزی پشتیوانیی میللی و هێزی پێشمەرگە بە هاوكاریی هێزی ئاسمانیی هاوپەیمانان هەبێت، دەكرێ تا رادەیەكی زۆر كاریگەریی هەبێت بۆ لەناوبردنی رێكخراوی داعش، بەداخەوە دەبینین لە شوێنی جیاوازدا پێكدادان و شەڕ دەبێت بێ ئەوەی هەماهەنگی و هاوكاریی لەنێوان ئەو هێزانەدا هەبێت، لە كۆتاییشدا ئامانجەكان ناپێكێنرێن و سەركەوتن بەدەست نایەت، چونكە كاتژمێری سفر و میكانیزمی هێرش و چۆنیەتی گواستنەوەی هێز لە بەرەیەكەوە بۆ بەرەیەكی دیكە، پلانی بۆ دانارێژرێت، بۆیە لە زۆر شوێن ئەو توانایە بەكار ناهێنرێت و ئەنجامی ئەرێنی نابێت، لەبەرئەوە فەرماندەكانی هێزی چەكداریی عێراق پێویستە بیر لەوە بكەنەوە كە جۆرە گۆڕانكارییەك لە پلان و بەرنامەی سەربازیدا بكەن، لەجیاتی ئەوەی كە لە بەرەیەك هێرش بكەن كە ئەنجامەكەی پێشوەختە دیارە و سەركەوتن ناهێنێت، با لە بەرگریدا بن، كە ئەم رەفتارە زۆر جار لە بەرژەوەندیی داعشدایە كە بتوانێت شار و شارۆچكەی زیاتر داگیر بكات.

*** ئایا پێتوا نییە كە شەڕی ئەم جارە بۆ سەربازانی عێراق جیاوازیی لەگەڵ شەڕەكانی پێشتردا هەیە؟**

- بەڕاستی شەڕی ئەم جارە سەرسوڕهێنەرە بۆ هەموو لایەك، چونكە نەمانزانی چۆن داعش بەو خێراییەو ئەو هێزەی هەیەتی لە پارێزگای نەینەوا توانی ئەو شوێنانە داگیر بكات لە بەرامبەر ئەو هەموو هێزە سەربازییەی عێراق و ئەو ژمارە زۆرەی سەرباز و جبەخانە و تەقەمەنییە و ئەو هێزە زۆرەی پۆلیس كە لەو پارێزگایەدا هەبوو، ئەمەش مەعنەویات و وورەی سوپای عێراقی هێنایە خوارەو كاتێ بینیمان ئەو هەموو هێزە بەو ژمارە زۆرەی تانك و تۆپ و چەكی گەورەو مامناوەند و بچووك نەیانتوانی بۆ ماوەیەكی كورتیش بەرگری بكەن و یەكسەر لە گۆڕەپانەكە رایانكردو بواریان بە داعشدا بەم شێوەیە پێشڕەوی بكات، ئێمە پێویستیمان بە هەڵمەتێكی هۆشیاركردنەوەیە بۆ بەرزكردنەوەی وورەی سەربازانی عێراق تاكو بتوانن لە بەرگریكردن بەردەوام بن.

*** باسی هۆشیاركردنەوەی سوپای عێراقیتان كرد و هەندێكیش دەڵێن پێویستە سوپای عێراق راهێنان و مەشقێكی چاك بكەن، ئەمە كاتی زۆری پێویستە، تا ئەمە ئەنجام دەدرێت رەنگە داعش بگاتە ناو بەغدا، لەوبارەیەوە چی دەڵێن؟**

- من بەم شێوەیە بیرناكەمەوە، بەڵكو ئەگەر وورەی سەربازان بەرز بكرێتەوە متمانە و بروا بە سوپاكە هەبێت و سەركردایەتییەكی بەتوانای هەبێت و لە رووی پێشڕەوی و كۆنترۆڵكردنەوە ئاراستە بكرێن، رەنگە لە زۆر شوێندا سەربكەون و دواتریش هەنگاو بۆ بەرنامەی دیكە بهاوێژرێت و پێشكەوتن لە بەرەكانی شەڕدا بەدەست بهێنن. بۆیە پێویستە بەتەواوی پشت بە ئەفسەر و شارەزایانی سەربازی ببەسترێت كە دەتوانن سەركردایەتیی كەرت و پێكهاتەكانی سوپا بكەن، هەر وەك ئاماژەشم پێكرد پێویستە سوود لە ئەزموونی پێشمەرگە وەربگیرێت، هەروەها بە پشتیوانیی هێزی ئاسمانیی هاوپەیمانان سەركەوتن مسۆگەر بكرێت.



**پرۆفیسۆر تیموسی جی وایت، ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی زافیر لە ولایەتی ئۆهایۆ و پسپۆڕ و تایبەتمەندە لەسەر سیاسەتی شەڕ و ئاشتی و هەروەها پسپۆڕە لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکادا، بۆ بەدواداچوون لەسەر گۆڕینی شێوازی تاکتیکی شەڕ لە لایەن تیرۆریستانی داعش و چڕکردنەوەی هەوڵەکانی هاوپەیمانان بۆ لیدانی داعش، چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد و بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو.**

## تیموسی وایت پسپۆڕ لە سیاسەتی شەڕ و ئاشتی بۆ گوڵان:

# شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش لەسەر زەوی یەکلایی دەکرێتەوە نەک لە ئاسمانەوە

*** شەڕی ئێستای هاوپەیمان شەڕی زیاتر لە ٦٠ دەوڵەتە دژی کاراکتەرێکی غەیرە دەوڵەتی بەناوی داعش، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەو کاراکتەرە هەڕەشەی جددی لەسەر ئاشتی و ئاسایشی جیهان دروستکردووە، بۆیە پرسیار ئەوەیە تا چەند شەڕی داعش سیاسەتی شەڕ و ئاشتی لە جیهاندا گۆڕیوە؟**

- ئەوەی جێگەی هەڵوەستەکردنە ئەوەیە کە بەڕاستی تیرۆریستانی داعش تەحددی و هەڕەشەیەکی نوێن بۆ ئاشتی و سەقامگیری لە جیهاندا، هەموو ئەو دەوڵەتانەی خوازیاری ئاشتی و سەقامگیرین و شەڕیان ناوێت، بەرژەوەندییان لەوەدایە کە تیرۆریستانی داعش بوەستێنن و رێگری لەوە بکەن ئەم گرووپە خۆی رێك بخاتەوە و شەڕ بکات. من ناڵێم ئەمە بە تەواوەتی نوێیە لە شێوازی شەڕدا، چونکە لە دوای دامەزراندنی سیستمی دەوڵەتەوە شەڕی دژ بە دەوڵەت هەر هەبووە، ئیتر لە شێوەی شەڕی ناوخۆدا بێت، یاخود لە شێوەی رێکخستنی گرووپێکدا بێت لە دەوری ئایدیۆلۆژیایەك کە لە سنووری دەوڵەتێکی دیاریکراو دەبڕێت و شوێنکەوتەی کەسێکی یان بەرژەوەندییەکی دیاریکراوە.

*** ئەوەی لە تاکتیکی تیرۆریستانی داعش سەرنج دەدرێت، ئەوەیە تیرۆریستانی داعش تێکەڵاوی شارەکان بوون، ئەمەش بەو مانایەی کاتێك لە ئاسمانەوە هێرش دەکرێتە سەریان، ژێرخانی ئەو شوێنانە کاول دەبن، ئایا تاچەند ئەم حاڵەتە ئاستەنگی بۆ هاوپەیمانان دروستکردووە؟**

- من لەوە دڵنیا نیم کاتێك ژێرخانی شارێك کاول دەکرێت، چەندی پێدەچێت هەتا بنیات دەنرێتەوە، بەڵام دەڵێم کە تاکتیکی جۆراوجۆر هەن جگە لە تێکشکاندنی بەربڵاوی شارەکان و ژێرخانی شارستانی کە بۆی هەیە هەوڵەکانی تێکشکاندنی داعش لاواز بکات، ئەمەش نەك تەنها رێگری دەکات لە فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان، یاخود هێرشی ئاسمانی، بەڵکو هەماهەنگی لە بواری هەواڵگری و شەڕکردن لە ناوچە مەحەلیەکاندا کە پتر تاکتیکی سەربازی تەقلیدی بەکار دەهێنێت بۆ تێکشکاندنیان، ئەمەش بەو مانایەی مەرج نییە هەوڵ بدرێت راستەوخۆ رووبەڕووی ئەم هێزانە ببیتەوە، بەڵکو دەکرێت لە پشتەوە و لە لاوە هێرش بکرێتە سەریان و داعشیش ناوچەیەکی بەربڵاوی لەبەردەستدایە کە دەیەوێت کۆنترۆڵی بکات و هەماهەنگی بکات تێیدا، کە دەکرێت بە ئاسانی دابەش بکرێت لە رێی هێرشکردنەسەر ئەڵقە لاوازەکە، یاخود هێڵی گواستنەوە و هتد، لەبەر ئەوە پێشبینی من ئەوەیە کە رووبەڕووبونەوەیەکی راستەوخۆی بەربڵاو رووناداتلەگەڵ هێزە زەمینیەکانی داعشدا لە شارەکاندا، بەڵکو هەوڵدەدرێت لە رێی پچڕاندنی هێڵەکانی گواستنەوە تێکیان بشکێنن و رێگریان لێبکرێت بەوەی

**شکستهێنانی ئەمریکا لە پڕتفافکردن و راهێنان و چەسپاندنی سوپای عێراقی لەوەی بتوانێت کۆنترۆڵی خاک بکات، مایەی زۆرترین کێشەیە**

نەتوانن هەماهەنگی بکەن لەگەڵ داعشەکانی دیکەدا کە بوونیان هەیە لە شار و شارۆچکەکانی دیکەدا کە پتر بە شێوەیەکی مەرکەزی ڕێکخراون.

*** ئەوەی داعش هەوڵی بۆ دەدات، ئەلقاعیدە بەو جۆرە نەبوو، ئایا ئەمە مانای ئەوەیە ئایدیۆلۆژیەتی داعش لە ئەلقاعیدە جیاوازە؟**

- مەترسیدارتربوونی داعش لە ئەلقاعیدە هیچ پەیوەندیەکی نییە بە ئایدیۆلۆژیاوە، بەڵکو پتر پەیوەندی بە توانای ناوخۆییەوە هەیە، چونکە داعش سەلماندوویەتی دەتوانێت خەڵکی زیاتر و بە شێوەیەکی کاراتر ڕێکبخات بۆ هێرشکردنە سەر بەرژەوەندییەکانی ڕۆژئاوا زیاتر لەوەی ئەلقاعیدە کردی. لەبەر ئەوە توانا باڵاکەیەتی کە بۆتە هۆی ئەوەی ببێتە هەڕەشە لەسەر ڕۆژئاوا، یان بەرژەوەندییەکانی ڕۆژئاوا، نەك ئایدیۆلۆژیاکەی، واتە پێموا نییە ئایدیۆلۆژیایەکی دوژمنکارانەتری هەیە لە ئاست ڕۆژئاوا بە بەراورد بە ئەلقاعیدە، چونکە هەردووکیان مەیلی دژ بە ڕۆژئاوایان هەیە، کەواتە جیاوازییەکە لە ئایدیۆلۆژیادا نییە، بەڵکو لە تواناییاندایە.

*** ئەگەر بیر لە گوشار خستنە سەر داعش بکرێتەوە بۆ وشککردنی سەرچاوەی دارایی و ڕێگرتن لە پەیوەندیکردنیان، تاچەند ئەمە کاریگەری دەبێت و تا چ ڕاددەیەك سەرکەوتن مسۆگەر دەکات؟**

- ئەوەی پەیوەندی هەبێت بە گواستنەوەی پارەوە لە ڕێی ئەلەکترۆنییەوە، ئەوا دەتوانن تا ڕاددەیەك ئەم کارە بکەن، بەڵام تەنانەت ئەگەر پارەی کاشیان لەبەردەستدا بێت، ئەوا ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا دەتوانن بە شێوەیەکی کاراتر گەمارۆیەکی ئابووری توندتر بخەنە سەریان، یاخود وەك پێشتر وتم دەتوانن بە پچڕاندنی هێڵی گواستنەوە لە نێوان ئەو ناوەند و خاکانەی لەلایەن داعشەوە کۆنترۆڵ کراون، فشاری زۆریان بۆ دروست بکەن، چونکە چەکدارەکانیان و سوپاکەیان پێویستیان بە سووتەمەنی و خواردن و کەل و پەلی سەربازی هەیە، کە دەکرێت ئەو هێڵانە بە شێوەیەکی کارا بپچڕێنرێن، ئەویش لە ڕێی بۆردومانکردنی ستراتیژیی ڕێگە و بان و پردەکانەوە، بەڵام بە شێوەیەکی عەمەلیتر دەکرێت لە ڕێی هێزی زەمینییەوە بکرێت، کە مەیلیان بۆ ڕۆژئاوا هەبێت، یان هاوپەیمانی ڕۆژئاوا بن و دژ بە داعش بن کە تێکیان بشکێنن. ئەگەرچی داعش باش ڕێکخراوە، بەڵام ڕۆژئاوا و کاراکتەرە مەحەلییەکان بەرژەوەندی تەواویان هەیە لەوەدا کە بە سەریاندا زاڵ بن، ئەویش ڕەنگە بەم نزیکانە نەبێت، بەڵکو لە ماوەی چەند ساڵی داهاتوودا.

*** بەڵام هەموو ئەمانە و هێرشە ئاسمانییەکانیش نەبوونە هۆکاری ئەوەی داعش لە پێشڕەوی بوەستێنرێت، ئەمە چۆن سەیر دەکەیت؟**

- ئەمە گەورەترین تەحەددیە، لەبەر ئەوەی تەواو ئاشکرایە ئەمریکا و زۆربەی وڵاتانی ئەورووپا نایانەوێت هێزی زەمینی بڵاوبکەنەوە لە نزیك ئەو خاکانەی داعش کۆنترۆڵی کردوون و ڕەنگە پێویستی بە هێزی مەحەلی هەبێت، ڕەنگە وڵاتانی کەنداو دوور بن و ئەوەی زیاتر عەمەلییە ئەوەیە کە لە وڵاتانی وەك عێراق و تورکیا و ئەردەن و وڵاتانی دیکەی ناوچەکە کە لەلایەن وڵاتانی ڕۆژئاواوە چەك و کەل و پەل و زانیاریی هەواڵگرییان پێبدرێت بۆ ئەوەی بزانن لە کوێدا و چۆن هێرش بکەن. پێموایە ئەو مۆدێلەی ئەمریکا لەگەڵ هاوپەیمانەکانی دیکەی ناتۆدا بەکاری دەهێنێت ئەوە دەبێت کە لە سەرەتادا ئەمریکا بەکاری هێنا لە دوای ساڵی ٢٠٠١ەوە و لە دوای ڕووداوەکانی ١١ی سێپتەمبەرەوە، کە هێزێکی زەمینی کەمیان بڵاوکردەوە، بۆ نموونە لە ئەفغانستاندا بۆ تێکشکاندنی تاڵیبان لەو کاتەدا زیاتر هێزی ناوخۆییان بەکارهێنا.

*** ڕای گشتی ئەمریکا بەرامبەر بە هەڕەشە و مەترسیی داعش چۆن دەبینیت؟**

- پێموایە سەربڕینەکان کاریگەری گەورەیان هەبوو لە ئەمریکا و بووە هۆی ئەوەی زیاتر لە سەدا ٦٠ی ئەمریکا پشتیوانی هێرشی سەربازی لە دژی داعش دەکەن، ئەگەرچی پاڵپشتییەکە بۆ هێرشی زەمینی کەمترە، بەڵام ئەوەی جێی سەرسوڕمانە، ئەویش تا ڕاددەیەك بەرزە، بە لەبەرچاوگرتنی نارازیبوونی ڕای گشتی ئەمریکا لە ئاست شەڕی عێراق و ئەفغانستان، بەڵام تاوەکو داعش زیاتر خەڵکی ڕۆژئاوا بکوژێت، یاخود دەستگیر بکات، ئەوا خەڵکانێکی زیاتر لە ڕۆژئاوا هاوڕا دەبن لەسەر ئەوەی پێویستە هێرشی زیاتر بکرێتە سەریان، کەواتە نەك بە ڕاددەیەکی گەورە بەڵام هاوسۆزییەکی بەرچاو هەیە، بۆ بەکارهێنانی هێزی زەمینی لەلایەن ئەمریکاوە. کێشەی درێژخایەنی هەر دەستێوەردانێکی دەرەکیش لەلایەن هێزی ئەمریکاوە بێت، یان تورکیا، یاخود هێزی بەشەکانی دیکەی ئەورووپا، ئەوەیە کاتێك ئەو هێزانە دەکشێنیتەوە چۆن ئەو بۆشاییە سیاسییە پڕدەکەنەوە، کە مەرج نییە لەلایەن داعشەوە پڕبکرێتەوە، بەڵکو لەلایەن گرووپی دیکەوە و شکستهێنانی ئەمریکا لە پڕتفاقکردن و ڕاهێنان و چەسپاندنی سوپای عێراقی لەوەی بتوانێت کۆنترۆڵی خاك بکات، مایەی زۆرترین کێشەیە. ئەوە ئاشکرایە داعش خزمەتی بە بەرژەوەندیی حکومەتی سووریا کردووە لەوەی دەست بە دەسەڵاتەوە بگرێت و هەوڵەکانی ئەمریکاش بۆ هێرشکردنەسەر داعش ئاکامی ئەوتۆی نەبووە، شکستهێنانی لە عێراقدا ئەوەندە گەورە بووە، وای لە ئەمریکییەکان کردووە دوودڵ بن، لەوەی ئایا چەك و زانیاریی هەواڵگری بدەن بە سوپای عێراق، یاخود پێیانوا بێت سوپایەکی ناکاران بۆ تێکشکاندنی داعش. ئەمە پرسیارێکی بەردەوامە لای ڕای گشتی ئەمریکا.

**سەربڕینەکان کاریگەری گەورەیان هەبوو لە ئەمریکا و بووە هۆی ئەوەی زیاتر لە سەدا ٦٠ی ئەمریکا پشتیوانی هێرشی سەربازی لە دژی داعش دەکەن**

**تیرۆریستانی داعش تەحددی و هەڕەشەیەکی نوێن بۆ ئاشتی و سەقامگیری لە جیهاندا**



جامیس لی رەی تایبەتمەند لە تەنگژەی نێودەوڵەتی بۆ گوڵان:

# هەموو ئەو خەڵکانەی ڕۆژئاوا کە پەیوەندی بە داعشەوە دەکەن بە جۆرێک پەیوەندییان بە ئیسلام و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە هەیە

**پرۆفیسۆر جامیس لی رەی، ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی ڤاندەر بێلت و پسپۆڕ و تایبەتمەندە لە سەر دیموکراسی و تەنگژەی نێودەوڵەتی و هەروەها تایبەتمەندە لەسەر شەڕی دژی ئاشتی دیموکراتی کە تیرۆریستان ژینگەی ئاشـــتیی دیموکراتی بە فرســـەت وەردەگرن، بۆ قسەکردن لەسەر جیاوازیی نێوان ریکخراوی تیرۆریستی داعش لەگەڵ ئەلقاعیدە و هەوڵەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی لەم شـــەڕەدا، چەند پرســـیارێکمان ئاراستەی کردو بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە.**

*** ڕێکخـــراوی تیرۆریســـتانی داعش لـــە هەمان ســـەرچاوەی ڕێکخـــراوی تیرۆریســـتی ئەلقاعیـــدە ســـەرچاوەی گرتووە، بەڵام زۆر لە چاودێران داعش بە جیاواز لە ئەلقاعیدە سەیر دەکەن، ئایا ئەو جیاوازییە لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە؟**

- پێموایە ئەو شەڕەی ئێستای تیرۆریستانی داعش جۆرێکی نوێی شـــەڕە، قۆناغی ئێســـتای سیاسەتی نێودەوڵەتی یاخود سیاســـەتی جیهانی لە دژی تیرۆر

لەو کاتەدا دەستی پێکرد کە ئەلقاعیدە هێرشی کردە سەر نیویۆرک، مانهاتن، هەروەها پەنتاگۆن، ئەوە سەرەتای قۆناغی ئێستای سیاسەتی نێودەوڵەتی دژی تیرۆر بوو. تیرۆریستی نەتەوەبڕ هەوڵەکانی زۆر چڕ نەدەکردەوە لە دەستبەسەرداگرتنی خاکدا، بەڵکو زیاتری بۆ ئەنجامدانی هێرشی تیرۆریستی تەرکیزی لەسەر مەشقپێکردن دەکرد. ئەوەی نوێ جیاوازە و داعش هەوڵەکانی بۆ دەستبەسەرداگرتنی خاك چڕدەکاتەوە و داهاتی نەوتی کۆنترۆڵ کردووە و دەستی بە سەر ئەندازەیەکی زۆر لە کەل و پەلی سەربازیدا گرتووە، کەواتە لە رووی دارایی و کەلوپەل و ئامانجەکانی بۆ بەدەستبەسەداگرتنی خاك، دەریدەخات زیاتر وەك دەوڵەتێك شەڕ دەکات، ئەگەرچی هاوشێوەی دەوڵەتێکی تەقلیدیش نییە، بەڵکو دەوڵەتێکە بەهۆی دەستبەسەرداگرتنی چەك و داهاتی نەوتەوە خۆی دروست کردووە.

*** ئەمریکا پێیوابوو دوای بن لادن قاعیدە کۆتایی هاتووە، بەڵام داعش بە هێزێکی زیاترەوە دەرکەوت. ئایا هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی تا چ رادەیەك دەتوانێت درێژە بەم شەڕە بدات لەگەڵ تیرۆریستانی داعش و چۆن سەیری ئەم شەڕە دەکەیت؟**

- ئەوەی ئاشکرایە ئەمە حاڵەتەکەیە کە شەڕی دژە تیرۆر بەردەوامە، ئەمریکا بۆ ماوەی هەشت بۆ نۆ ساڵ شەڕی لە عێراقدا کرد و بۆ ماوەی سیانزە بۆ چواردە ساڵە شەڕ لە ئەفغانستاندا دەکات و لە لیبیادا شەڕی بەرپاکرد و ئێستاش ئەمریکا بەتایبەتی دوودڵە لەوەی هێزی زەمینی بڵاو بکاتەوە و ئاشکرایە ئەم جۆرە رێکخراوەش بەتایبەتی پێویستی بەوە هەیە لە سەر زەوی رووبەڕووی ببینەوە. کەواتە جۆرێکی نوێی شەڕ لە ئارادایە و پێویست بەوە دەکات لە رێی هێزی زەمینییەوە رووبەڕووی ببینەوە. بەڵام ئەمریکا لەم قۆناغەدا زۆر دوودڵە لەوەی بە هێزی زەمینی تێوەبگلێت.

*** بەپێی سەرچاوەکان ژمارەیەکی زیاتری هاوولاتیانی رۆژئاوا دەچنە نێو ریزەکانی داعشەوە و پشتیوانییان لەو ولاتانەدا زیاتر دەبێت، ئایا ئەو کەسانە خەڵکی ئەسڵی ئەو ولاتانەن، یاخود کۆچبەرن و هەڵگری رەگەزنامەی ئەو ولاتانەن؟ بەگشتی ئایا ئەوانە هەڕەشەی دەوڵەتی ئیسلامی لەسەر رۆژئاوا زیاتر ناکەن؟**

- من دیراسەتێکی سیستماتیکم لەبارەی ئەم پرسەوە نەکردووە، بەلای منەوە زۆربەی ئەو کەسانە جۆرێك لە رایەڵی پەیوەندییان هەیە بە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بە ئیسلام و بە ناوچەکەوە هەیە و پێموایە مەترسی دروست دەکات و نازانم چۆن نکۆڵی لەوە دەکرێت کە بوونی هاوولاتی ئەمریکی لەوێدا کە شەڕ بکات و راهێنان بکات، بە ئاسانی دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ ئەمریکا و دەتوانن پشتیوانی یەکتر بکەن و پەرە بە چالاکییەك بدەن، یاخود هێرش بکەنە سەر ئامانجگەلێك، ئەمە بۆ کەسێك ئاسانترە کە لێرە لە ئەمریکا لە دایك بووبێت و گەورە بووبێت، وەك لەوەی بۆ کەسێك لە عێراق، یان سعودیە لە دایك بووبێت. بۆیە من لەوەدا هاوڕام کە داعش بە بەراورد بە ئەلقاعیدە خەڵکانێکی زیاتری لە رۆژئاواوە هێناوەتە رێزەکانیەوە، ئەمەش تواناکانی زیاتر کردووە بۆ ئەنجامدانی کاری تیرۆریستی لە ئەمریکا. لەبارەی ئەوەش کە ئایا هەڕەشە بۆ سەر دیموکراسی دروست دەکات؟ من پێموایە دەبێت ساویلکە بین گەر پێمانوابێت هەڕەشە لەسەر دیموکراسی دروست ناکات. ئەمریکا لە کاردانەوە جۆراوجۆرەکانیدا بەرامبەر ئەلقاعیدە هەڕەشەی بۆ سەر ئازادییە مەدەنییەکان دروست کرد، رەنگە ئەمە پاساوی خۆی هەبووبێت، بەڵام باوەڕم وا نییە کەس نکۆڵی لەوە بکات کە ئازادییە مەدەنییەکان سنووردار دەکران و هەندێ جار رێزیان لێنەدەگیرا.

*** ئەی چۆن دەکرێت رێگریيان لێبکرێت؟**

- چەکدارانی داعش هەوڵدەدەن داب و نەریتێك بچەسپێنن کە بۆ سەدان ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە، تەکنەلۆژیا و تەکنیکی مۆدێرنیش بەکار دەهێنن، ئەمریکا و ولاتانی رۆژئاواش بێ توانا نین لە رووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەی لەم شێوەیە، چونکە لە رێی سوپا و بیریارانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا و ولاتانی رۆژئاواشەوە بایەخ بە تەکنەلۆجیا و شەڕی ئەنتەرنێت دەدرێت.

*** دەرکەوت کە هێرشی ئاسمانی بەس نییە بۆ کۆتایی هێنان بە هێزەکانی داعش، بۆ نموونە سەرەڕای هێرشە ئاسمانییەکان لە کۆبانێ، ئەوان هەر لە پێشڕەویدان، تا چ رادەیەك ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی پەنا ببەنە بەر هێرشی زەمینی؟**

- من پێشبینی ناکەم ئەمریکا و ولاتانی رۆژئاوا چی دەکەن، بەڵام بە دڵنیاییەوە ئەوە لەبەرچاو دەگرم کە ئەوە روونە فشارەکان بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە زیاتر دەبن، لەبەر ئەوەی هێرشە ئاسمانییەکان پاشەکشەیان پێناکات و لەم ساتەوەختەدا مەترسییەکی گەورەی لەسەر دروست نەکردوون، سەرۆکی ئەرکانی سوپای ئەمریکاش رایگەیاندووە کە رەنگە پێویست بەوە بکات هێزی زەمینی بەکاربهێنرێت. لەبەر ئەوەی هێرشە ئاسمانییەکان سەرکەوتوو نین، ئەوا فشاری زیاتر لەسەر ناتۆ و ولاتانی رۆژئاوا دروست دەبێت بۆ ئەوەی بەلای کەمەوە هێزی تایبەت بنێرن.

**سەرۆکی ئەرکانی سوپای ئەمریکاش رایگەیاندووە کە رەنگە پێویست بەوە بکات هێزی زەمینی بەکاربهێنرێت**

**چەکدارانی داعش هەوڵدەدەن داب و نەریتێک بچەسپێنن کە بۆ سەدان ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە، تەکنەلۆژیا و تەکنیکی مۆدێرنیش بەکار دەهێنن، ئەمریکا و ولاتانی رۆژئاواش بێ توانا نین لە رووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەی لەم شێوەیە**

**داعش بە بەراورد بە ئەلقاعیدە خەڵکانێکی زیاتری لە رۆژئاواوە هێناوەتە رێزەکانیەوە، ئەمەش تواناکانی زیاتر کردووە بۆ ئەنجامدانی کاری تیرۆریستی لە ئەمریکا**

# ڕێككەوتنی ستراتیژی ستراتیژییەتی ڕێككەوتنی پێویستە



عەبدولڕەحمان سدیق
بۆ گوڵان دەنووسێت
asidiq1962@yahoo.com

ڕێككەوتننامەی ستراتیژی وەكو ئامانج، تایتڵ و ناونیشانێكی گەورەیە، بەڵام ستراتیژییەتی ڕێككەوتن وەكو میكانیزم، وردەكارییەكان لەخۆ دەگرێت و، تەمەنی ڕێككەوتنەكەش درێژتر دەكاتەوە.

بۆیە ئاساییە باس لە هەمواركردنی هەر ڕێككەوتننامەیەك بكرێت بە ئاراستەی نوێكردنەوە و چاكتركردنی، ئەمەش پاشەكشە نییە، چونكە جیاوازیی زۆرە لەنێوان پێداچوونەوەو پاشەكشەدا، لانیكەم ئەوە ڕاستە كە پێداچوونەوە پاشەكشە نییە.

لەم پێشەكییەوە دیارە كە ڕێككەوتننامەی ستراتیژیی نێوان هەردوو حزبە فەرمانڕەواكەی هەرێمی كوردستانیش،-بەپێی لێدوانە میدیاییەكانی زۆرێك لە بەرپرسانی هەردوولا - پێویستی بە پێداچوونەوە هەیە.

بۆیە ئەگەر بویسترێت بە ئاراستەی نوێكردنەوەو بەهێزتركردنی ڕێككەوتنەكە بڕۆن، ئەوا پێویستە لەسەر بنەما زانستییەكانی ستراتیژییەتی ڕێككەوتن، بۆ ئەم پرسیارە ساكارانە وەڵامێكی ڕوون هەبێت:

یەكەم: پێناسەی ڕێككەوتننامەی ستراتیژی چییە؟
دووەم: بۆچی ڕێككەوتننامەی ستراتیژییان پێویستە؟
سێیەم: ڕێككەوتننامەی ستراتیژی لەسەر چ ئاستێك بێت؟
چوارەم: ڕێگر و ئاستەنگە نێوخۆیی و هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییەكانی بەردەم ڕێككەوتننامەی ستراتیژی چین؟
پێنجەم: چۆن و تاكەی دەویسترێت ڕێككەوتننامەی ستراتیژی بەردەوام بێت؟
شەشەم: كامیان بۆ داهاتوومان باشترە؟ ڕێككەوتننامەی ستراتیژی لەسەر ئاستی دوو حزب؟ یان زیاتر لە دوو حزب؟

دیارە وەڵامی ساكاری ئەم پرسیارانە ئەوەیە كە ڕێككەوتننامەی ستراتیژی دەبێت ئامانجەكانی دیار و ڕۆشن بن، واتە هەردوولا یان هەموو لایەنەكانی نێو ڕێككەوتننامەكە هەست بكەن كە براوەن تێیدا، چونكە هەموو ڕێككەوتننامەیەك ئەو ساتە ڕوو لە لاوازبوون دەكات كە لایەنێك، یان زیاتری نێو ڕێككەوتننامەكە هەست بكات كە یەكێك لە ئەو زیاتر، یان یەكێك لە ئەوان زیاتر دەبەنەوەو ئەوانی دیكەش زیانیان پێدەكەوێت.

لە وەڵامی بۆچی ڕێككەوتننامەی ستراتیژییان پێویستە؟ دەتوانین ئەوە بڵێین كە: هەر كاتێك هەر لایەنێك هەستی كرد كە كاریگەریی سیاسی و قازانجی ئابووری لەو كاتەدا دێتەدی كە لەگەڵ لایەنێك، یان زیاتردا ڕێكبكەوێت، بێگومان ئەو كاتە هاوپەیمانیی سیاسیی ئەنجام دەدات، هەر كاتێكیش زیان بەر قازانجی بكەوێت، بیر لە هەمواركردن، یان هەڵوەشانەوەی ئەو هاوپەیمانییە دەكاتەوە.

بۆ هاوپەیمانانی نێو هەر ڕێككەوتننامەیەكی ستراتیژیش گرنگە ئاگایان لەم خاڵە سەرەكییانەی لای خوارەوە بێت :

یەكەم : نەهێڵن پێشبڕكێ سیاسییە ئاساییەكەی نێوانیان بگۆڕدرێت بۆ ململانێ، چونكە ململانێ وەك حاڵەتێكی توندتر لە پێشبڕكێ زۆرجار سەردەكێشێت بۆ پەنابردنە بەر ئەجێندای نارۆشن و نەخوازراو.

دووەم : لەمەسەلە هەستیارەكاندا پێكەوە وەك یەك تیم كار بكەن، كەسیان بێ ئاگاداریی ئەوی دیكەیان هەنگاو نەنێت، چونكە تیمەكانی سەركەوتن بە چیاكانیشدا زۆر جار خۆیان پێكەوە دەبەستنەوەو پێكەوە هەنگاو دەنێن، یان هەموویان سەردەكەون، یان بە كەوتنی هەر یەكێكیان هەموویان دەكەون.

سێیەم : هەموویان وەك یەك، میكانیزم و ڕێ و شوێنە سیاسی و سەرمایە ئابووریی و دەرامەتە مرۆییەكانیان بخەنە خزمەت ئامانجەكانی ڕێككەوتننامە ستراتیژییەكەوە، ئەگەر نا، بێ سەرمایەی وەك یەك ناكرێت قازانجی وەك یەك هەبێت، مەگەر بە ڕەزامەندیی نێوان خۆیان و، لە بەر زۆر بەرژەوەندیی باڵاتر لەم خاڵە چاوپۆشیی بكرێت.

چوارەم: دابەشكردنی ڕۆڵ و ئەركەكان بەپێی لێوەشاوەیی هەر ئەرك و كارێك لەگەڵ ستایل و جۆری كاركردنی هەر لایەك، لەمەشدا دەكرێت میكانیزمی جیاواز لە خزمەتی جێبەجێكردنی یەك ئامانجدا بێت.

پێنجەم: هەبوونی كەسێك، یان كەسانێك، یان دەزگایەكی داوەری و ناوبژیوانی بۆ یەكلاكردنەوەی تێگەیشتنی جیاواز، یان لێكدانەوەی جیاوازی هەر بڕگەیەك، یان هەر كارێكی كێشە لەسەر لەنێوان لایەنەكانی ڕێككەوتننامەكەدا.

شەشەم : ئاگاداربوونی بەردەوام و هەستیارانە لە مەسەلەی متمانە، چونكە كاڵبوونەوەی متمانە سەرەتای لاوازبوونی هەر كارێكی دەستەجەمعی و هاوپەیمانێتییەكی سیاسی و ئابووری و كۆمەڵایەتییە.

حەوتەم: ستراتیژییەتی ڕێككەوتن فێرمان دەكات كە ڕێككەوتننامەی ستراتیژی پێویستە ڕەزامەندیی و متمانە و بڕوای زۆرینەی ئاست و ئەندامانی لایەنەكانی نێو ڕێككەوتنامەكەی بەدەست هێنابێت، چونكە ئەوە ئاستەكانی ناوەڕاست و خوارەوەن كە جێبەجێكردنی ڕێنمایی و قسەكانی سەرەوەی خۆیانیان دەكەوێتە ئەستۆ.

# ڕەگ و ڕیشەی دڕندایەتی لەشێوەی بیرکردنەوەی داعشدا



فەرید ئەسەسەرد

بۆ گوڵان دەینووسێت

شێوازێك كە داعش لە شەڕدا بەكاری دێنێ، لە پۆلینە سۆسیۆلۆژییەكاندا، بە جۆرێك لە جۆرەكانی بەربەریزم دادەندرێ. بەربەریزم قۆناغی دڕندایەتیی مێژووی مرۆڤایەتی پێكدێنێ كە تێیدا مرۆڤ هێشتا بە تەواوی لە جیهانی ئاژەڵ جیا نەبۆتەوەو هێشتا سۆز و ئاكار و بەهاكان ڕۆڵێكی گەورە لە ژیانی پێكناهێنن. لەو قۆناغەدا مرۆڤ بەخۆویستترین قۆناغی ژیانیدا تێپەڕیوەو تێیدا كوشتن پانتاییەكی فراوانی ڕەفتار و جیهانبینیی مرۆڤی پێكهێناوە.

بەهەڵەدا ناچین ئەگەر مرۆڤی بەربەری بە ئامێری كوشتن، لەجیهانێكی داماڵدراو لەبەهاكان دابندرێ. تیۆریی كوشتن لە چاخی بەربەریزمدا زۆر سادەیە، ئەویش ئەوەیە كەمرۆڤ دەستئاوەڵایە لە كوشتنی دوژمنەكەی بەو جۆرەی كە دەیەوێ، بەبێ ئەوەی هیچ بەربەستێك لەبەردەمیدا هەبێ. ئەمەش بەم مانایە نییە كە مرۆڤی بەربەری تەنها بە كوشتن داكەوتووە، بەڵكو مەسەلەكە گەیشتۆتە ئاستی شێواندنی لاشە و تەنانەت خواردنی. كۆمەڵگەی بەربەری لەسەر بنەمای جینۆساید دامەزراوە. هەر گرووپێك لەكاتی شەڕكردندا لەگەڵ گرووپێكی دیكەدا، تەنها بە كوشتنی شەڕڤانەكان داناكەوێ، بەڵكو هەموو گرووپەكە بە تێكڕایی لەناو دەبا و دەست بەسەر موڵكەكانیدا دەگرێ. جینۆساید لەو قۆناغەدا ڕوخساری لەناوبردنی كۆمەڵگەكان وەردەگرێ. پاش شەڕ، دیلەكان بەرامبەر بەوەی كە ناكوژرێن، دەكرێن بە كۆیلە و دەبێ خزمەتی تاك و كۆمەڵگەكە بكەن.

گرووپە بەربەرییەكان مافی ژیان قۆرخ دەكەن و جیهانبینییەكەیان پشت بە دابەشبوونێكی زۆر سادە دەبەستێ، ئەویش دابەشكردنی جیهانە بەسەر «ناوەوە» واتە كۆمەڵگەی لۆكاڵ و «دەرەوە» كە كۆمەڵگەی دوژمنەكانە. بەربەریزم پارچەكانی جیهانی دەرەوە لێك جیا ناكاتەوەو هەر هەمووی بە دوژمن دادەنێ.

لەگەڵ پەیدابوونی شارستانێتیدا ژیان پێویستی بەوە كرد كە بەربەست بۆ كوشتن دابندرێ و مەسەلەكە بە ڕەهایی نەهێڵدرێتەوە. لەگەڵ پەرەسەندنی شارستانیدا، چەردەیەك بەهای جوامێرانە و مرۆڤدۆستانە پەیدا بوون و هەر لەم چوارچێوەیەشدا ئاكار و یاسا و ئایین بۆ كۆنترۆڵكردنی مەیلی كوشتن هاتنەئاراوە.

داعش لە ڕەفتاردا زۆرتر پشت ئەستورە بە بەها زاڵەكانی چاخی بەربەری. ئەگەرچی بەشێوەیەكی لێبڕاوانەو بە پشتبەستن بە دەقە پیرۆزەكان، هەوڵی دابینكردنی شەرعیەتێكی ئایینی دەدا، بەڵام لە ڕەفتاردا، بەتایبەتی لەو ڕووەوە كە بایەخێكی زۆر بە كوشتنی فیزیكی دەداو بە نیشانەی گەورەییشی دادەنێ، ئەوەندەی كە پاساوەكەی لەبەها بەربەرییەكان سەرچاوە دەگرێ، ئەوەندە لە بەها ئایینییەكان سەرچاوە ناگرێ.

داعش لە دوایین ژمارەی ئەو گۆڤارەی كە بە ناوی «دابق» لە ئەورووپا بە زمانی ئینگلیزی دەری دەكات، هەموو كەرەستەیەكی پێویست بۆ ناسینی ڕەچەڵەكە فیكرییە بەربەرییەكانی پێشكەش دەكا. داعش وای دەبینێ كە ئەو هاوپەیمانییە نێودەوڵەتییەی ئەمڕۆ بە سەرۆكایەتیی ئەمریكا بۆ لەناوبردنی تیرۆر پێكهاتووە، لەشكركێشییەكی خاچپەرستانەیە. لەم سۆنگەیەوە لە وتارێكدا كە محەمەد عەدنانی نووسیویەتی، داوا لە لایەنگرانی دەكا، هێرش بكەنە سەر ڕۆژئاواییەكان «لەهەموو شوێنێك». وتارەكە لەو چوارچێوەیە دەرناچێ كە جیهان لە داعش و خاچپەرستەكان پێكدێ و ئەركی هەموو موسڵمانێكە «لەماڵ بچێتە دەرێ، بەدوای خاچپەرستێكدا بگەڕێ و بیكوژێ». وتارەكە سەرباز و هاووڵاتی لێك جیا ناكاتەوەو بەشێوەیەكی ڕەها چەمكی كوشتن بەسەریدا زاڵە.

داعش كوشتن و بە كۆیلەكردن بە یەك چاو تەماشا ناكا. بە دڵنیاییەوە كوشتن لە پێشترە، بەڵام ئەگەر پێویستی كرد، دەكرێ بەرامبەر بە هێشتنەوەی دیل بە زیندوویی، بكرێ بە كۆیلە. لە وتارێكی دیكەی گۆڤارەكەدا هاتووە: «دەوڵەتی ئیسلامی لە ڕێی بەكۆیلەكردنی خەڵكەوە، بە پێچەوانەی هەندێ بیر و باوەڕی لادەرەوە، كونجێكی شەریعەتی بردۆتەوە سەر مانا ڕەسەنەكەی» و لەم چوارچێوەدا كڕین و فرۆشتنی ئێزدییەكان بەڕەوا دەزانێ. كرۆكی قوڵی تیۆرییەكە وایە كە داعش بەمافی خۆی دەزانێ لەگەڵ «دوژمن»دا ڕەچاوی هیچ چەشنە بەربەستێك نەكات. لەم هەڵسوكەوتەدا هیچ فاكتەرێكی كۆنترۆڵی وەك یاسا و ئایین و ئاكار و بەزەیی نییە.

گەڕانەوە بۆ ڕەفتاری چاخی بەربەری، پاش هەزاران ساڵ لە شارستانێتی، خۆی لەخۆیدا دیاردەیەكی مایەی تێڕامانە. بەشێوەیەك لە شێوەكان، ئەمە بەم مانایەش دێ كە شارستانێتی سەرەڕای هەژمون و پێشكەوتنی، نەیتوانیوە ئاسەواری ژیانی سەرەتایی لەمێشكی مرۆڤ داماڵێ. ئەم بابەتەش، خۆی لەخۆیدا بابەتێكە و كاتی ئەوە هاتووە كە توێژینەوە ئەكادیمییەكان بایەخی پێ بدەن.

# کۆبانێ
## زامێکی دیکە لە جەستەی کوردستاندا



**تیمی گۆڤاری گوڵان بۆ بەسەرکردنەوەی ئاوارەکانی کۆبانێ لە کەمپی گەویلان سەردانی ئەو کەمپەی کردو لەنزیکەوە گوێبیستی قسەو داواکارییەکانیان بوو. ئەوان سەرەتا سوپاس و پێزانینی خۆیان بۆ بەتەنگەوە هاتنیان لە لایەن سەرۆکی کوردستان بەڕێز مسعود بارزانی دەربڕی و کێشە و ئاریشە و داواکارییەکانیشیان خستەڕوو.**

هێرشی تیرۆریستانی داعش بۆ سەر شاری کۆبانێ کارەساتێکی دیکەیە لە جەستەی کوردستاندا، دیارە شاری کۆبانێ هەڵکەوتەی جوگرافییەکەی بەو شێوەیە کە هیچ سنوورێکی لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا نییە هەتا هێزی پێشمەرگە بەهانایەوە بچێت، یان بە ئاسانی کۆمەك بگەیەندرێتە ئەو شارە، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کۆبانی لەسێ لاوە بە چەکدارانی داعش دەورە دراوە و تەنها دەروازەیەکی سنووری لەگەڵ تورکیا هەیە، لە دەستپێکی هێرشی تیرۆریستانی داعش بۆ سەر کۆبانێ، بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی کوردستان ئامادەباشی پیشاندا هەموو هاوکارییەك پێشکەشی خەڵکی کۆبانێ بکرێت، هەروەها هەموو هەوڵە دبلۆماتییەکانی خستەگەڕ بۆ ئەوەی تورکیا سنوور بکاتەوە و هاوپەیمانی نێودەوڵەتی هێرشی ئاسمانی زیاتر بکەنە سەر تیرۆریستانی داعش



**گەنجێک:**
**سەرۆک بارزانی بەرامبەر کۆبانێ هەڵوێستێکی نەتەوەیی هەبوو**

**ئافرەتێکی بەساڵاچوو:**
**لەتورکیا پێوەندیمان بە خزم و دۆستان لە کەمپەکانی باشوور کردو وتیان هاوکاری و پاڵپشتییەکی باشیان کردووین، بۆیە رووومان لێرە کرد و ئێستاش هەست بەئارامی دەکەین**

لە دەوروبەری کۆبانێ، بەڵام مەرجەکانی تورکیا لەسەر هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بۆ هاوکاریکردنی کۆبانێ و دوورەدەستی سنووری کۆبانێ لە باشووری کوردستانەوە، بووە هۆکاری ئەوەی تیرۆریستانی داعش پێشڕەوی بکەن و بەهۆیەوە ژمارەیەکی یەکجار زۆری خەڵکی کۆبانێ ئاوارەی تورکیا بن، بۆ بەتەنگەوە هاتنی ئاوارەکانی کۆبانی، بە بڕیارێکی سەرۆکی کوردستان دەرگایان بۆ خستنە سەر پشت بۆ ئەوەی بێنە باشووری کوردستان و لە وڵاتی خۆیان پێشوازی بکرێن. جێگەی ئاماژە پێکردنە پێشتریش زیاتر لە ٢٠٠ هەزار ئاوارەی رۆژئاوای کوردستان روویان لە هەرێمی کوردستان کردبوو، کە لە کەمپەکانی پارێزگاکانی کوردستان و بەتایبەتی لە پارێزگای دهۆك نیشتەجێ کران. هەر ئەمەش وایکرد خەڵکی کۆبانێش بەرێزەوە بڕواننە هەڵوێستی نەتەوەیی سەرۆکی کوردستان و بەسەدان خێزانی ئاوارەکانی کۆبانێ روو لە هەرێمی کوردستان بکەن و هاتنیشیان بەردەوامەو ژمارەیەکیان لە کەمپی گەویلان نیشتەجێکران. تیمی گۆڤاری گوڵان ئاوارەکانی کۆبانێ لەو کەمپەدا بەسەر کردەوە و لەنزیکەوە گوێبیستی قسەو داواکارییەکانیان بوو.

## گەویلان خەڵکی کۆبانێی لەئامێز گرت

سەرەتا ئاوارەکانی کۆبانێ باسیان لە رەوشی نالەباری خۆیان لە تورکیا کرد، بەوەی حکومەتی تورکیا و رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان زۆر درەنگ و بە ئاستێکی کەم هاوکاری و یارمەتییان گەیاندۆتە کوردانی ئەو شارە، لەکاتێکدا هەر زوو لەلایەن (رێکخراوی خێرخوازی بارزانی )یەوە وەکو یەکەمین رێکخراوی خێرخوازی کۆمەك گەیەنرایە شاری کۆبانێ، دواتر باسی ئەوەیان کرد کاتێك گوێبیستی کردنەوەی دەرگای ئیبراهیم خەلیل بوون بۆ ئاوارەکەنی

**باوکێک:**
**داواکارم قوتابخانەمان بۆ بکرێتەوە تاوەکو ئەمساڵ منداڵەکانمان لەخوێندن دانەبڕێن**

**دایکێک:**
**تەنیا ژوورێکمان بۆ دروست بکەن، چونکە لەکاتی با و بۆران چادرەکانمان تێکدەچێت و هەڵگیرسانی سۆپاش مەترسی ئاگرکەوتنەوەی هەیە**

کۆبانێ، راستەوخۆ ئەوان روویان لە باشووری کوردستان کردو لەدیوی سنووری ئیبراهیم خەلیل ئاوارەکان بەپاس رەوانەی کەمپی گەویلان کران، لەناو کەمپەکەش دوای ئەوەی ناویان تۆمار دەکرێت و شوێنیان بۆ دەستنیشان دەکرێت، کە چادر و شوێنی WC و حەمام و ئاو و کارەبای تێدایە، پاشان قاپ و کەلوپەلی ناو ماڵ و پێخەف و خۆراك و شیری منداڵان و دایبی و جلوبەرگیان بۆ دابین دەکرێت.

هاتنی خێزانەکانی کۆبانێ لەکاتێکدایە کە هەرێمی کوردستان بە دۆخێکی دژواری داراییدا تێپەڕ دەبێت و، بەغدا گەمارۆی ئابووری لەسەر خەڵکی کوردستان سەپاندووە، لە لایەکی دیکەشەوە تادێت ژمارەی پەناهەندە و ئاوارەکانی عێراق و کوردانی رۆژئاوا روو لە زیادبوون دەکات، ئەمەش دوای ئەوەی ژمارەی ئاوارە و پەناهەندەکان گەیشتۆتە زیاتر لە یەك ملیۆن و ٢٠٠ هەزار کەس، بەمەش هەرێمی کوردستان جگە لەوەی مەنزڵگەی پێکەوە ژیان و لێبووردەیی نێوان ئایین و ئایینزا و نەتەوەکانە، لە ئێستادا بووەتە پێگەیەکیش بۆ بەهاناچوون و داڵدەدانی پەناهەندەو ئاوارەکان.

عەبدولڕەزاق یوسف کە هاوولاتییەکی خەڵکی (کۆبانێ)یەو لەگەڵ خێزانەکەی لە کەمپی گەویلان نیشتەجێن، وتی: «دوای ئەوەی لە کۆبانێوە بۆ گەیشتن بە شارەکانی تورکیا سەدان کیلۆمەترمان بە پێ بڕی و دووچاری ماندووبوونێکی زۆر بووینەوەو منداڵەکانمان نەخۆش کەوتن، هەموو ئاوارەکانی کۆبانێ لە تورکیا لە بارودۆخێکی دەروونی و قورس و ناخۆشدا بوون، هەر بۆیە بە بیستنی بڕیارەکەی سەرۆك بارزانی بە کردنەوەی سنووری ئیبراهیم خەلیل بە رووی ئاوارەکانی کۆبانێ، راستەوخۆ روومان لە باشووری کوردستان کرد، لەمەشدا زۆر سوپاسی بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و خەڵکی کوردستان دەکەم کە هەر زوو بەدەنگ خەڵکی کۆبانێ و رۆژئاوای کوردستان هاتن و شوێنێکیان لە کەمپەکە پێداین و هەموو پێداویستییە سەرتاییەکانیان بۆ دابین کردین»

ئازاد قاسم، وەك هاوولاتییەکی دیکەی خەڵکی کۆبانێ کە لە کەمپی گەویلان نیشتەجێ بووە، سەرەتا باسی هەڵوێستی نەتەوەیی جەنابی سەرۆك بارزانی کردو وتی: «سوپاسی سەرۆك بارزانی دەکەم کە بڕیاری دا دەرگای کوردستانی باشوور لەبەردەم کوردانی کۆبانێ بکاتەوە و رزگارمان بکات لەو ناخۆشییەی چەند رۆژە لە تورکیا تێیکەوتبووین، ئەمە هەڵوێستێکی نەتەوەییە و هەر چاوەڕوانی ئەوەشمان لە بەڕێزیان دەکرد».

سەرەڕای ئەو بارگرانی و ئەو دۆخە دژوارەی کە هەرێمی کوردستان پێیدا تێپەڕ دەبێت، بەڵام هەر زوو دامودەزگاو وەزارەتەکانی هەرێمی کوردستان دوای بانگەوازەکەی سەرۆکی هەرێم ئامادەیی خۆیان دەربڕی بۆ پێشوازیکردنی ئاوارەکانی کۆبانێ، هەربۆیە لە کەمپی گەویلان جگە لەوەی هەموو پێداویستییەکانی کارەبا و ئاو و تەنانەت ئاوەڕۆی تێدایە، هاوکات بنکەی تەندروستی و قوتابخانە و ئۆفیسی رێکخراوە خێرخوازەکانیشی لێیە، سەبارەت بە چۆنیەتی پێشوازیکردنی خەڵکی کۆبانێ لەلایەن دامودەزگاکانی کەمپەکەوە بەتایبەتی دوای ئەوەی ئەوان لەتورکیا سەدان کیلۆمەتریان بە پیادە بڕیوەو ماندوێتی و هیلاکی زۆریان بینیوە تا لەو کەمپەدا گیرساونەتەوە.

دیار عادل محەمەدی تەمەن ٣٠ ساڵ کە لەگەڵ هاوسەرەکەی کۆبانێیان بەجێهێشتووەو لە ئێستادا لەم کەمپە نیشتەجێن، باسی لە شێوازی پێشوازی و دابینکردنی پێداویستییەکانیان کردو وتی: «لەسەرەتای هاتنمان بۆ باشووری کوردستان لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەزگا خێرخوازەکانەوە هاوکاری کراین و خواردن و خواردنەوەو پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیانمان بۆ دابین کرا»، هاوکات خێزانی ئەم گەنجە سەرەڕای سوپاسی حکومەتی هەرێم چەند داواکارییەکیشی هەبوو، بەتایبەتی سەبارەت بە راکێشانی تۆڕی کارەبا بۆ هەندێك لە چادرەکان و قیرتاوکردنی شەقام و کۆڵانەکانی ناو کەمپەکە، کە لەگەڵ هاتنی وەرزی زستان دووچاری ماندوبوونێکی زۆریان دەکات.

ئافرەتێکی بەساڵاچووی کۆبانێ سوپاسی «سەخاوەت و کەرەمی خەڵکی کوردستان و سەرۆکەکەیان»ی کرد کە بەوشێوەیە پێشوازییان لەخەڵکی کۆبانێ کردووە. عالیە شێخۆ کە تەمەنی لە سەرووی ٨٠ ساڵەوە بوو، هێشتا بە حەسرەتەوە بوو بۆ کۆبانێ و ئاواتی گەڕانەوە بۆ خاکی باب و باپیرانی دەخواست، ئەو بە نیگەرانییەکی زۆرەوە سەرەتا باسی زێدی خۆی کرد و دواتر سوپاسی سەرۆکی کوردستان و خەڵکی کوردستانی کرد بۆ بەدەنگەوەهاتنی خەڵکی کۆبانێ، وتیشی: «ئێمە کە لەتورکیا بووین، پێوەندیمان بە خزم و دۆستەکانمان لە کەمپەکانی کوردستانی باشوور کرد، ئەوانیش هەروایان پێ وتین کە خەڵکی کوردستان هاوکاری و پاڵپشتییەکی باشیان کردوون، هەر بۆیە روومان لە کوردستانی باشوور کردو لێرە هەست بەئارامی دەکەین».

عەمانی خەلۆ، وەك دایکێك سەبارەت بەدابینکردنی شیر و دایبی منداڵ و پێداویستیەکانی دیکەی منداڵان وتی: «ترسی ئێمە لەدەستچوونی منداڵەکانمان بوو، چونکە لە تورکیا لە بارودۆخێکی زۆر خراپدا بووین و باری دەروونی و تەندروستییان باش نەبوو، سوپاسی کاربەدەستدانی کەمپەکە و رێکخراوە خێرخوازەکانیش




دەکەین کە جلوبەرگ و پێداویستی شیر و دایبی منداڵانیان بۆ دابین کردووین».

**● داواکاری و پێداویستی کۆبانێ لەکەمپی گەویلان**

لە درێژەی بەسەرکردنەوەو گفتوگۆکردن لەگەڵ ئاوارەکانی کۆبانێ لە کەمپی گەویلان و سوپاسی خەڵکی ئەو شارە خۆڕاگرە بۆ خەڵکی کوردستان و سەرۆکەکەی، هاوکات لەبەر ئەوەی ئەوان لە تورکیا لە دۆخێکی نالەبار و تەندروستی خراپدا بوون، زۆربەیان جەختیان لەوە دەکردەوە کە باری دەروونی و تەندروستییان باش نییە، هەربۆیە چەندین داواکاری و پێشنیاریان بۆ باشترکردنی باری ژیانیان هەبوو. هەر لەوبارەیەوە عایشە وتی: «بەڕێگرتنی ژیان لەناو چادر کارێکی قورس و گرانە، بەتایبەتی لەگەڵ هاتنی وەرزی زستان و سەرما و سۆڵە، بۆیە داواکارم کابینە، یا تەنیا ژوورێکمان بۆ دروست بکەن، چونکە لەکاتی با و بۆران چادرەکانمان تێکدەچێت و هەڵگیرسانی سۆپاش مەترسیی ئاگرکەوتنەوەی هەیە».


ڕێگەی سەرەکیی کەمپەکە کە دوور لە ڕێگەی سەرەکی نێوان (کەڵەك - بەردەرەش)ـە قیرتاو نەکراوەو لەکاتی بارانبارین هاتوچۆکردنی ئۆتۆمبێلیش کێشەی بۆ دروست دەبێت، تەنانەت لەناو کەمپەکەشدا شەقامە سەرەکییەکان و کۆڵانەکان قیرتاو نەکراون. لەم ڕووەوە محەمەد عادل لە ڕێگەی گۆڤارەکەمانەوە داوای لە کاربەدەستدانی کەمپەکە کرد، بەرنامەیان بۆ قیرتاوکردن یا چەوڕێژکردنی کۆڵانەکان هەبێت، تا ئاوارەکان بەهیلاك نەچن، ئەم هاووڵاتییەی کۆبانێ داوای کرد قوتابخانە بۆ منداڵەکانیان بکرێتەوە، تاوەکو لە خوێندن دوانەکەون، چونکە بەپێی قسەکانی ڕەنگە شەڕەکانی نێوان کورد و داعش درێژە بکێشێت و ئەوان بۆ ماوەیەکی زۆر لێرە بمێننەوە. هەر سەبارەت بە داواکاری و پێداویستییەکانیان ئافرەتەکانی کۆبانێ زۆر جەختیان لەسەر بنکەی تەندروستی و باشکردنی چارەسەرییەکان و هێنانی پزیشکی ئافرەتان دەکردەوە . هەر یەك لە عەبدولڵا لەتیف و عەبدولڕەزاق یوسف داوایان لە سەرۆکی هەرێم کرد کارئاسانیان لە رووی ئیقامەو هاتوچۆکردنەوە بۆ بکرێت و ڕێگە بە گەنجەکانیان بدرێت، بچنە شارەکان بۆ دۆزینەوەی کار، پێشنیاریشیان کرد کە نووسینگەی کار لە کەمپەکان بۆ کوردانی ڕۆژئاوا بکرێتەوە، چونکە ئەوان پێویستیان بە دۆزینەوەی کار هەیە. لەلایەکی دیکەوە لەناو کەمپەکە ژمارەیەك لە گەنجەکان داوایان لە ڕێکخراوە خێرخوازییەکان کرد، زیاتر گرنگی بە خزمەتگوزارییەکانی شارەوانی و کارەبا بدرێت و بوارەکانی تەندروستی پشتگوێ نەخرێت، بە پێویستیان زانی، هانی خەڵکی کوردستان بدرێت شێوازی هاوکارییەکانیان لە جلوبەرگ و پێداویستی و بێخەف و کەلوپەلەوە بگۆڕن بۆ کۆکردنەوەی کۆمەکی دارایی، تاوەکو ژیانی ئاوارەکانیش لەناو کەمپەکان بەو یارمەتییە داراییانە لە چادرەوە بۆ کابینە یاخود دروستکردنی ژوور بگۆڕدرێت.

**پێشنیارێکی گشتی:**
**پێویستە هانی خەڵکی کوردستان بدرێت شێوازی هاوکارییەکانیان لە جلوبەرگ و پێخەف و کەلوپەلەوە بۆ کۆمەکی دارایی بگۆڕن**



دیواری بەرلین بۆ ڕێگەگرتن لە هاتنەژوورەوەی بێگانە نەبوو، بەڵکو بۆ نەچوونە دەرەوەی هاووڵاتیان دروستکرابوو

# سنوور دیواری داخراو نییە کرانەوەیە بە رووی دەرەوەدا



عەبدولسەلام بنعەبدعالی*
بۆ گوڵان دەینووسێت

سنوور بریتی نییە لە دیواری داخراو، بەڵکو کرانەوەیە بەڕووی دەرەوەدا، ئەگەر بەو شێوەیە بێت سنوور نە شت جودا دەکاتەوەو نە لێکدادەبڕێت، بەڵکو جەمسەرەکان دەردەخات، تا لێکیان ببەستێتەوە، لە کاتێکدا دروستکردنی دیوار دەلالەتە لەسەر نەتوانینی کەلتوور لەسەر ددانپێدانانی ئەوی ترو لەپاڵدا نیشتەجێبوون لە تەکیدا، سنوور بە پێچەوانەی ئەمەوەیە، شتێکە ڕێدەدات بە پێکگەیشتنی ئەوی دی، بەڵام دیوار بە رووی ئەوانی دیکەدا هەموو پەنجەرەو کەلێن و قاپییەکان دادەخات، بەڵام سنوور بۆ خۆی سنوورە، کە بە هۆیەوە دان بەوی دیکەدا دەنێت. سنوور بەرهەمی ڕێکەوتننامەیەکە، یان بەلایەنی کەمەوە دروستبووی پاش دانوستانێکە، دەزانین کە بەستراوەتەوە بە لەدایکبوونی دەوڵەتی هاوچەرخ وەك ئەو دەوڵەتانەی لە ئەورووپادا لە نێوان سەدەکانی سێزدەو چواردە پێکهاتن، سنوور لە سەرەتای دروستبوونییەوە بریتییە لە ددان بەیەکدا دانان، بەڵام دیوارەکان بەبێ رەزامەندیی و لە دژی بەرانبەر هەڵدەچنرێت، تەنانەت دژی خودیش بونیاد دەنرێت، ئەمە وایکرد دیواری بەرلین تا ساڵی ١٩٨٩ بە پێوە بمێنێتەوە، ئەو دیوارە بۆ ڕێگەگرتن لە هاتنەژوورەوەی بێگانان نەبوو، بەڵکو بۆ نەچوونە دەرەوەی هاووڵاتیان دروستکرا بوو، ئامانجی ئەوە نەبووە زات بپارێزێت، بەڵکو ئامانجی گەمارۆدانی خود بووە.

لە جیهانی گلۆبالیزەیشـــندا کـــە جیهانێکە بە گوندێکی بچووك نـــاوزەد دەکرێت، رەهەندەکانی لـــە کەمی دەدەن و شـــێوازەکانی ژیان تێیدا هەمەچەشنی بەســـەر شتەکاندا باڵدەکێشێت و یەك کەلتووری یەکگرتووانە زاڵدەست دەبێت و هـــەوڵ دەدات جیاوازییەکان نەهێڵێت و تایبەتمەندییەکان لە ناو ببات، ئیتر لەماندا سنوور رەت دەکاتەوە.

کەلتـــوورە لۆکاڵییەکان کاردەکەن تـــا جۆرێك لە راچڵەکین پیشان بدەن و میتۆدێکی پێچەوانەیی بگرنەبەر، کەواتە بە لامانەوە هیچ ســـەیر نەبێت، لە جیهانێکی گلۆبالیزەیشندا فرەناســـنامەیی کەلتووری زیاتر بن و لە هەوڵیشدا بن بۆ ئەوەی کیانی کۆگەلانەی ئایینی و تایەفەگەری و ئیتنی تێدا بێنە حاڵەتی خۆسەلماندن.

لە ئاکامی ئەمەوە چەمکی ســـنوور مانایەکی دووسەرانە لە خۆدەگرێت، ئەگەر نەشڵێین جۆرێك لە گومان و راڕایی تێدایە، لە لایەکەوە وا دەردەکەوێت کە سنوور هەموو مانایەکی لەدەست دابێت، یان بە لایەنی کەمەوە گرنگییەکی ئەوتۆی بۆ نەمابێتەوە، لەولاشەوە دەستگرتن بە سنوورەوە بەرگرتنە لە کشـــانی جیهانگەرایی، بەئاشکراش دەستپێوەگرتنی ئەو بنەمایانەیە کە تایبەتمەندییەکان دیاری دەکەن.

لە لایەکی دیکەیشـــەوە بەو شـــێوەیە لە سنوور دەڕوانرێت، نەك وەك ئەوەی جیادەکاتەوە، یان دیاری دەکات، بەڵکو وەك ئەوەی ناوبڕ دابنێت و دیاریشی بکات، کەواتە بەو شێوەیەیە کە پێویستە لێی لابدەین: لە جیهانێکدا کە بەلایەنی کەمەوە جیهانێکە بووەتە شانۆیەك بۆ کۆگەلی و باڵباڵێن، جیهانێکە هەر بە پڕتاو کۆمەڵە بێ سنوورەکان تێیدا هەڵدەتۆقێن، یان کۆمەڵگەی مەدەنی تێیـــدا دەردەکەوت کە لە هەوڵدا بوون سنوورەکان ببڕن و دیوارەکان بسمن، بۆ ئەوەی شتێك بەرهەم بهێنن کە تا ئێستا حکومەتەکان نەیانتوانیوە بەرهەمی بهێنن.

لە جیهانێکدا کە ئەمە حاڵی بێت، وا پێویســـتە تەماشای سنوور بکرێت، وەك ئەوەی سنووردانانێکە بۆ بەردەوامیبوون و تێهەڵکێشبوون و هاوشان بوون، بە واتایەکی دی وەك ئەوەی بەربەســـت و تەگەرە بن، بەڵام لە لایەکی دیکەوە سنوور بە پێچەوانەوە دەروازەیەکە پێویستە لێوەی دەربچیتە دەرەوە، وەك دەستنیشانی خود دەکات و سنوورداریشی دەکات و لەوانی دی جودای بکاتەوەو هاوکات پێیانەوەت ببەستێتەوە. ئەم واتا راڕا و گوماناوییە لە رووی دەروونییەوە لێی دڵنیا دەبین کە بمانەوێت سنوور ببڕین. سنوور ئەو خاڵەیە کە هەست بکەین ئێمە نیشـــتمان و ماڵی خۆمـــان بەجێدەهێڵین بۆ ئەوەی بە رووی دەرەوەدا بکرێینـــەوە، نیگەرانییەك یەخەمان دەگرێت، بەوەی هەر ســـاتەوەختێك بێت، ئێمە دەکەوینە بەردەم ونبوون و پەرتەوازەیـــی، دەکەوینە بەردەم ونبوون کە ناســـنامەمان بســـەلمێنێت، بۆیە جۆرێك لـــە نیگەرانی و بێ متمانەیی و گومان خستنە سەر پاســـپۆرتی ناساندنمان دەکەوێتەوە، یـــان بە لایەنی کەمەوە ئەگـــەری زۆر هەبێت بۆ ونبوونی پاسپۆرت، بۆیە ترسێکمان لێ دەنیشێت بەوەی هەڵەیەك لە هەڵەکان ئەنجام نەدەین، هەر هەوڵێك بۆ پەڕینەوە لە سنوور بریتییـــە لە مەینەتییەك بۆ شـــوناس و تاقیکردنەوەکانی، هەڵسەنگاندنێکە بۆ ئاستی ڕەزامەندیی بەرامبەرمان لەسەر ئێمە، یان بتوانێت پێشوازیمان لێ بکات.

وێڕای ئەوەش ئەو خەسڵەتەی سنوور جودا دەکاتەوە ئەوەیە کە ســـنوور بریتی نییە لە دیواری داخراو، بەڵکو کرانەوەیە بەڕووی دەرەوەدا، ئەگەر بەو شـــێوەیە بێت سنوور نە شت جـــودا دەکاتەوەو نـــە لێکدادەبڕێت، بەڵکو جەمســـەرەکان دەردەخات، تا لێکیان ببەستێتەوە، لە کاتێکدا دروستکردنی دیوار دەلالەتە لەسەر نەتوانینی کەلتوور لەسەر ددانپێدانانی ئـــەوی ترو لەپاڵدا نیشـــتەجێبوون لە تەکیدا، ســـنوور بە پێچەوانەی ئەمەوەیە، شـــتێکە رێدەدات بە پێکگەیشتنی ئەوی دی، بەڵام دیوار بـــە رووی ئەوانی دیکەدا هەموو پەنجـــەرەو کەلێن و قاپییەکان دادەخات، بەڵام ســـنوور بۆ خۆی ســـنوورە، کە بە هۆیەوە دان بـــەوی دیکەدا دەنێت.



سنوور بەرهەمی ڕێکەوتننامەیەکە، یان بەلایەنی کەمەوە دروستبووی پاش دانوســـتانێکە، دەزانین کە بەستراوەتەوە بە لەدایکبوونی دەوڵەتی هاوچـــەرخ وەك ئەو دەوڵەتانەی لە ئەوروپادا لە نێوان ســـەدەکانی سێزدەو چواردە پێکهاتن، سنوور لە سەرەتای دروستبوونییەوە بریتییە لە ددان بەیەکدا دانان، بەڵام دیوارەکان بەبێ رەزامەندیی و لە دژی بەرانبەر هەڵدەچنرێت، تەنانەت دژی خودیش بونیاد دەنرێت، ئەمە وایکرد دیواری بەرلین تا ســـاڵی ١٩٨٩ بە پێوە بمێنێتەوە، ئـــەو دیوارە بۆ رێگەگرتـــن لە هاتنـــەژوورەوەی بێگانان نەبوو، بەڵکو بۆ نەچوونە دەرەوەی هاووڵاتیان دروســـتکرا بـــوو، ئامانجی ئەوە نەبووە زات بپارێزێت، بەڵکو ئامانجی گەمارۆدانی خود بووە. بە پێچەوانەی ئەمەوە ســـنوور بۆ گەمارۆدانی خود دانارێژرێت، بەڵکو بۆ چەســـپاندنی و دیاریکردنی ئەوی دیکەیە، بۆ میوانداریکردنی ئەوی دی پێویســـتە کە جێ و رێم هەبێت و ماڵـــم هەبێت، دەرگای ماڵەکەمـــی بۆ بکەمـــەوە، بەڵام دەزانم کـــە ئەوە مافی مـــن نییە،، کاتێك ســـنوور دەبڕم و دەچمە ناو ســـنووری ماڵـــی ئەوی دیکەوە، ئەوە رابگەیەنم کە من لە ناو ماڵی خۆمدام، بەم شێوەیە و لەم حاڵەتەدا دەبمە ئاوەدانکەرەوەیەك. داگیرکاریی تەنیا تێکەڵییەك بوو لە نێوان ســـنووردانان و رەتکردنـــەوەی، بڕیارێکی داگیـــرکار بوو بەوەی خۆی لە ناو ماڵی خۆیدایە، جا لەهەر شـــوێنێك بێت، رەتکردنەوەی ئەوی دی بوو بە خود و شـــوێنەکەیەوە. بەو شێوەیە ئەوەی ســـنوور جیادەکاتەوە بەو گومانانەی هەمانە، وێڕای ئەو مانا شـــاراوە سلبییانەی پێوەی لکاوە، تەنیا ئەوە بەسە کە لە دژی دیوارەکان بمانکوتێت، چونکە جیهان بە بێ سنوور هیچـــی لێ دەرناچێت لە بیابانێك زیاتر کە تیلمەگڵەکانی هاوشێوەی یەکترن، هەموو شـــتێك کە بە تەنیا بێت، ئەوا تێیدا ون دەبێت، جیاوازی تێدا دەمێنێت، تا یەکلابوونەوەی سادەو رتووشکراوی تێدا گشتگیر بکرێت.



---

*** بیرمەندی مەغریبی و ئوستادی فەلسەفە لە زانکۆی ڕیبات**